**کۆکردنەوەی شەونمی شیعر**

**ئەزموونی شیعریی و ئەدەبیم**


1980- 2015

**کەریم دەشتی**

**هەولێر**

**٢٠١٨**

* ناوی کتێب: کۆکردنەوەی ئەزموونی شیعر
* ناوی نووسەر : کەریم دەشتی - -1955 - هەولێر
* ژمارەی سپاردن: (          ) ساڵی (          ) هەولێر
* چاپی دووەم
* ئیمێل karimdashti59@yahoo.com
* ژمارەی مۆبایل 07504512785
* وێنە شاعیر : هێلکاری هونەرمەند محمد اسماعیل
* مافی چاپ و بڵاوکردنەوەو کۆپی و وەرگێڕانی یا دووبارە بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو کەسێکە، تەنها مەرجێ کەدەبێ رەچاو بکرێت ئەوەیە نابێ دەسکاری بکرێت، دەنا دەخرێتە ژێر باری یاساییەوە.


Mohammad Ismail
24-12-2015

ئەزموونی شیعریی و ئەدەبیم

# بەشی یەکەم
# ئەزموونی شیعر

## دیوانی خاک و هەڵۆ

**١٩٨٠**

ژیان وا دەستی پێکردووە، دونیای شیعر ئاڵۆزو پڕ نهێنییە، هەمان ئەو نهێنیانەن تاوەکو ئێستا گینگڵی داهێنانی شاعیرەکان، لە نێو باوەشی نادیاری خۆیان دەشارنەوە . شیعر ژیان و ئایینی شاعیرە، ژیان بەو مانایەی، کە لە پێناویا هزری خۆی پێ دەبەخشێ، ئاینیش بەو مانایەی، کە شیعر پیرۆزییەکانی ئەون. کەم ئەزموونی شیعر هەیە لە دونیادا، هەڵگری ئەو نهێنیانە نەبێت ، شیعر پارسەنگی بابەتی ژیانی شاعیر خۆیەتی و هەق نییە شاعیرەکان، کەسی دیکەی غەیری خۆیان بئاخنێنە نێو ئەو رووبارە هەزار ڕەنگەی، کەس نازانێ لە کوێوە سەری هەڵگرتووە. من ئێستاکەش پێم وایە شیعر تاقانەی شاعیرەو بەس، هەر هەوڵێک بۆ بە شداری کردنی ئەوانی دیکە لەو ئەزموونە، کە تایبەتە بە خودی شاعیرەوە، مایەی دارمانی خودی شیعرە. دوا بە دوای خوێندنەوەیەکی زۆر و بە دوا داچوونێکی زۆری رۆشنبیریی فرە بابەت ، دوا بە دوای خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتە شیعرییانەی کە لەو سەردەمەدا دەستم دەکەوتن و هەوڵی نووسینیانم دەدایەوە ، کە ئەوان سەردەمان لە سەر دەستی کۆمەڵێک شاعیر بڵاو دەکرانەوە و خەڵک و خوێنەران بە ئەشقێکی زۆرەوە دەیانخوێندەوە, ئەو دەم ئەو ئەشقە هەر بە تەنها ئەشقی کتێب و بەرهەمی ئەدەبی نەبوو، بەڵکو ئەشقی تێگەیشتنیش بوو لە پێگەو ماهییەتی ژیانی گەلەکەمان، کە دەڵێم ئەشقی خوێندنەوە، ئەوە هەر بەراستی پەیوەندی نێوان خوێنەران و کتێب، پەیوەندییێکی زۆر بە تین و تاو بوو، بە تایبەت کە نەتەوەکەمان بە باروزروفێکی زۆر ناهەمواردا تێدەپەڕی، غەرقی کارەسات و مەینەتیی دەستی داگیرکەران بوو بوو، غەرقی دواکەوتوویی و ڕێژەیەکی زۆری

نەخوێندەواری و شکستی ئابوریی و ژیانێکی کۆڵەوار و نەهامەتی بوو بوو، لەوان سەردەمانیشدا، بەرهەمی ئەدەبی و شیعری زۆر باش بڵاو دەبوونەوە، کە دەڵێم زۆر باش مەبەستم ئەوەیە بڵێم ، بۆ ئێمە مانان شتی زۆر تازەو پڕ بایەخ بوون، ئێمە لە سەرەتای دەست پێکردندا بووین، لە سەرەتای بوونەوەدا بووین سەبارەت بە بەرهەمی ئەدەبی، ئەو سەردەمەی کە شاعیرانی ئێمە، یاخود نەوەی ئێمە دەستی بە شیعر نووسین کرد، خاک و نیشتیمان لە ژێر تای خوێن و برین دەیناڵاند، دژمنان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی ڕۆحی نەتەوەی دابوو، هیچ مەودایەک بۆ شاعیر نەمابۆوە، جگە لەوەی کە بە شیعر گوزارشت لەو ئازارە بکات، بۆیە زۆربەی ئەوانەی کە شیعریان هەڵبژارد، سەرەتا بۆ ئەوینی خاک و نیشتیمان دەستیان پێکرد، بەڵام ئەو کات هەتا مەسەلەی خۆشەویستیش لە ڕێگەی ئەوینی خاک و نیشتیمانەوە، گوزارشتی لێدەکرا، سنورێک نەمابوو لە میانی ئەوینی خاک و خۆشەویستی کچێک، نووسەرانیش لەوانەی کە لە دەورو بەرماندا بوون، لە ژمارەی پەنجەکانی دەست دابوون ، هەموو ئەوانەیش کە هەبوون ، بەڕاستی لە نێو ئەو ئیمکانیاتە ئەدەبیە کەمەی ئەو سەردەمدا، بەرهەمەکانی خۆیان بڵاو دەکردەوە، من خۆم کە تازە گەنج بووم، زۆرم هەوڵ دەدا ئەو نووسەرانە ببینم و لە نزیکەوە سەیریان بکەم، خودانی ئەو بەرهەمانە ببینم، کە ئەوە بەلای منەوە وەک ئارەزوێکی زۆر بە تین و تاو وابوو، بەڵام نازانم ئایا هۆیەکە من بووم، کە دوای ئەو هەموو گەڕانە نەمتوانی کەسێ لەوانم بەرچاو بکەوێ، یا ئەوان بوون کە زۆر کەم لە کوچەو کۆڵان بازاردا دەبیندران، لە بیرمە من هەر نەمتوانی و نەمتوانی پەشێو ببینم، هەتا لە وڵاتیشدا نەماو بۆ یەکجاری هەولێری بە جێهێشت، زۆر جاران بە ئەنقەست خۆم نەخۆش دەردەخست و دەچوومە خەستەخانەیەک کە تایبەت بوو، هەر لەبەر خاتری ئەوەی بێخەوی شاعیر ببینم، کە ئەو کات کارمەندی ئەوێکەوە بوو ، یاخود زور جاران دەچوومە

بەردەم قوتابخانەیەک وابزانم قوتابخانەی بۆتان بوو، هەر لەبەر ئەوەی کەریم شارەزا لەویٚ مامۆستا بوو، زۆر بە شەوقەوە چاوەڕوانیم دەکرد کە بێتە دەرەوەو ببینم، ئاخر ئەو دەمی من تازەلاوێکی هەرزەکار و کەم ئەزموون بووم، ئەوانە بۆمن زۆر گرینگ دەهاتنە بەرچاو، کە بەراستیش گرینگ بوون ، مرۆڤی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەر بوون ، زۆر جاران لە گەڵ سپێدەی بەیاندا دەچوومە دەرەوە تا پەشێو ببینم کە بەیانیان زوو کاری دەکرد، من نەمدەزانی بەڵام گویٚ بیست بوو بووم، کە سپێدان زوو کار دەکات ، بەداخەوە قەت ڕێک نەکەوت کە لەوان سەردەماندا ئەو زاتانە ببینم، من نازانم چ ئەنگیزەیەک هانی دەدام، تا ئەوانە ببینم ، بەڵام هێندە شەیدای شیعر بووم، کە ئێستا بیری لێدەکەمەوە سەرسام دەبم ، یەکەمین کەس لەو نووسەرانە کە بینیبێتم و بە دیارییەوە وەستا بم، شاعیری گەورەی کورد پیربالٚ محموود بوو، ئەودەم ناووناوبانگی ئەوم بیستبوو، بەراستی قەت لەبیرم ناچێتەوە، وەک پەیامبەرێکی مەزن دەهاتە بەرچاوم، بەڵام داخەکەم هێزو جورئەتی ئەوەم نەبوو، لێی نزیک ببمەوەو پێی بڵێم قوربان چەند حەزدەکەم قسەیەکت لە گەڵ بکەم، بۆ گەنجێکی تازەو شەرمن کارێکی زۆر زەحمەت بوو، ئاخر من وەکو کەسێکی زۆر گەورە و بە هێز ئەوانەم ئەندێشە دەکردو پێم وابوو ئەوانە مرۆڤی سادەنین، کە بەڕاستیش هەر وا بوون، نموونەی توێژێکی زۆر گەورەو ڕۆشنبیر بوون. لە شارەکەی مندا، تەواو لەو سەردەمەی من باسی دەکەم، ئەوانەی کە زۆر ناودار بوون، هەر ئەوانە بوون، ناوی مەحمود زامدار و سەرسام و مەجید ئاسنگەر و عەبدوللا حەداد و سامی شۆرش و جەوهەر کرمانج و پەرۆش و پەژار و هەندێکی دیکەم دەبیست ، پاشان بە ناوی وەک عەباس عەبدوللا کاردو گەلالی و هەندێکی تریش ئاشنا بووم، بەڵام کەمتر، من لە دوورەوە ئەوانەم دەخوێندنەوە، بۆ من رابەر و پێشەنگ بوون، بۆمن کۆمەڵە خەڵکێک بوون لە جیاتی هەمووان بیریان دەکردەوە.

من هەمیشە دەمخوێندەوە، بە تایەت خوێندنەوەی شاعیرانی کلاسیک ، کە ئەو دەم ئەو کتێبانە تەنها لە کتێبخانەی گشتی دەست دەکەوتن، بۆیە هەمیشە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا کە ئەوانیش شەیدای ئەدەب و ڕۆشنبیری بوون، لەوانە هەنەرمەند قەرەنی جەمیل و کەریم سۆفی و سلێمان خالید چەند کەسیکی دیکە، هات و چۆی کتێبخانەی گشتیمان دەکرد، دەتوانم بڵێم لەو سەردەمەدا هیچ دیوانێکی شیعری کلاسیکی نەما بوو، ئێمە لەو کتێبخانەیەدا وەرمان نەگرتبێ بۆ خوێندنەوە، شیعری کلاسیکی کوردی، هێجگار گرینگ بوو بۆ ئێمە، چونکە بناغەیەکی پتەویان بۆ من و هاوڕێکانم دارشت، بناغەیەک ئێستێشی لە گەڵدابێ، ئێمەی لە سەر پێی داهێنان ڕاگرتووە، کە من پێم وایە بۆ هەر کەسێ بیەوێت شارەزای دونیای شیعر بێت، دەبێ ئاگاداری کولتوری شیعری کلاسیک بێت، دەتوانم بڵێم شیعری کلاسیک بوو، منی خستە ناو دونیای شیعر و فێرە ئەلفابای ئەدەب و رۆشنبیری کردم، فێری کردم چۆن نیشتیمانی خۆم خۆشبوێ، چۆن ئەوین خۆشەویستی بکەم بە هەوێنی شیعر و چۆن کردارو رەفتارو قسەم یەک بن. من لەو مەودایەدا وردە وردە شارەزای دونیای ئەدەب و ڕۆشنبیری دەبووم، شارەزای زمان دەبووم، شارەزای مێژووی نەتەوەکەم دەبووم، هەر بەم ئەزموونەوە دە ساڵی ژیانی سەرەتایی ئەدەبی خۆم بە سەر برد.

دێمەوە سەری باسەکە و دەڵێم: جگە لەوەی لە هەمان کاتدا خوێندنی قوتابخانەشم بە پلە یەک حسێب دەکرد و دوا نەدەکەوتم، چونکە من پێم وابوو، ئەوەی بیەوێ لە کارە ڕۆشنبیریی و ئەدەبیەکانی خۆی سەرکەوێ، دەبێ لە ڕێگەی خوێندنەوە، بەسەر دونیادا ببێتەوە، دەبێ سەرمەشق بێ بۆ نەوەکەی خۆی، ئەدەبیات تەمەنی دەوێ، ئەزموونی دەوێ ، بۆ ئەوەی خۆمان لە سەر پێی خۆمان ڕاگرین ، هەر ئەوە بوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، باوەڕی من سەبارەت بە ڕۆڵی رۆشنبیریی گەورەتر و بە تین تر دەبوو. ئێمە کۆمەڵە گەنجێک بووین، ژمارەمان کەم بوو، ژیانی ئێمە سەرەڕای

ناهەمواری و هەژاری، پڕ بوو لە شەوق و زەوقی ئەدەبی، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند تەمەنمان بچووک بوو، بەڵام لە خەمی نەتەوەکەی خۆشماندا بووین، هەلبەت لەو ماوەیەشدا، هەمیشە هەوڵی ئەوەمان دەدا، ئەو بەرهەمە شیعرییانەی خۆمان، لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا بڵاو بکەینەوە کە هەبوون، بەڵام ژمارەیان زۆر کەم بوو، ئەگەر نەڵێم وەک نەبوو وابوو. بە سەدان جار بەرهەمەکانی خۆمان دەنارده ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە، بەڵام هیچیان بڵاو نەدەبوونەوە، چونکە لە سەرەتادا بووین و بەرهەمەکانمان لاواز بوون، ئەمە وەزعی سەرەتامان بوو. دوا بە دوای درێژ بوونەوەی ئەو ئەزموونە پڕ لە عەشق و ئەوینەی شیعر، کە بوو بوو بە خوێنی ژیانی ئێمە، دوا بە دوای تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و چوونم بۆ بەغدا، بۆ یەکەمین جار لە بەغدا، لە کۆتایی ساڵی هەشتا دیوانی -خاک و هەڵۆ-م نووسی و ناردم بۆ چاپ، ئەودەم چاپ کردنی کتێب کارێکی ئەستەم و دژوار بوو، تەنها دەزگای ڕۆشنبیریی بەغدا هەبوو، کتێبان چاپ بکات ، ئەوەش بڵێم بەر لە ناردنی دیوانی خاک و هەڵۆ یەک دوو جار شیعرم لە گۆڤارو ڕۆژنامەدا بڵاو کرابۆوە، من لە کولیژی ماف بووم، ئەو کولێژەی هەر لە سەرەتاوە وەڕەسی و بێزاری بۆ دروست کردم و تا تەواویش بوو هەر لێی بێزار بووم ، ئاخر من حەزم لە ئادابی ئینگلیزی بوو، کە دیوانی خاک و هەڵۆم نارد بۆ چاپ، جاری یەکەم لەلایەن دەزگای ڕەقابە ڕەت کرایەوە و بۆجاری دووەم پەسەند کرا، بەڵام لە کۆتایی دوا ساڵی خوێندنمدا، دیوانی خاک و هەڵۆم بۆ چاپ کرا، ئیدی پێم وابوو، من تازە لە دایک بوویم و سەراپای دیدگای گۆڕیم، بە تایبەت کە ئەو دیوانە زۆر باش بە ناو خەڵکدا بڵاو بۆوە، زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانە گریانی خاک بوو، لاواندنەوەی ڕۆحی مرۆی کورد دەهات، فرمێسک و حەسرەتی تاکی کورد بوو، لێتان ناشارمەوە ئەوەندەم شایی بەو دیوانە بوو، کە ئێستاش

له نێو خۆشییەکانی ئەو دیوانەدا ژیانی ئەدەبیم بەردەوام پێدەدەم، دیوانی خاک و هەڵۆ یەکەم ئەزموونی منە، لە مەودای شیعردا هەڵگری شوناسێکی دیاری ئەو دەمی شیعری کوردییە، جیهانبینی ئەو دەمی من سەبارەت بە شیعر سادە بوو، من ئەوان دەمان پێم وابوو شیعر دەبێ بەشێکی گەورەی خەمەکانی نەتەوە هەڵگرێت، ئەوش لەوەوە سەریهەڵگرتبوو، کە ئێمە ژێر دەست کۆیلەی دەستی زۆرداریی بووین، خوێنمان دەبینی بە ناهەق دەڕژا، شارو گوندی خۆمان دەبینی خاپور و وێران دەکرا، کولتورمان ڕەشدەکرایەوە، زیندە بە چاڵ دەکراین، هەلبەت هەموو شیعرەکانی ئەم دیوانە ڕەنگدانەوەی ئەو بوویەرە سەخت و دژوارە بوون، هەتا ئەو شیعرانەیش کە بۆ جوانی و ئەوین نووسراون، ئەوانیش تێکەڵ بەم بوویەرە کراون. تاوەکو ئێستاش، دیوانی ( خاک و هەڵۆ) یەکەم ئەزموونی خۆشەویستی منە، هەموو شیعرەکانی لەو چرکانەدا نووسراون کە نەتەوەکەم لەژێر تەپ و تۆزی هێزی دژمن غەرق بوو بوو، بۆیە هەر پارچەیەک لەو شیعرانە وەرگریت، لەنێو نائومێدییەکی گەورەدا غەرق بووە، نائومێدییەک، لەوەدا سەری هەڵداوە کە ڕۆحی نەتەوە، بە پۆلای داگیرکەران گەمارۆدراوە و مەودای یەک تاکە جریوەی نەماوە. من گوزارشتم لەو بێدەنگییە مێژووییە کردووە، کە نەتەوەکەمی نوقمی ونبوون کردبوو، باسم لەو هاوارە کردووە، کە لەسەدەکانی زۆر دوورەوە، دەگەیشتە گوێم و هیچ وەلامێکمان بۆ نەبوو، باس لەکوشتنی جوانی دەکەم، باس لەمەرگی مرۆڤ دەکەم، بەڵام نەهاتووم دروشم داڕێژم، بەڵکو شیعرم داڕشتووە و لەژێر پەردەی ئێستەتیک تان وپۆم پێداوە. من پێموایە دروشم لەشیعردا، چ جیاوازییەکی لەگەڵ خودی داگیرکەردا نییە، هەر ئەو دروشمەو دروشمکارییە بوو، ساڵانێکی دوور و درێژ ئەدەب و شیعری کوردی کوشت و تووڕی هەڵدانە ناو مەرگ. خەبات کردن لەپێناو داهێنانی پوختی شیعریی سەختە، وەکو خەبات لەپێناو ڕزگاربوون، ڕزگارکردنی شیعر لە پۆخڵی، ڕزگار کردنی نەتەوەیە،

نابێ بەکەم بایەخەوەی وەرگرین. من لەدیوانی خاک و هەڵۆدا وامکردووە، هەڵبەت ئەزموونی سەرەتایی منە، ناڵێم کامڵە، بەڵام بۆ ئەو سەردەم، کە هەمووی دروشم بوو، من توانیم ئەو دروشمانە بە دوورخەمەوە لەخۆم، هەر بۆیەش ئیرۆکە دوای زیاتر لە سی ساڵ دەڵێم: دیوانی ( خاک و هەڵۆ) یەکەم ئەزموونی هەڵوێست و خۆشەویستی منە .

## ٢
# دیوانی تەمە سپییەکانی ڕۆح
## ١٩٨٨

هەفتاکان جومگەیەکی گرینگە لە مێژوی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەدیب و شاعیرانی ئەوان سەردەمان ڕۆلێکی گرینگیان گێڕاوە، لە هەولەکانیا بۆ دامەزراندنی پرۆژەی کولتورو ڕۆشنبیریی نەتەوەی کورد. ئەوان لە بارێکی زۆر ئالۆزەوە کەوتنە سەر بارێکی سەختترەوە ، ئەو دەم ئەوان تەنها بە هیوای ئەوەبوون، کە ئەدەب و کولتوری کوردیی لە تەپ و تۆزی نەمان ڕزگار بکەن و هەولێک بدەن بۆ زمانی کوردی و خەڵکی لە شتەکان بێدار بکەنەوە. لەمەشدا دەوریان هەبووە، بەرهەمێکی زۆریان پێشکەش کردووە کە شایانی ئەوەیە بە چاوی بەها سەبریان بکەین، ئەوانەیش کە ڕەخنەیان لێ دەگرن ، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن، ڕەخنە گرتن لە بەهایان کەم ناکاتەوە، بۆنموونە بزوتنەوەی ڕوانگە لە هەفتاکان هاتەکایەوە، کە بزاوتێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوو، ئەوانەی بەشداریان لە دامەزراندنی ئەو بزاوتە کرد نووسەری بە توانابوون، کاریگەریی خۆیان هەبووە، لەڕووی ئەدەبیاتەوە شیعر و چیرۆکێکی زۆریان پێشکەشکردووە، ناکرێ ئێمە بەبێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن ڕەشیان بکەینەوە. ئەگەر بمانەوێ پرۆسەیەکی بەهێزی ڕەخنە دروست بێت، دەبێ کارەکانمان لەسەر بناغەی میزاج نەبێت، چونکە لەسەردەمی ڕوانگەدا پرۆسەی ڕەخنە بە ڕەهەندێکی دیکە بەردەوام بوو، لەم ڕووەوە بەشدارییەکی باشیان کردوە. دوای بڵاوکردنەوەی دیوانی (خاک و هەڵۆ) ناوی منیش کەوتە نێوەندی ئەدەبی ڕۆشنبیرییەوە، لە ڕێگەی ئەم دیوانەوە خوێنەرانێکی زۆرم دۆزییەوەو ئاشنای خەڵکێکی زۆر بووم، لە وانەی کە شەیدای خوێندنەوەی شیعر بوون، من هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەدەکرد، کە ئەو دیوانە شیعرییەم،

بەمجۆرە پێشوازی لیٚ بکریٚ، ئیدی لە ڕێگەی ئەو دیوانە شیعرییەوە، لە سنوری هەولێردا پەڕیمەوە ناو شارەکانی دیکەی کوردستان، جا لە بەر ئەوەی ئەم دیوانە لە بەغداو لە دەزگای بڵاوکردنەوە کوردی چاپ و بڵاو کرایەوە، بۆ هەموو شارەکانی کوردستان دابەشکرابوو، ئەوە بۆمن گرینگ بوو، بۆیە دەڵێم شیعر هۆیەکی مرۆیی گرینگە بۆ پەڕینەوەی شاعیر بۆ ئەو دیوی مەرزەکان، پەڕینەوەیە بۆ ناو زەینی خەڵکانێک تۆ هیچیان لە بارەوە نازانی، شیعر پاکترین وەسیلەیە بۆ دروست کردنی خۆشەویستی ئەوانی دیکە بۆ خۆت، بۆیە دەبیٚ تەواو ڕێز لە شیعر بگرین و بزانین چۆن مامەڵە لە گەڵ نووسینی شیعر دەکەین، مرۆڤ لە ڕێگەی شیعرەوە دەتوانیٚ شانازی بە خۆیەوە بکات، چونکە شیعر دروستکەری ئازادییە، ئەو ئازادییەی کە زرورەتێکی ئەبەدیی مرۆی شاعیرە، دیوانی خاک هەڵۆ ئەو دەرگایەی بۆ کردمەوە کە من نەمدەزانی قەفتەی ئەو دەرگایە لە کوێیە، بۆیە هەمیشە ئەو دیوانەم خۆشدەویٚ، ڕەنگە ناونیشانی دیوانەکەش هێزو گوڕێکی زۆری بە ڕۆحیەتی شیعری من بەخشی بیٚ لەو سەردەمە،  ئەلێرەوە ئەو قسەیەش دەکەم سەبارەت بە شیعر و دەڵێم: شیعر دەوارێکی گەورەی مرۆڤایەتییە و دەتوانیٚ هەموومان لە ناو ڕازەکانی خۆیا کۆکاتەوە، ڕێک دوای زیاتر لە حەوت ساڵ دیوانی دووەمی شیعری خۆم بە چاپ گەیاند بە ناوی ، تەمە سپییەکانی ڕۆح، لە بەرایی ئەو دیوانەدا نووسیوومە: هەر شیعریٚ لە ڕۆح بترازیٚ هەپروون بە هەپروون دەبیٚ، ئەو سەردەمەی ئەو دەستەواژە پڕ مەترسیەم نووسیووە، مەودای بیرکردنەوەی شیعریم، هێشتا لە ئایدیاکانی دیوانی یەکەم بە تەواوی دەربازی نەبوو بوو، بەڵام خوێندنەوەی بەردەوامی ئەدەبیات و مەسەلە ڕۆشنبیرییەکان و خوێندنەوەی ئەزموونی شاعیرانی دونیاو دیالۆگی ڕۆژانەی ئەو سەردەمی نێوەندی ئەدەبی، بەلوەرەی ئەزموونێکی دیکەی

نووسینی شیعری کردم،  سەراپای جیهانبینی شیعری گۆڕیم، منی لە ناو ڕاڕەوەکانی خەمی نەتەوەیی بردەوە ناو ڕاڕەوەکانی خەمی مرۆیی بە گشتی، بەو چەمکەی کە خەمەکانی هیومانیزمی جێگەی خەمەکانی نەتەوەی گرتەوەو چەمکی شیعر بوو چەمکێکی ئینسانی، ئەمە لە مندا گۆڕانێکی زەحمەت نە بوو، چونکە من تەواوی بیرکردنەوەم لە سەر ئەوە چەقبەست بوو بوو، کە دەبێ شیعر لە خزمەتی ئایدیا مرۆییەکانەوە بێت، بەڵام لەنێو کەش و هەوایەکی ئینسانی دوور لە دروشم و دورشمبازی، بەڵام وەک گووتم ئەو هەوایە لە زەینی مندا، بوو بە کۆمەڵێک شوفرەو دال و مەدلوولی دیکە و ئەزموونی شیعری منی گۆڕی، کەوتمە سەر پەنا بردن بۆ سیمبۆلە ئەفسانییەکان و سیمبۆلە جیهانییەکانی شیعر، هەر لە ڕوانگەی ئەو بیرو بۆچوونە بوو، کە تەواوی دیوانی تەمە سپییەکانی ڕۆح بوو بە ڕەنگدانەوەی ئەو چەشنە لە بیرکردنەوەو ئەم تەرزە لە بینین، بەمجۆرە شیعر یاخود پرۆسەی شیعر، لە ئاستی کفکفانی نەتەوەو سووتان بە خەمی  کارەساتەکان بوو بە پرۆسەی دروستکردنەوەی دونیایەکی دیکە جیاواز لە بابەت و جیاواز لە تەکنیک و جیاواز لە مانا، شیعرەکانی دیوانی تەمە سپییەکان شیعری خەڵق کردنی بابەتن، لە ڕەمزە ڕۆشنبیرییەکان و خوێندنەوەی بابەتە شاراوەکان، کە هەبوون و من پەیم پێ نەبردبوون، بە کورتی لە دیوانی تەمە سپییەکاندا، هەوڵم داوە ئەوەی کە دەمخوێندنەوە دووبارە لە شیعرەکاندا خەڵقیان بکەمەوە، بەڵام بە دیدو بە بینینی خۆم، بۆیە ئەوەی شیعرەکانی دیوانی تەمە سپییەکان بخوێنێتەوە، یەکسەر هەست بەو گۆڕانکارییە جەوهەرییە دەکات لە بینین و دیدگای منی شیعردا، ئەمانە هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی من گۆڕا، سەرچاوەی خوێندنەوەکانم گۆڕا، شتە کۆنەکان لە چاوی مندا بەسەرچوون و شتی تازە جێگەی گرتنەوەو دابڕانێکی مەعریفی لە ئەزموونی مندا هاتە کایەوە، جاران بە زمانێکم دەخوێندنەوە ئەوسا

بوو بە یەکدوو زمان، دیالۆگی من لە گەڵ نێوەندەکەدا لە گەڵ کەسانی دیکە دەستی پێکرد، لە تەوری خوێندنەوەی سادەوە چوومە نێو تەرزی خوێندنەوەی قووڵ، بەشداریم دەکرد لە بابەتە ڕۆشنبیرییەکان و مەودا بۆ بڵاو کردنەوە فراوانتر بوو، گووتارو وتار، دەربارەی شیعرەکانم دەنووسران، لەملاو لەو لا ناوم دەهات، ئیدی هێندەی دیکە کارەکەم قورستر دەبوو، هەموو ئەوانە وای کرد، کە دیوانی تەمە سپییەکان بە جۆرێکی تر بکەویتەوە، بۆ ئەوەی پرۆفایلێکی ئەم دیوانە باس بکەم، دەبێ بڵێم تەمە سپییەکانی ڕۆح کۆمەڵە شیعرێکی  تازە بوون، لە ڕووی ئەزموونی هەستی هاوچەرخدا، واتە کۆمەڵە شیعرێکی –حسی- تازە بوون ، هەمووی پەیوەست بوون بە سیمبۆل و بە کارهێنانی ڕەمزە گرینگەکانی ئەدەب لە پێناوی گوزارشت کردن لە باری سایکۆلۆژی مرۆڤی ئازاردراو ، گوزارشت بوو لە تاکی شیعر، بەڵام بە زمانێکی تۆکمەی شیعرامێز، لە ڕاستیدا من ئەو سەردەم شیعرەکانی مالارمێم زۆر دەخوێندەوە، کە شاعیرێکی ڕامانئامیزو هەستەکی گەورە بوو، واتە ڕامان ودامان، هەروەها شیعرەکانی سان جۆن پیرس و ئێلیوت و ڕامبۆ و بۆدلێرم دەخوێندنەوە، کاریگەرێتی ئەو پرۆسەیەی خوێندنەوەی بەسەرەوە هەبوو، لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بایەخێکی زۆری پێدراو مایەی سەرنجی خەڵک بوو، زیاتر گوزارشتی لە ڕۆحی بریندارو روخاوی ئینسان دەکرد، لەوێدا سوودێکی زۆرم لە ڕەمزە خۆماڵی وجیهانییەکان وەرگرتووە، زمان لەو دیوانەدا زمانی شیعری پاڵاوتەیە، هەلبەت وەک پێشتر باسم کرد، ترسی رژێم بەردەوام لە نێو زەین و بیری ئەدیب و ڕۆشنبیراندا هەبوو، ئەوانەی کە لە شار بوون ، ئێمە ئەزمونێکی دوورو درێژمان هەیە لە ترس لە ڕژێم، بە تایبەت لەو کاتانەی کە دیوانێکمان بە چاپ دەگەیاند، بۆیە لە چاپکردنی دیوانی تەمەسپییەکانی ڕۆحدا هەمان ئەو ترسە هەر بەردەوام بوو، لەتەمە سپییەکاندا ئەزموونی شیعری من جیاواز بوو ، سەرچاوەکانی خوێندنەوەم

جیاواز بوون، لە گەڵ سەرچاوەی قۆناغەکانی دیکە، ،بۆ نموونە زمان لە سەردەمی دیوانی تەمە سپییەکان جیاوازە لە گەڵ زمانی پێش ئەو دیوانە، فۆرم و ناوەرۆک جیاوازە، ئەگەر لە دیوانی تەمە سپییەکاندا بابەتەکان جۆرێک لە سەنگینی ماناو زمانی ویستووە، بەڵام لە دیوانەکانی دوایی دا ڕەنگە پێویستی بەوە نەبووبێت ، بابەت و زمان شیعر دەگۆڕێ، بەڵام شیعر لە پرۆسەی خۆیدا خەسڵەتەکانی جاویدانی خۆی دروست دەکات.

٣
## دیوانی پیانۆی ڕۆژهەڵات
٢٠٠٠

دیوانی تەمە سپییەکان کەوتە بەردەستی خوێنەران، لە چاپکردنی ئەم دیوانەدا خوێنەرانی تازەم دۆزییەوە، ئەوسا زانیم شاعیر چەند بە ناو ڕەوەزە سەختەکانی شیعردا بچێ، ئەزموونی ئەوەندە بە قوڵایی دادەچێ و باری قورستر دەبێت. بە چاپ کردنی دیوانی تەمە سپییەکان دیدگاو لێکدانەوەم بۆ شیعر هەر لە قاوغی خۆیا مایەوە، لە گەڵ چەند گۆڕانێ لە تەکنیک و داڕسانی زمان و بوونەوە بەسەر بابەتی دیکەی ئەدەبیدا، تیمای سەرەکی دیوانی تەمە سپییەکان، بریتی بوو لە خەڵق کردنی ئەفسانە و بەکارهێنانی سیمبۆل، بۆ گوزارشت کردن لەو شتانەی کە نەماندەوێرا ڕاستەو خۆ گوزارشتی لێ بکەین، چونکە چاوی داگیر کەرەکان هەمیشە بە سەرمانەوە بوو، گومانیان لە هەموو شتێ دەکرد، جا هەندێ جار ئەو گومانەیان ئێمەیان دەبردەوە ژوورە تاریکەکان و هەندێ جاریش ڕووبەڕووی ستەمی دەکردین. سەردەمێکی تاڵ و هێجگار ناخۆشی ژیانی نەوەی ئێمە بوو، سەرەتاو بێ کۆتایی، کیمیاباران و ئەنفال بوو، کە بۆ تا هەتا تراژیدیای نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو بۆ دونیا دەگێڕێتەوە، دژمنان ڕاست و چەپ دەستیان نابووە بینەقاقای ئەم نەتەوەیە، بەڵام نووسەران کۆڵیان نەدەدا، هەریەکە و بە شێوەی خۆی گوزارشتی لێدەکرد و تاوانەکانیان مەحکووم دەکرد، دەتوانم بڵێم نووسەران ئاوێنەی گەشی نەتەوەکەی خۆیان بوون لەو سەردەمەدا، لە دوای چاپکردنی دیوانی تەمە سپییەکاندا، دوای چەند ساڵێک ئەوە بوو ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد، ڕژێم لە خاک وەدەر نرا، باروزروفێکی دیکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی هاتە ئاراوە، ئیدی سەردەمی ئابلۆقەی ڕۆشنبیریی کۆتایی پێهات، کتێبخانەکان ئاوەدان بوونەوە، پرۆسەی چاپکردنی کتێب لە هەموو

لایەکەوە دەستی پێکرد، کتێبی تازەو نوێی دونیا هاتە کوردستانەوە. تا ڕادەیەکی باش نووسەران و ئەدیبان هەوای ئازادیان هەڵمژی، دەق لە هەمان ئەو کاتەدا بوو دیوانی پیانۆی ڕۆژهەڵاتم بە چاپ گەیاند، دیوانی (پیانۆی ڕۆژهەڵات) بەکتێبی تاقانەی ڕۆژهەڵاتی دەروونی خۆمی دەزانم، نەک لەڕووی پیاهەڵدانەوە، بەڵکو لەڕووی هەڵبژاردنی بابەتی شیعرەکانی ناو ئەم دیوانەوە، زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانەپرسیارو بینینە، واتە پرسئامێزن، شاعیر لەم دیوانەدا لەژێر کاریگەرێتی سروشتەکانی وەحی و نادیاریدا دا کاردەکات و دوور دوور دەڕوانێ، هەوڵدەدا ئەوەی کە خەونی پێوە دەبینێ لەشیعردا ساغی بکاتەوەو داخی بۆ هەڵبکێشێ، شیعر لەم دیوانە ڕوخساری ژێر تەپوتۆزی ڕۆژگارو غوربەتی شاعیر دەنوێنێ و نمایشی حاڵەتەکانی گریانی ناخەوەی شاعیر دەکات. هەموو شیعرەکانی ئەم دیوانە بە کەرەستەی ڕۆح و سووتانی نووسراون، بەو مانایەی کە لەسەر زەمین دوور کەوتۆتەوە لەحاڵەتی فڕێندایە،فرین بە دوای دۆزینەوەی ئەو تیمایانەی نادۆزرێنەوە، لەوەدایە کە ئایا مرۆڤ چۆن لەسەر زەوییەک هەڵدەکات کە هەموو حەسانەوەیەکی ڕۆحی تێدا مەحاڵە؟ شیعر وەڵامی ئەم پرسیار لە خۆی دەکا، بەدوای یوتیپەکاندا دەگەڕێ، بەڵام بەداخەوە هەرگیز تیشکێ لە وەڵامی پێ نادۆزرێتەوە، بۆیە هەمیشە لەحاڵەتی سووڕانەوەدایە لە فۆرمێکی دیارەوە بۆ فۆرمێکی نادیار. ئەمە ئاشکرایە کە ئەزمونی نووسینی شیعر ئەم فەرمۆلە ڕێکدەخات، هەر وەک گوتم شاعیر گەمەکانی خۆی لە بەردەم وەبەرهێنانی مەحاڵدا ئەنجامدەدا، واتە شاعیر سەرسامە لەبەرامبەر سەرکێشیەک کە ئەنجامیدەدا و نازانی دەکەوێتە کوێی  ئەو دەهالیزەوە، ئەو بەردەوام دەبێت لە ڕۆچوون بەناو ئەو نادیارییەدا، بەڵام کە لەو سەرەوە دێتەوە، کۆمەڵێ جاویدانی دەهێنێتەوە، ئیدی دەقیان لێ بەرهەم دەهێنێ، هەر بۆیەش شاعیرانی داهێنەر لەهەر دەقێکدا کە بەرهەمی دەهێنن، سەیر

دەکەی دونیایەکی تازە دەبەخشنە خوێنەر، هەموو ئەو شیعرانەی بەم سەختیەوە دەنووسرێن سەرسامی بۆ خوێنەر دروست دەکەن، ئەمە یەکێ لەخاسیەتەکانی دەقی شیعری مەحاڵخوازە، هەڵبەت ئەگەر ئەمە لە بەر چاو نەگیردرێ جاویدان نابێ، بەرهەمی شیعریشی توانای نەمریو جاویدانی نابێ، بەرهەمێکی زۆری شیعر هەیە لە کوردستان، بەڵام دیدگاییێکی کەم هەیە بەم پێودانگە بۆ شیعر بچێ، هەڵبەت هەموو شاعیرێکیش ناتوانی بچێتە ناو ئەم پرۆسێسە، چونکە پێویستی بەقەدەرێکی زۆر لەهیلاکیو خودنخونی هەیە، پێویستی بەتاوانەوە و عەشقێکی زۆر هەیە، پێویستی بەفرێدانی کتێبێکی زۆر هەیە لەدوای خۆیەوە، شیعری چاک هەڵگرتنەوەی شتە جوانەکانی ناو زەینە، لەدوای خوێندنەوەی ئەوشتە جوانانەی، دەقە جوانەکان لەناو زەینو بیری شاعیر دروست دەکەن، جا ئایا ئێمە لەنێو سەختدارێتی نووسینی شیعر بەهەمان ئەو شێوەیەی من باسی دەکەم، چۆن دەتوانین بالانسی بکەین لەگەڵ کاتو چەمکی کات، چونکە کاتی نووسینی دەقە شیعریەکانی کە سەرسامی بەرهەم دێنن هێند تیژپەڕە، زۆرجاران قودرەتی ئەوەمان نییە بەم تیژپەڕییە ڕابگەین، بۆیە زۆر جاران ئەو هەموو مەعالیمە جوانیانەمان لە دەست دەچێ و ئەو هەموو مەرجانە ڕەنگاو ڕەنگەکانەی بیرۆکەی شیعری و شەق و جوانی ئەو ڕستانەمان لەکیس دەچێو بۆ ئەبەد جارێکی دیکە نایدۆزینەوە، هەرکاتێک ئەم کاتە تیژپەڕەی شیعرمان بۆ ڕاو نەکرا، ئێدی بۆ ئەبەد ناوەرۆکی دەقەکانیشمان لەگەڵ خۆیان دەباو دووبارە بە تەنها دەمێنێینەوە، تەنهاییو دەستەپاچەیی لەبەرامبەر ئەم کاتە تیژپەڕانەی کە مەحاڵ پێمان دەبەخشێ، ئەمانە هەمووی لە نێو دیوانی پیانۆی ڕۆژهەڵاتەوە دەبینرێن، لەچوارچێوەیەکی زەمەنی دەست نیشانکراودا، سەخت ترینو نائومێدترین ساتن بۆ ئەو شاعیرانەی کە ڕەچاوی هاتنی ئەم کاتە خوداییە دەکەن، هەر بۆیەش

شاعیر ئەگەر مەرحەمەتی مەحاڵ بەهەند هەڵنەگریَ، دەقی چاک بەرهەم ناهێنیَ، کەواتە پرۆسێسی دەستگیرکردنی مەحاڵ، پەیوەستە بە بۆسە دانانەوە بۆ پارچە پارچەی ئەو کاتە تیژپەڕانەی مەحاڵ، کە لەبەرامبەر شاعیری ڕاستەقینە لەدەستیدەدا، باشتر لەدەستی دێتە دەرەوە، من پێم باشە کێشەیەک دروست نەکەین بۆ شیعر لەنێوانی ئەم باسە سەختەدا، دەبیَ خودی شاعیر ئەمە بۆ خۆی لەبەرچاو بگریَ نەک بۆ خوێنەر، چونکە خوێنەری باشی شیعر، لە کاتی خوێندنەوەی دەقی شیعریدا، بەدوای سەرسامییەک دەگەڕیَ دڵو دەروونی ئاوبدات، مەوجوداتی زەینی پەرشو بڵاوبکاتەوەو ڕۆحی بخاتە سایەدیەوە، چونکە شاعیر تاکە پەیوەندسازە لەمیانی مەحاڵو کاتو خوێنەردا، ئەو وەستای ناو ئەو هەموو بویەرە نادیارەیە، کە یەکەمجار لەزەینی خۆی دروستی دەکاو پاشان لەزەینی خوێنەر، بەمجۆرە ئەوسیَ ئەقنومە قەبارەیەکی لێک دانەپچڕاون، لیَ پا دیوانی پیانۆی ڕۆژهەلات، سەرەتای سەرهەڵدانی زمان و ئێستەتیکایە لە شیعرەکانی مندا. هەر لەبارەی ئەو کتێبەوە رزگار شیخانی دەڵیَ: ‹‹کەریم دەشتی››یش لە بارەی شیعری ‹‹مەرگی بخور›› کە دوا شیعری دیوانی ‹‹پیانۆی ڕۆژهەلات و ئەوانی دی››ـە، نووسیویەتی: ‹‹زادەی چرکەساتێکی زۆر کورتە، ئەڤین و هەوەسێکی تەژی کەفوکوڵی تەسەووفە بە جۆریَ هەڵڕژاوە کە هەرگیز ناتوانم باس لە چۆنیەتی داگیرسانەوەیان بکەم، هێندە سادە لە ڕۆحم ترازاون کە خۆشم نازانم بۆ ئەوەندە ئەودالّیانم››. ئەم شیعرەی کەریم دەشتی، وەک بێژینکی بەر ئاوە. دەکریَ لە فەزایدا، ڕووبارێک نووسین بەناویدا بڕوات. ئەگەر ڕەخنەگر و باسنووسی کورد ئاوڕیان لەم شیعرە نەدابیتەوە، ئەوا بازیان بەسەر شیعرێکی بەرزی ئەدەبەکەیان داوە و ئەگەر جوانپەرستن و دەیانەویَ شیعری جوانی ئەدەبەکەیان بدەنە بەر تیشکی ئەوین، دەبیَ بگەڕێنەوە دواوە.

## ٤
## دیوانی درەختی حیکمەت
## ٢٠٠١

شیعرە سەرەتاییەکانی هەر شاعیرێک ، یا دیوانە بەراییەکانی هەر شاعیرێک، بەشێک لە  تواناو جیهانبینی ئەو شاعیرە دەست نیشان دەکات ، چونکە هەوڵەکانی سەرەتا هۆیەکی گرینگن بۆ ئەوەی خوێنەری شیعر یاخود لێکۆلینەوە ڕەخنەییەکان، بیکەن بە سەرچاوەو هەوێنی قسە کردن یا نووسین لە مەڕ ئەو شیعرانە. هەموو ئەوانەی کە مرخی خۆیان خۆشکردووە، لە هێنانە دی پێناسەی داهێنان لە مەودای شیعردا، دەبێ لێکدانەوەیەکیان هەبێ بۆ سەرەتای دەست پێکردنی خۆیان، من بۆ خۆم لە کتیبی بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە کارێکی ئاوام کردووە، بەڵام مەسەلەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنم بۆ خۆم نەخستۆتە بڕیارەوە، بەڵکو ئەوە کاری خوێنەران و ئەوانی دیکەیە، هەر لە دوای چاپ بوونی دیوانی یەکەمم لە ساڵی ١٩٨٠ و پاشان چاپکردنی تەمەسپییەکان و پیانۆی رۆژهەلات، ئەوە کەوتە زەینی منەوە، کە نابێ شاعیر لە میانی ئەزموونەکانی خۆیا جیاوازی نەکات و هەوڵ نەدات ئاراستە تازەکانی داهاتووی خۆی بە ئاقارێکی دیکەدا بەرێت، جیاواز بێت لە کارەکانی دیکەی شیعریی پێشووی، بۆیە کاتێ بەسەر دیوانی خاک و هەڵۆدا دەچمەوەو بەراوردی دەکەم لە گەڵ دیوانی دووهەمم، کە تەمە سپییەکان بوو، دەزانم هەم لە ڕووی زمانەوە و هەم لە ڕووی فۆرمەوە و هەم لە ڕووی ماناو بینیندا جیاوازە، هەرواش دیوانی تەمە سپییەکان لە گەڵ دیوانی پیانۆی ڕۆژهەلاتدا، کەواتە من خۆم بوویم کە هەولم داوە، ئەو جیاوازییە دروست بکەم، ئەوە هەوڵ و تەقەلای خۆم بووە، کە لە مەودای نێوان دیوانەکان سەرچاوەی خوێندنەوەکانم گەشە پێبدەم و لە ڕووی زمان فۆرم و دونیا بینیدا، گۆڕانێ دروست بکەم، چونکە ئەگەر وانەکەم ئیدی

نووسینی دیکەی شیعر زرورەتی نامینێ، لە سۆنگەی ئەوەی کە شیعر، هەوڵی بەهێزی شاعیرە بۆ کەشف کردن و دۆزینەوەی مەعالیمی تازەو بابەتی تازەو زمانی تازە، لەبابەتێکی دیدو دیدگادا گووتومە: لە ئەندێشەی ئانتۆنان ئارتۆدا، هەموو ئێش و ئازارێک، لە ناو دڵی منی ووشیارو پڕ ئاگاهیدا کاری خۆی دەکات، بۆیە دیاردەی بەکارهێنانی کەسی یەکەمی تاک لە نێو هەڵکشانی زەینی ئەدەبیدا و لە نێو ئەوانەی بە دوای حەقیقەتی ڕەهای ئەدەبیدا دەگەڕێن، بۆتە ئاینێکی گەورەی ئەو دڵانە ، هەرگیز ناتوانن خۆیان لێ ڕزگار بکەن، ئەوە بۆتە ڕوانگەی ئەوان بۆ دیتنی دونیاو تەواوی ئەوانی دیکە، هەروەها بوونەوە بە سەر دونیادا ، لە کرۆکی بابەتەکە دەڵێم، ئایا ئەدەبێکی وەکو ڕۆمانەکانی دایستوفیسکی یا شاکارە دراميیەکانی شێکسپیر، یا شیعرە مەزنەکانی بۆدلێرو ڕامبۆ و گۆران ونالی و حافز، یا ئەدەبە گەورەکانی دونیا، لە چیرۆک و شیعرو هونەر، ئەوانە لە منی نووسەرەوە، کاریان کردوە و مرۆڤایەتیان بە خۆیانەوە خەریک کردوە، یاخود وەکو -منی نووسەر- دەقەکانی خۆیان داڕشتووە؟ یا خۆیان لەو خودە رزگار کردووەو کەوتوونەتە سەر شوناسی ئەوانی دیکەوە؟ هەموو ئەوانە دەمانێکە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ و تا ئێستەیش جێ بایەخی نێوەندی ئەدەبیاتی ئێمەیە، بۆیە دەبێ بە دیققەتەوە کاریان لەسەر بکرێ و بەدوای بەردی بناغەیاندا بگەڕێین و سۆراغی ڕیشەی پتەویان بکەین.

لە زانستی سایکولوژی دا ئەگەر من و منی باڵا –ئیگۆ و سوپەر ئیگۆ- لە خودێکدا لە یەک بترازێنین، ئەوە بەتەواوی مانای مردنی ئەو خودە دەدات، کە تەواو بەسەر بابەتەکەی ئێمەدا ، فیت دەبێت و ساغی دەکاتەوە، بۆ نموونە کاتێ کە دونکیخوتێ ڕوو لە سانشو دەکات و پێی دەڵێت: سەیرکە سانشو سوێندم بەو خودایەی کە تۆ سوێندت پێ خواردووە، ئەوە ئەقڵی تۆ تەنگ ترین ئەقڵی خەربەندەکانە لە دونیادا، ئایا دەکرێ هەر لەو کاتەوەی لە گەڵ خۆتت هێناوم، دەرکت بەوە نەکردبێ، تەواوی کاری

سوارچاکە گەڕۆکەکان وا بەدیاردەکەوێت، وەک بڵیی خەیاڵ و ئەفسانە بێت، هەموویان سەرەوگێر بەدیار دەکەون؟هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە واقعیدا وان، دونکیخۆتە ل ٢٣٧ ، ئەگەر بەڕێکی لەم چەند دێرەی دونکیخۆتێ وردبینەوە، ئەو چەند چەمکەمان لە خودی – من – نووسەرەکە بۆ بە دیار دەکەوێ :من لە دیوانی درەختی حیکمەتدا، منی شیعر بە ناو راڕەوێکی سەختی گوزارشت دادەبەم ، هەندێ جار لە مەدارەکانی پەڕینەوە بۆ ئەو دیوی هۆش دەچێ و لە گەڵ شەبەنگی نادیاری گەردووندا شەڕ دەکات، کە من ناوی دەنێم شەڕە جوانەکانی شاعیر لە پێناوی وەدەستهێنانی ئەو گوزارشتانەی کە وەدەست هێنانیان مەحاڵە، لە ئەزموونی شیعری جیهانی هەوڵێکی کەم هەبووە کە شیعر بە لاڕێی وەسوەسە و وەهم ببات، کە من لەمێژە پێم وایە پرۆسەی نووسینی شیعر لە وەهم دەچێت، کە جێ بە واقیع چۆل بکات و بەرەو سیحر و شێتییەوە، لە ناو زەوی شیعردا، لە دیوانی درەختی حیکمەتدا، من شەڕم لە گەڵ قەدەر کردووە، قەدەری مرۆڤ لە بەرامبەر نەهامەتیەکاندا، هەندێ جار قەدەرم بە کتێبە جوانەکان چواندووە و هەندێ جاریش بە کانوونی کارەسات، باسم لە مردن و وردوخاشبوونی گەوهەری وجودی ئینسانی کردووە، باسم لە جوانییەکانی ژن کردووە، لە نێوەندی گەردوونێکی نادیارو پڕ لە وەیشوومەوە، باسم لەوە کردووە کە شاعیر هەمیشە لە ژێر تای شەمشێرەکەی دیموکلیسدا ژیان دەگوزەرێنێ و گرەوی خۆی دەباتەوە، باسم لە هێمای هونەری و شیعری کردووە، کە چۆن دەتوانن ببن بە هێمای پارسەنگی ژیانز یادەوەرییەکان شوێنێکی گرینگیان لە مەودای شیعرەکانی ناو درەختی حیکمەتەوە هەیە و زەمەنێکی زۆر لە گەڵیاندا ژیاوم، لە ڕاستیدا دیوانی درەختی حیکمەت ئەلقەیەکی گرینگی بە سەنتەر کردنی شیعرە، لە نێو زەین و لێکدانەوەی مندا ، کە بۆ یەکەمین جارە تەکنیکی تازەی گەڕاندنەوەی یادەوەرییە زیندووەکانم تیادا بە کار هێناوە، لە وێدا زمان بە تەواوی

شەلاڵی سەداو سیما نادیارەکان دەبێ ، باس لەو لە دەست چوونە دەکات، کە بوونەتە جۆرێک لە مەحاڵ، بە تایبەت لە شیعرەکانی وەک سوندسییەکان و برۆنزیەکان و کەما ئەلمولک و شەممەکان و لەوانم چاو پێکەوتن، بە کورتی دیوانی درەختی حیکمەت خەونێک بوو ئاگر بۆ دڵۆپ دڵۆپ ئاوی دەنووسییەوە و نامەیەک بوو با بۆ گوڵە هەرمێکانی حیکمەتی دەبرد، تا ئەو ڕادەیەی کە بە کەشتییە نادیارەکەی یادەوەری گەیشتین بە نوورو غەرقی تەمتوومانی لێکدانەوە بووین، لە دیوانی درەختی حیکمەت دا گەیشتمە ئەو پەڕی نێرڤانا ، گەیشتمە مەلیکی میهرو جان ، مەلیکی بێدەنگی و دلۆڤانی، تا ئەو کاتەی کە بە ماشەرەی پڕوشکی عیشقم ماپۆسانی دڵم لە زیندان ڕزگارکرد.

٥

## دیوانی دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە

٢٠٠٤

چاپکردنی دیوانی درەختی حیکمەت، وەرچەرخانێکی گرینگی ئەزموونی شیعریی من بوو، پەرەسەندنی پرۆسەی نووسینی شیعر، لە قۆناغی سەرەتاییەوە گوازرایەوە بۆ قۆناغی دروستکردن و دامەزراندنی هزری شیعری پاڵاوتە، بەو مانایەی ئەگەر لە رابردووی ئەو سێ دیوانە شیعرییەی پێشوومدا، هەوڵی ئەوەم دابێ کە وەک شاعیرێ خۆم لە ناو هەراو زەنای شیعریی کوردیدا بدۆزمەوە، تا ڕادەیەک خۆم بۆ نێوەندی ئەدەبی ئامادە بکەم و ئاستی شیعری خۆم بۆ ئەو نێوەندە ئاشکرا بکەم، ئەوە لە داهاتووی دیوانی تازەمدا هەمان ئەو ئەنگیزەیە و هەمان ئەو ئارەزووە کۆتایی پێهات. دەبێ مەسەلەکانی نووسینی شیعر وەک ئارەزوومەند و وەک خۆناساندن و وەک ئاشکرابوون، کۆتایی پێ بێ و موفرەداتی تر بێنە کایەوە، کە گوزارشت لە ڕێگەی دوورو درێژی خۆ دامەزراندندا بکەم، پرۆژەی دامەزراندنی ڕۆشنبیریی شیعریی دەست پێبکات و ئیدی وەک شاعیرێک بێمە پێشەوە، کە لە نێو ئەزموونی شیعردا، بیروڕاو جیهانبینی تایبەتی خۆم هەبێ.

ئەمە سەرەتای پرۆسەیەکی سەخت و پڕ ترس و لێپرسینەوە بوو، دەبوایە بچمە ژێر باری ئەو بەرپرسێتییەو بە ئاشکرا داکۆکی لە بیرو بۆچوونەکانی خۆم بکەم، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیم بەوە بوو، کە لە ڕووی تیوریزە کردن و لێکۆلینەوەو نووسینی تێکستی ڕۆشنبیریی هاوچەرخدا، بەشداری پرۆسەی ڕۆشنبیرییەکان بکەم و لە دیالۆگی ڕۆشنبیریی و قسەکردن لە شیعردا هاوکارێکی ئەکتیف بم،واتە کار لە ناو ستراتیژیتی شونس و ناو بکەم، چونکە ناکرێ شاعیر بە درێژایی ژیانی ئەدەبی و ئەزموونی شیعریی خۆی، بە تەنها لە ناو قاوغی نووسینی

شیعردا قەتیس بمینێ، بەڵکو دەبێ بیرو بۆچوونەکانی خۆی بۆ نێوەندی ئەدەبی و بۆ خوێنەرانی دەرببڕێ، ئەگینا کاریگەرێتییێکی ئەوتۆی نابێت، بۆیە لەو ڕووەوە بەر لە چاپکردنی دیوانی دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە، بە دەیان لێکۆلینەوە و دیالۆگم بەخش و بڵاو کردەوە و بەشداری دەیان کۆڕی ئەدەبی رۆشنبیری بینراو و بیستراوم کرد، لە هەموو ئەو مەودایانەدا بیروڕای خۆم سەبارەت بە شیعرو ئەدەبیات وەدەرخستوە و داکۆکیم لە شیعر جەمالیاتی شیعر و ئەدەبیات کردووە، لەم بوارەدا تەواو چوومە ناو نێوەندەکە و دەنگم دەبیسترا، ئەزموونی شاعیر تا بەرەو سەر هەڵگەڕێ، هێندە لەڕووی گوزارشت کردنەوە، بەرەو سادەیی قووڵ هەڵدەکشێ، هەندێ جار ئەو سادەییە زۆر ئاڵۆزو قووڵترە لە تەم و مژ و ئارایشت، من لەو ساڵانەی دواییدا سەرچاوەی خوێندنەوەم گۆڕا، ئاسۆی بیرکردنەوەم زێتر کرایەوە، ئەزموونەکانی دونیای شیعری جیهانیم، زێتر لەبەردەمدا ئاشکرا بوو، ئەگەر پێشتر لە ڕێگەی تەنها زمانی عەرەبییەوە شتەکانی خۆم دەخوێندەوە، ئێستا شارەزای زمانی تری وەک فارسی و ئینگلیزی بوویم، جگە لە عەرەبی کوردییەکەی خۆم، هەموو شاعیرێکی تێگەیشتوو لە دونیای شیعردا قەدەرێ لە ڕەوحانییەتی تیایە و هەڵگری جۆرێک لە عیرفانە، عیرفان خەسڵەتێکی گرینگی شیعرە، نەک بە چەمکە ریلیگسیەکەی، ئەگەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی شیعر نەبێ؟ عیرفان جۆرێک لە خەڵوەتی شاعیر ئاشکرا دەکات، لە گەڵ خۆیدا یا لەگەڵ ئەو ئایدیایەی کە باوەڕی پێیەتی، پەیوەندییەک هەیە لە میانی شاعیرو ئەو هێزەی کەبیری لێدەکاتەوە، ئەو هێزەی کە بۆناو دونیای پرسیارەوە، گینگڵی شاعیر دەدات، ئەو پرسیارانەی هەرگیز ناتوانێ وەڵامیان بداتەوە، چما لەم ڕووەوە، ئەو شاعیرە سۆفی و عیرفانییە گەورانەی  وەک مەولەوی و مەحوی و جەلالەدینی ڕۆمی عەتار و شیرازی، هیچیان بۆ شاعیری ئێستاکە هێشتۆتەوە ؟ بۆیە ڕووی عیرفانی لە شیعردا بە هەوەنتە دروست نابێ.

من له چەندین شیعردا به ڕاستی هەوڵم داوه کارێکی وا ئەنجام بدەم ، بەڵام ئایا توانیومه یاخود نا؟ ئەوەیان پەیوەسته به ڕەخنەگرەکانەوە، لەم ڕووەوە دەبێ پرسیاری ئەوە بکەین ئایا ئێمه بەچی دەوره دراوین؟ هەربەتەنها خەیاڵ و ئەندێشەو دروست کردنی وەهم ؟ یا تەواوی ڕەگەزەکان ئابلۆقەیان داوین و له گەڵمانا دەژین؟ ئایا تا وەکو ئێستاش گەیشتووینەته وەڵامی ئاگر؟ ئایا تاوەکو ئێستا ئێمه باوەڕمان بەو فەرمۆله شیمی و فیزیکیانەی راڤەکردنی ئاگر هەیه ؟ تا وەها زوو ڕەهای بکەین و له ناو کەوانەی شیعریدا بیترازێنین؟هەرواش سەبارەت به ئاو و زیخ و چیاو و ڕووبارو تیشک و دارستانەکان، شیعر له هەمووشوێنێکدا دەژی بەڵام هێزی بیرکردنەوەی شاعیران، توانای دۆزینەوەی ئەو هەموو شوێنانەی نییه، سەیرکه که تۆ له نێو کۆمەڵگایەک یا لەنێو دارستانێک یا له نێو ئاوێک ، ئاگرێک، ڕەنو بەفرێک ڕادەمێنێی، دڵنیابه بەدەیان بابەتی شیعری گرینگ گرینگ هەن، بەڵام تۆ توانای کەشفکردنیانت نییه، بۆیه سەبارەت به خۆم، بەناو هەموو کەرستەکانی بەردەستدا دەگەڕێم، بۆ ئەوەی بیرۆکەی شیعرییان تێدا بدۆزمەوە، ئەمەیان پێویستی به حیکمەتێک نییه، بەڵکو پێداویستی شیعره لای من، چونکه من هەر لەهەوەڵەوه پێموابووە، که هێزو ئەندێشەو خەیاڵ و وەهمی شاعیره دەتوانی مانابەخشی شتەکان بێت، زۆرن ئەوانەی پرسیاری ئەوە دەکەن، که ئاخۆ دەبێ وەزیفەی شیعر چی بێت، که من پێموایه ئەوە تێنەگەیشتنه له خودی شیعر و جۆرێک له گرفتیشه بۆ شاعیر، چونکه هەر له بنەڕەتی شیعری تازەوه هاتووە، که شیعر ڕۆحلەبەرێکی وەزیفەدار نییه ، هێزی ئەوەی نییه وەزیفەی لێبار بکەیت، چونکه ئەگەر شیعر وەزیفەی هەبێت، دەبێ شاعیر پابەندی کۆمەڵێک داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری بێت، که ڕەنگه به دڵی نەبێت، له کاتێکدا که شاعیر ناخزێته ژێرباری هەموو ئەو شتانەوە له ڕووی شیعرەوە.

شیعر هەڵگری کۆمەڵێک بەهای داهێنان ئامێزە، شتێکی جەمالی دەبەخشێ بە تۆ، ساتێکی کورتت بۆ درێژ دەکاتەوە، سەدەیەکت لەبەردەمدا سانا دەکات ، بەکورتی شتەکانت بۆ دەخاتە ناو سەماوە، هێزی ئەوەی نییە ببێ بە شوێنی دابەشکردنی ئامۆژگاری یا شاعیر ببێ بە ریفۆرمیستێکی خەیاڵی، بۆیە لەسەردەمی ئێستاکەماندا شیعر بەدوای ئەو هێزەدا دەگەڕێ، کە لەناوەرۆکی خۆیدا زیندووی کاتەوە، کە بتوانێ سەلوایەک بە ئینسان ببەخشێ، یا وەهمێکی بۆ دروست بکات، ئێمە نابێ بخزێینە ژێر باری تەکرەهەندی بابەتەکان و ئیدی ئەوە بەلاوە بنێین و ئەویتر بۆ دواوە تور هەڵدەین، شاعیر هەم پێویستی بە هێزی خەیاڵ و ترۆپکی خەیاڵ هەیە واتە فەنتازیا، هەم پێویستی بە قودرەتی ئەقڵ هەیە، ئەوانە هەمووی تەواوکەری یەکترین بۆ شاعیر، من شاعیری بێ ئەقڵ و خەیاڵم پێ ئەندێشە ناکرێت، بەڵام ئێمە دەتوانین پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە دارێژینەوە، کە ئاخۆ شیعر پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی زانستی هەیە، یا شیعر نووسینەوەی وەهم وخەیاڵە؟ من دەڵێم شاعیر پێویستیەکی زۆری بە خوێندنەوەی مەعریفەتە ئەدەبییەکانەوە هەیە و دەبێ شارەزایان بێت، بەڵام ناتوانێ بە مەعریفەی ئەدەبی ببێت بە شاعیر، چونکە شیعر پێویستی بە زمان و خەیاڵ هەیە، پێویستی بە کانی دیققەت و دەربڕین و ئەندێشەی قووڵەوە هەیە، شیعر هەندێ شت دەڵێت ڕەنگە ئەقڵ قەبوڵی نەکات، دەخوازم بڵێم مەعریفە شیعر دروست ناکات شاعیر بەهێز دەکاتز

بەهەرحاڵ شیعر ناخزێتە ناو تەرازوی کارە ئەزموونگەرییەکانەوە، من نازانم مەبەست چییە لەو سنوورانەی کە شیعر ناتوانێ تێپەڕیان بکات، بەڵام ئەوەندە دەڵێم شیعر هێزی تایبەتی خۆی هەیە و دەتوانێ بەسەر هەموو بابەتەکاندا بکەوێ و سنوورو لەمپەری هەموو مەوداکان بشکێنێ، بە کورتی لە مەودای شیعردا، سنوورێک نییە شاعیر

پابەندی ڕێساکانی بکات، هەموو ئەو بیرو بۆچوونانەم لە دیوانی چوارەمی خۆمدا کە بە ناوی دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە، ڕەنگی داوەتەوەو تان و پۆی شیعرەکانی کردووە و شەلاڵی وەهمی کردووە.

٦

## ديوانى بورجى بەڵەک

٢٠٠٦

ديوانى بورجى بەڵەک ديوانى هەموو خوێنەرەكانمە، بەو مانايەى كە هەموويان خۆيان لە نێو تان و پۆى شيعرەكانى ئەم ديوانە دەدۆزنەوە، من باوەڕم بەوە هەيە تازە تير لە كەوان ترازاوەو هيچ هێزێ نييە بيگەڕێنێتەوە ناو كەوانەوە، ديوانى هەموو ئەوانەيە كە دەيانەوێ لە ڕێگەى خوێندنەوەى شيعردا، پەى بە ماهيەتى منداڵێتى خۆيان ببەن، ياخود بۆ ماوەيەكى كەميش بێت، بكەونە يارى كردن لە گەڵ خودى بەسەر چوويان، چونكە تەواوى شيعرەكانى ئەم ديوانە گوزارشتە لە منداڵێتى ئەوان.

هونەرمەندى شێوەكارى كورد قەرەنى جەميل لە بارەى ئەم ديوانەوە دەڵێت: بە خوێندنەوەى ئەم ديوانە شيعرييە بەشێک لە مێژووى منداڵێتى خۆم بيرهاتەوە، ئەمە بەلاى منەوە گرينگە كە لە ڕێگەى باسكردنى مناڵێتى خۆم مناڵێتى ئەوانى ديكە بوروژێنم، بۆدلێر شاعيرى فەرەنسى دەڵێت منداڵێتى بريتييە لە گەڕاندنەوەى عەبقەرييەتى مرۆڤ بە دەستى ئەنقەست، كەواتە شيعر نوێنەرايەتى پەرەگرافى مناڵيش دەكات، لە شێوە هەرە ناسک و حەساسەكانى خۆيدا، شيعر دەتوانێ بەرهەمى هێزە سەختەكانى ژيان بێ، وەک چۆن دەتوانى بەرهەمى هێزە هەرە ناسكەكانى ژيان بێت، مەبەستمە بڵێم ديوانى بورجى بەڵەک نوێنەرايەتى قۆناغێكى گرينگ و ناسكى نووسينەوەى هەستى سەردەمى مناڵێتى دەكات، ئەو مناڵێتيەى كە لە ناو ڕارەوكانى ژيانى ئێستاكە وون بووە و هێزى ئەوەمان نييە ئەنديشەى بكەينەوە و دووبارەى بكەينەوە لە ڕێگەى شيعرەوە نەبێت، تەواوى شيعرەكانى ئەو سەردەمەى بورجى بەڵەک، هەڵگرى پێناسەى جوانييەكانى سەردەمى ڕووداوەكانى مناڵييە، هەر لەم بارەيەوە تريفە جەلال لە ڕۆژنامەى چاودێر دا دەڵێت :

کەریم دەشتی دەنگێکی ناسراوی ئەمڕۆی شیعری کوردییە، هێمن وەک وردە شەپۆلەکانی داهێنان، پڕ لە هەناسەی ئیستاتیکای بە مانگەشەو بوونی وشەکان، لەم بارانی گەورەبوون و خۆدۆزینەوەدا، دەشتی جارێکی تریش لە نێو تەمومژی درەوشانەوەی داهێنان دا، لە نێو وەرزەکانی بیر نەچوونەوەدا، ساتێ بە گەلای زمان و ساتێ بەرەشەبای نهێنییە قووڵەکانی وشەو ساتێکی تریش لەبەردەم گەرم نەبوونەوەدا،هەموو ڕەنگەکان ئاوێتەی یەکتر دەکات و لەم بەرجەستە بوونە ڕۆحییەشدا، هەموومان ون، تەنیا تریفەی پەنجەرەی داهێنان دوا گۆرانیمان بۆ دەڵێت،، بورجی بەڵەک بورجی گەورەنەبوونی میتالۆژیاو بورجی سەفەری ئەو حەکایەتانەیە، پڕاوپڕن لە مناڵی، لە شەقامەکانی ونبوونی مناڵی، لە سەفەری نەگەڕاوەی غۆما ، ئەو سەگەی کە نازانێ لە کام ئاسمان بۆتە ئەستێرە و لە هاوینە خۆڵەمێشییەکانی هەولێر، لە شێوەی بورجێ لە بورجەکان جارێکی تریش بە دەشتی دەڵێت، ئەگەر بتانەوێت سەفەری خەون و ڕاستەقینە لێک جیا بێت، وەرن لێرە لە ئامێزی ئەو ئەستێرەیەدا، میتۆلۆژییەکان وەک خۆیان سەما دەکەن، مناڵی هەمووتان لێرە تازە بوونەتە هەناسەی گەلاکان، بورجی بەڵەک ، ئەو گەورە نەبوونە چ ئازارێکی بەخشندەیە، هەڵاتنە لە سپی بوونی بیرەوەرییەکان، یا جۆرێکە لە خەیاڵی ئەو سەرخۆشانەی تەنیا لە درەوشانەوەی پەنجەکانی پێکا، بۆ ڕەنگە بە سەرچووەکان دەگرین، دەشتی لێرە سەفەری گەورەبوونێکە ئاوڕ لە دەنگە بە سالاچووەکان ناداتەوە، بە تەنیشت وشە بێ هەناسەکانیش ڕەت دەبێت، بەڵام قەت بەیانی باشییان لێ ناکات، ئەو دەنگ و ڕەنگێکە، ئێستا تەنیاو تەنیا لە بیرە تەواو نەبووەکانی دوو کاراکتەری تەواو بووی نێو ئەم ئەزموونە تازەیەی دەشتی شاعیرن، دیارە بە تەواو بوونی، شیعر هەمیشە بالا دەکات، داهێنان هەمیشە بە دوای گەورەبوونەکانی خۆیا دەگەڕێت ، سلاو لە شیعر ، سلاو لە هەموو بورجەکانی تری دەشتی- بە هێنانەوەی

ئەم نموونەیە مەبەستم خوێنەرە، ئەو خوێنەرەی کە خۆی لە نێو بابەتی شیعرییەکانی دیوانی بورجی بەڵەک دەبینێتەوە، بۆیە من زۆر جاران لە گفت و گۆکانی خۆم دەربارەی شیعرو ئەدەبیاتی شیعری ئەوەم گوتووە، کە شیعر لە بەرجەستە کردنی بابەتەکانی منداڵێتی- وەکو ئاوێنەیەک وایە لەناو زەینی هەموو نووسەرێکدا بە گۆشت و دەمار و خوێن داپۆشرابێ، ناوە ناوە بروسکەیەک، چەخماخەیێکی ئەم ئاوێنەیە هەموو گیانی دادەگرێ و دەیباتەوە ناو پاوانە دوورەکانی زاکیرە، لە ڕاستی دا هەر داینەمۆی زاکیرەیە، نووسەری ڕاستەقینە دروست دەکات و دەیباتەوە سەر ئەو ڕەگە پتەوانەی داهێنان، کە لە ژێر پانتاییە قووڵەکانی زەیندا بە هێمنی ڕاکشاون و چاوەڕوانی ئاهو هەنسکی داهێنەر دەکەن، نووسەری بێ زاکیرە هەموو بەرهەمەکانی دەبنە موقەبا، چاکترە بڵێم پەیوەندی نێوان ئاوێنەکەی زەین و زاکیرە بریتیە لە نووسەر و داهێنان، لە دەرەوەی ئەم فەرمۆلەدا هیچ دەقێکی زیندوو نییە، لەنێو دەقی منداڵیدا وێنە و تابلۆی هێجگار زۆر هەن وەکو شوشە هەپرون بە هەپرون بووین و تەتۆکەکانی ماونەتەوەو ناوە ناوە دەنگێ لەو تەتۆکانە هاوار دەکاو دەبریسکێتەوەو دەقێکی زیندووی هاوچەرخ دروست دەکات، کە دەبنە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی ڕۆحی مرۆڤی نووسەر، ئەمە لەناو لێکدانەوەی هەموو شاعیرێکدا هەیە، مەحاڵە شاعیرێ هەبێ لە دەرەوەی ئەم لێکدانەوەیە بتوانێ لە ناو دارستانی دەقە جاویدانییەکاندا دینامیکیەتی هەبێ و دەقەکانی کاریگەر بن.
من خۆم لەگەڵ ئەوەدام بەڵام ئەم پرۆسێسە بە تەنها گوزەر ناکا و هیچی لێ نایێتەوە، بەڵکو ئەم هەڵکۆڵینە دەبێ هەموو پێداویستیەکانی لە گەڵدا بێ، بۆ ئەوەی قووڵایی دروست بکات و دەقی گەورە گەورە مشت وماڵ بکات، من ئەوەم لە کتێبی بەرەو منداڵی بە جلی پایزەوە بە دوورو درێژی باس کردووە، ئەلێرەوە پرسیار دەکەم و لە زۆر شوێن و لە نێو کۆڕو کۆبوونەوەکان باسی ئەوەم کردووە کە ئاخۆ شیعر و بزوتنەوەی شیعر و

مەسەلەکانی تازەگەری چ وەڵامێکی رامبۆی شاعیری فەرەنسی دەدەنەوە، کە لە یەک لە نامەکانی باسی ئەوە دەکات، ئەو کاتانە شیعری نووسیوە منداڵ بووەو ئێستاکەش گەورە بووە و کاتی شیعر نووسینی نەماوە. لێرەدا مەبەستی رامبو روون و ئاشکرایە، کە دەڵێت شیعر پیشەی منداڵانە ، نەک بەو مانایەی کە شیعر هەڵگری جۆرێک لە منی منداڵێتییە، رامبو ئەوەی ئەو کاتە نووسیوە کە لە حەبەشە داوایان لێکردووە بگەڕێتەوە فەرەنسا، چونکە ناوناوبانگێکی زۆری لە فەرەنسادا پەیدا کردووە؟ لە کاتێکا کە زۆربەی شاعیرانی کورد بە دەم و دووی رامبۆوە لافی نووسینی شیعر لێدەدەن ؟ جا ئایا ئەو شاعیرانە خەریکی شیعر دەبن، یا تادوایی ژیانیان هەر بە منداڵێتی دەمێننەوە، یاخود شیعر پرۆسەیەکی تەواو مەعریفییە، پێویستی بە مشت وماڵکردنی ئەزموونەوە هەیە؟ هەموو ئەوانە لێکدانەوەی دەوێ، دیالۆگ و پرەنسیپی قسەکردنی دەوێ، ناکرێ بە ئەزموونێکی کورت و کەمخایەن و بێ خوێندنەوەو هەڵگرتنەوەی ئەزموونی ئەوانی دیکەوە قسەی لەسەر بکەین، چونکە خودی شیعر کۆی هەموو مەعریفەکانە.
هەر لەو روانگەیەوەیە کە شاعیرێکی خاوەن ئەزموونی رەخنەو لێکۆڵینەوە نووسیوویەتی و دەڵێت: بە کورتی بۆ دیاریکرنی میکانیزمی (نووسینی شیعر) لای کەریم دەشتی هەوڵدەدەم چەمکی نیگەرانی وەک «ترسی نادیار» و چنینی شیعری وەک «دەنگی دیار» بکەمە گریمانەیەک و لەوێوە بەدواداچوونی خۆم لەنێوان «خەیاڵ» و «وێنەی شیعری» دابمەزرێنم. دواتر هەوڵدەدەم ترسی نادیار بە خەیاڵ و دەنگی دیار بە وێنەوە پەیوەست بکەم، بەدیوەکەی دیکەش دەشێ پرسیاری شاراوە لەو نووسینەدا ئەوە بێت: ئایا ئاڕاستەی زمانی شیعر بەرەو دیارە یان بەرەو نادیار، بەرەو ناوەوەیە یان بەرەو دەرەوە؟! هەر لەوێشەوە هەوڵدەدەم لەڕێگەی ئەزموون و ئەزموونگەرییەوە زێتر لە ماڵی شیعری کەریم دەشتی نزیک ببمەوە- موتەڵیب عەبدوڵلا- .هەمان ئەو نادیارییەیە کە من بە درێژایی

چارەگە سەدەیەکە لە ڕێگەی شیعرەو قسە لە گەڵ خوێنەرەکانم دەکەم. لە بورجی بەڵەکدا شیعری پۆرتریێتی دۆستەکانم گەواهی ئەوە دەدەن کە ، یادەوەری منالیێتی چ جۆرە کاریگەریێتییەکی هەیەو ناشتنی جوانەکان لە ڕوانگەی منداڵێتی چۆن هەڵکۆلینی شیعری خۆی دەکات. تەواو هەموو ئەو قسانەم لە شیعری زمان بگرە ئەی لاڵ بەرجەستە بووە، کە دەڵێم ئەی شاعیر مەگەڕێ بۆ ئاگر، دڵت پڕ پشکۆی ئاگرە، چونکە شیعر مرۆ عەودالی هاتنی منداڵێتی دەکات.

## ٧
## دیوانی کتێبی پیرۆزی ئاشقان
## ٢٠٠٧

وەک لە پاژی ڕابردوودا ئاماژەم بەوە کرد، کە پڕۆسەی شیعر پڕۆسەیەکی سەختی بیرکرنەوەی شاعیرە و خۆی لە نێو قاوغی زاتیەتی شاعیردا دەخەملێنێ، وێنەی ناوەوەی شاعیرەکە بە هەموو هەڵچوون و مەعریفە و ئەزموونی خوێندنەوە و دونیا بینی هەمان ئەو شاعیرە بەرهەم دەهێنێ، ئاواش هیچ شیعرێ لە دەرەوی شاعیردا بوونی داهێنان ئامێزی خۆی نییە، بەو چەمکەی کە شیعر دەرهاوێشتەی منی شاعیرە، لە پلە هەرە حەساسەکانی ئانی نووسیندا. بەمجۆرە فۆرمەلە کردنی شیعر، وێناکردنی ناوەوەی شاعیرە، دەخوازم بڵێم بەشی هەرە گەورەی شیعر ڕۆحی شاعیرە، واتە شاعیر تەواوی ژیان و بیرکردنەوەی خۆی لە نووسینی شیعری خۆیا بەسەر دەبات، تەنها باوەڕی ڕاستەقینەی بەو شیعرە هەیە کە دەینووسێت، گەرەکمە ئەوە بڵێم کە مرۆڤی شاعیر یا هونەرمەندی ناوازە، خاوەنی جەوهەرێکی تراژیکە، بەو پێیەی هەڵگری جیهانبینییەکی جیاوازە، هەمان ئەو جیاوازییە جەبریە یە مەینەتییەکانی بۆ بەرجەستە دەکات، جەوهەری کاری شیعری و هونەریش، ئارەزوێکی ئەزەلییە بۆ بە دواداچوون و بیرکردنەوە لەو جەبرکاریە و بەشێکی هەرە تۆخە لە ناوەرۆکی مرۆیی هونەرمەندا، کە لە ستایل و وشە و ڕەنگ و وەشاندا پێچەوانە دەبێتەوە ، واتە ناوەرۆکی شیعری و هونەریی هونەرمەند و شاعیر ، یەکسانە بە تەواوی ناوەرۆکی کۆمەڵەوە، بەو مانایەی هێزی جاویدانی تاکی شاعیر یا هونەرمەند، دەتوانی بەقەد هێزی کۆمەڵ کاریگەر بێت ، وەک چۆن هاملێت کارەکە دەخاتە ناو گەورەیی و هێزی لە بن نەهاتووی تاک و پێی وایە خۆشەویستی ئەو بۆ ئوفیلیا، یەکسانە بە خۆشەویستی هەموو مرۆڤایەتی، ئاوایش کاری شیعری و هونەری کارێکی

زاتیەو لە هەمان کاتدا یەکسانە بە هێزی تەواوی کۆمەڵگەی بەشەری، من ئەوەم بە دوورو درێژی لە گووتارێکدا سەبارەت بە هونەر نووسیوە ، ئەلێرەوەیە شاعیر مێژووی خۆی دادەڕێژێ و پۆرترێتی کەسێتی خۆی ئەزەلبەند دەکات، ئێمەی نێوەندەکە لە ڕێگەی شیعری شاعیرەوە شارەزای کەسێتی ئەو دەبین، نەک لە ڕێگەی خەسڵەتە مرۆییەکانییەوە، بەدەر لەوە ڕێگەیەکی دیکەمان دەست ناکەوێ، تا لە سیماو ڕوخسارو ئەدگاری نزیک بینەوەو شۆڕبینەوە بۆناو ڕۆحی هەزار چەشنەی شاعیر.

بەمجۆرە شیعر جەوهەرێکی مرۆییە نەک جوهەرێکی کۆمەلآیەتی، کۆمەڵگەش کۆی هەموو مرۆیەکانە، هیچ شیعرێک نییە جەوهەرێکی گەلەکۆیی هەبێت، یا پەیوەست بێ بە سەرەتاو کۆتایی، یا بە بۆچوونی مێژوویی یا ڕەوتە زنجیرەییەکانی پەرەسەندنی ئەدەب و بیرکردنەوەی کۆمەڵ، بەڵکو لە دایک بووی ساتە وەختی جوڵەی دەست و پەنجەی داهێنانە زاتییەکانە ، مروڤی ناوازە  کە من پێم گرینگترە لەو مرۆڤەی کە نیتشە هەوڵی دارشتن و دروست کردنی داوەو لە دونیای خەیاڵی خۆیا مشت وماڵی کردووە، تا وەک سوپەرمانێ ئاودیوی ئەقڵی رامانسازەکانی بکات، ئەو مرۆڤەیە کە گوزارشت لە توانایی خۆی دەکات، نەک لە توانایی فڕینی خۆی، یا لە توانای فڕینی خوڵقێنەرەکەی، گوزارشت لە هێزی زەینی خۆی دەکات، گوزارشت لە حەتمیەتی خۆسەلماندنی دەکات، نەک لە هێزی دەست و پەنجەی نرخێنەرەکەی، هەلبەت ئەوانەن کە تەواو پەیوەستن بە ژیان، بۆ ئەوەی دەرک بە ڕواڵەتەکانی ژیان بکەن نەک ژیان خۆی ، دەرک بە دەرهاوێشتەکانی بکەین، نەک بە سەوابتی خۆی ، شیعر کار دەکات بۆ گەیشتن بە دارشتەی مرۆڤی ناوازە لە هونەرەکەی خۆیدا، کە هونەری هەموو تاکێکی بیرکەرەوەیە نەک بەرخۆرەکان، شیعری ناوازە، لە ڕێگەی خەبات و گێرمەو کێشەی مرۆیی، لە ڕێگەی توانەوەی خود دێتە کایەوە، چونکە هەمیشە تەماشای ئەو ژیانە دەکات، وەک ئەوەی کە بۆ یەکەمین

جاره دەرکی پێ دەکا و دەبینێ و کۆمەڵگە هەستی پێ ناکات، شاعیر له شیعردا ئەزموونەکان پەڕە دەکات و هەڵیان دەوەشێنێتەوە، دەیانباتەوە سەر کرۆکی خۆیان ، ئەو ئەزموونانەی وشە ئاوی ژیانیان لێ دەخواتەوە، جا ئەگەر کارە زەینییەکان واتە ئایدیای ئەو تاوەکو ئێستا بە هەزاران سەختی و دشواری دەورە دراوبێ، ئەوە ئەو باکی خۆی له نێو ڕاڕەوە دوورەکان پاراستووە، واتە خودی خۆی لە ناو جبهانی شەرنەقەیەکی ئاوریشمی هونەری پاراستووە، بە هێمای ئەو باکەوەیە کار دەکات و نەمریی کارەکانی خۆی بە دەست دەهێنێ، بۆیە هێزێک نییە زەفەری پێ ببات.
بەو مانایەی کە لە ستایل و تیماکانی خۆیەوە پەشیمانی بکاتەوە ، ئەو هێزە هێزی شیعری راستەقینەی ئینسانی ناوازەیە، هێزی ئەو ئینسانە سوپەرمانە نییە بۆ بە دەست هێنانی مەعریفەیەکی باڵای گۆشەگیریی، کە لە ڕامانی ئەشکەوتەکانەوە بێت، بەڵکو بەنێو دونیای مۆدێرنەوە ئەو پاشخانە مەعریفییە بۆ خۆی دروست دەکات، دیوانە شیعری کتێبی پیرۆزی ئاشقان بە هەق دیوانی شاعیرانی عاشقە بۆ خوێنەرانی عاشق، کە تیایا پرۆسەی هەڵکۆلینی مێژووی مەجاز و مۆتیف و میتافۆری پرۆسەی ئەوین و عەشقی ئینسانە، بۆ گەیشتن بە ماهییەتی ئەنگیزەکانی خۆی، لەو دیوانە شیعرەدا، چوومەتەوە سەر بینای بیرو لێکدانەوەی ئاشقە گەورەکانی سەر زەوی، باس لە ماهییەتی ئەشق دەکەم لە سونبلێکی بچووکەوە تا دەگاتە باخەوان، لە گوڵەگەنمێکەوە دەست پێدەکات، تا دارستانەکان، ئەشق لە هەموو بوونەوەرو نابوونەوەردا هەیەو شاعیر دەتوانێ بیاندوێنێ، لە نێو کتێبی پیرۆزی ئاشقاندا سەما ئەشقە، ئەشقی ئەو ساتە کورت و درێژانەی ژیان، کە تیایا وێنای جەستە دەکا و بیچمی بلاستیکای بزاوتە پڕ نهێنییەکانی جەستە دادەڕێژی، بۆیە بەشێکی گەورەی دیوانەکە لە کتێبی سەمادا بەرجەستە دەبێ، هەر لە پرۆسەی نووسینەوەی ئەو عەشقەدا، دەچمەوە سەر مەی، زرینگەی مەیفرۆش و دەنگی فینجانی

ساقیەکان، جا بۆ ئەوەی بە تەواوی بەرهەمهێنامی ئەو عەشقە لە شیعردا پەرە پێبدەم، چوومەتەوە سەر کتێبی شکانی زیوی عەشق و دونیای باخەوانە ئاشقەکان، کە من پێموایە لە گەڵ باخەکاندا لە یەک توخم و تیرەن، ئەوانن کە لە بینایی ڕوونی گیادا ڕوخساری خوداوەندی ئەشق و جوانی دەبینن ، بۆیە هەمیشە بە زمانێکی سادەی قووڵ دامرشتوون، وەک ئاوێکی تەنک، باس لە سووڕی فڕینی باز دەکەم و چوومەتە ناو لێکدانەوەی باز و باسی شاعیرە سپی و ئاشقەکان دەکەم، باسی ئەوینی ئەو گوولفرۆشانە دەکەم، کە لە ڕێگەی بۆنەوە ئاشقەکان دەناسنەوە, بەمجۆرە لەوسەری خۆرەتاوی گەرمی ئەشقەوە دەچمەوە ناو کتێبی بێریا لە تەمتووماندا، باس لە تای ئەشقی جوانی دەکەم، کە من پێموایە گەڕانەوەیە بۆ ناو ماڵی سەرەتا، بۆ یەکەمین چوزەرەی عەشق، باسی شەرە پرتەقاڵی مەعشووقەکان دەکەم، کتێبی مەلەکان بەشێکی دیکەی شەڕەکانی ئەشقە، لەوێدا باس لە کەوتن و هەڵسانەوە دەکەم، کە دوو خەسڵەتی سەرەکی ئەشقن، نەوای تارژەن کۆتایی پێدێنی، بە تەواوبوونی سەرجەمی ئەو دیوانە دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە کتێبی ئەشق بنی لە دەریایەو هەرگیز تەواو نابێ، نەوە لە دوای نەوە ئەو کتێبانە هەڵدەدەنەوە. کتێبی پیرۆزی ئاشقان کتێبی منە، لە دوا وانەکانی ئەشق و خۆشەویستی، بەڵام لە دوا ترۆپکی تێگەیشتن لە جەستەی پیرۆز، چونکە بۆ شاعیر نییە ئاستی قسەکانی لە بارەی بابەتێکەوە بێت، کە نزمتر بێ لە بابەت.

## ٨
## دیوانی کتێبی نەی
## ٢٠٠٩

من لە کتێبی بەرەو منداڵی بە جلی پایزەوە دەربارەی شیعر ووتوومە: لە بنەڕەتدا، شیعر هەڵگری دیدگاییکی پێچەوانە و جیاوازخوازییە لەگەڵ جیهاندا، واتە هاوکێشەکانی خۆی لەسەر پیلەکردن لەگەڵ جیهان و ژیان دادەڕێژێ ، هەرکاتێ شیعر لەگەڵ بویەر وجیهاندا کۆک وتەبا بێ، ئەوە مەرگی جیهانبینی شاعیر ئاشکرا دەبێ، بۆیە شیعر هەمیشە لەململانێ وکێشە و پرس دایە لەگەڵ دەوروبەر ، هەمیشە هەوڵ دەدات خوێنەر بەو ئاقارانەدا پەلکێش بکات، کە تژی گومان ونیگەرانییە.
لەراستی دا شیعر جگە لە خوڵقێنەری گومان هیچی دیکە نییە، گومانێک کە بەرهەمهێنەری سەرسامی و پرسیار بێ، لە خودی مرۆڤ وگەردون و شاراوەکان، وەدۆزی هەمان ئەو گینگڵانە بێ، کە بەدرێژایی بوون ڕۆحی مرۆڤیان هەراسان کردووە ، شاعیر هەرگیز ناتوانێ بەبێ جیاوازبوون لە گەڵ جیهاندا شیعر بنووسێ، ئەگەر هەوڵی ئەوە نەدا کە شیعر بەناو شەبەنگی هەزار ڕەنگی دژە ڕێسای جیهاندا نەبات، چونکە لەوێ دەتوانێ قسە لەگەڵ نهێنیەکانی خۆی بکات و لەوێ دەتوانێ تیما مرۆییەکانی شیعر بدۆزێتەوە، ئەگینا شیعری کوردی هەر لەو سێبەرە تۆخەی خۆی دەمێنێتەوەو ناتوانێ شاکارێ ڕەنگرێژ بکات، کتێبی نەی یا سیفری ئاگر، سەربوردەی شیعرە لە نێوان بە تەنها مانەوەی مرۆڤ ، یا مردن لە نێو ڕاڕەوەکانی ساردوسڕی ژیان و لە ژێر تایەی ئەو ماشینە زل و زەبەللاحانەی شارستانییەت، کە مرۆڤ وردوخاش دەکەن، لە مانایەکی دیکەدا شیعرەکانی ئەم دیوانە، کە کاتی خۆی بە ناوی سیفری ئاگر بڵاوم کردبووونەتەوەوە و یەکێتی نووسەرانی کورد بۆی چاپکردووم، پاشان لەبەر چەند هۆیەکی ناوەرۆکی ناوەکەیم کرد بە کتێبی نەی، مانایەکی

دیکەی سەربوردەی تاکی ئاشقە لە نێوان گەڕان بە دوای ئایدیاکانی خۆی و ئایدیا نەتەوەییەکەی خۆی ، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا، لە ڕێگەی داڕشتە جەمالییەکانی شیعرو ئەدەبیاتدا، چونکە شاعیریش هەمان ئەو مرۆڤەیە کە بە هەمان ئەو ئێسقان و گۆشتەوە، لە نێو کۆمەڵگەی خۆیدا سەیری دیاردەکان دەکات ، وەکو ئەوان دەژی و وەکو ئەوان هەوای هەمان جوگرافیا هەڵدەمژێ، بەڵام پرسی سەختی شاعیر ئەوەیە، کە وەکو ئەوان بیر ناکاتەوە ، وەکو ئەوان ناتوانێ بە هەمان سادەیی ئەو ژیانە بژیت، وەکو ئەوان دونیا نابینێ، هەمان ئەو فەرمولەیە کە وەک لە ئەلقەکانی رابردوو گووتم، شاعیر یا هونەرمەند مرۆڤێکی تراژیکی لێ بەرهەم دێت.

بەو چەمکەی چارەنووسی مرۆڤی تراژیک چارەنووسێکی ئەگزیستانسیالیزمییە، چارەنووسێکی وجودییە، واتە شاعیر هێزی هەڵبژاردنی خۆی لە دەست بیرکردنەوە ڕاستەقینەکانی خۆیەتی، نەک لە دەست ئیرادەی ساتەوەختی خۆی، شاعیریش حەزدەکا وەکو هەموو خەڵکانێکی دیکە بژیت، ئەوە پۆرتریێتی ئیرادەی ئەوە، بەڵام شێوەی هەڵبژاردنەکانی جیایە، وەک چۆن حەلاج دەیتوانی بە ئیرادەی خۆی بگونجێ لەگەڵ سیاسەتی ئەو سەردەمدا، بەڵام ئەوە هێزی هەڵبژاردنی ئەو بوو، کە ناکۆک بێت لە گەڵ ڕەوتی سیاسی ئەو سەردەمدا، ئەوەیە کە شاعیر بێ ئەوەی ئیرادە هێزی خۆی بە سەریا داشکێنێ ، هێزی هەڵبژاردن لە ئەقڵی سنەوبەری و ناوەوەی ئەودا، فەرمانڕەوایەتی ئەو دەکات، ئەوەیان بابەتێکی گرینگی شاعیرە، بەڵام بە داخەوە کاری لەسەر نەکراوە، کە دەڵێم کاری لەسەر نەکراوە، بەڵگەی مێژووی ئەدەبی هاوچەرخی کوردیمان لە بەر دەستە، بابەتێک لەم ڕووەوە نەخراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەمو ئەو قسانەم بۆ ئەوەیە بڵێم لە کتێبی نەیدا یا لە کتێبی سیفری ئاگردا، من لە مەودای ئەو بابەتەوە کارم کردووە و وویستوومە شیعر تا ئاستی ئەو دیالۆگە سەر هەڵگەڕێنم، من لە کتێبی نەیدا یاخود وەک لە چاپی یەکەمی ئەو

کتێبەدا کە بە ناوی سیفری ئاگرە، حەکایەتی سووتانی ئینسان دەگێڕمەوە، حەکایەتی نهێنییەکانی تەنهایی ئینسان دەگێڕمەوە، لێرەوە من لە دیوانی کتێبی نەی دا پێ لەسەر ئەوە دادەگرم و وەک لە ئاستی شاعیریێ گوتوومە: کە چۆن هەلی ئەوەمان هەبێ، پێ لە جگەری خۆمان بنێین و باس لە شێوە دیارو نادیارەکانی پرۆسێسی داهێنان بکەین؟ بەوەی کە نەرسۆس واز لە ئاوێنەی ئاو بهێنێ، خودی خۆی لە ئەندێشە کردنی جوانی و خودپەسنی ئازاد بکات، یا بە شێوەییێکی سادەتر، چۆن بتوانین ئەو دەرگایە بکەینەوە، کە بۆ قەڵەمڕەوی ئەوین و لێکدانەوەی نادیارمان ببات، نادیارێک کە پڕ لە جوانییە دیارەکان بێت، ئەو دییارانەی لە ژێر دیدو پەنجەو پلی ئێمەدان و هەرگیز پەیان پێ نابەین، ئەمانە هەمووی پرسیاری نالەبارن بۆ قسەکردن لە مەڕ داهێنانی ئەوانەی قەدەرێک لە ئەوینیان هەیە، ئەو ئەوینەی وەک ڕۆمی شاعیر دەڵێت تیایا – ئێمە کێین لە نێو ئەم دەنیا ئاڵۆزەدا– کە باس لە ئەوینێکی ئاوەها بکەین، بەو پێیەی کە هەرخۆی دەڵێت – تووڕەبوونی ئێمە  هەورەبروسکەی خودایە– ئەوینیشمان میهرەبانی و سۆزی ئەوە–، ئەلێرەوە جەلالەدینی ڕۆمی بە پێچەوانەی هەموو شاعیرانی کلاسیک، لە مەداری ڕەهای خودان هێزی ڕەها دەچێتە دەرەوەو کار لە ناو هێزی ڕەهای شیعر دەکات و دەیکات بە پارسەنگی بابەتی ژیانی خودێتی شاعیر.

ئەم پێشەکیە بۆ ئەوە دەنووسمەوە، کە بڵێم نووسینەوەی شیعرێ پەیوەستە بە نووسینەوەی دیدگاو جیهانبینی، لە کاتێکا باوەڕم وایە کە مەرج نییە هەموو شاعیرێ جیهانبینی تایبەتی خۆی هەبێ، بەڵام بێ هیچ دوودڵییەک ئەوە دەڵێم ئەوەی بە تەنها یەک وشە لە مەودای شیعر دەنووسێ، بەشێک لە دیدگاو جیهانبینی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەنووسێتەوە، هەر بەو پێیەش ئۆدن ی شاعیر گووتوویەتی کاتێ کە – جوانیی دەبینم وەک تاکە کەسێ، دەمەوێ ببم بە دووان– دانتی لە سێ چارەگی سەفەری خۆی دوای زیاتر لە تێپەڕینی نیو سەدە بە سەر

ئەوینی خۆی، لە بەشێکی کۆمیدیاکەی بۆ پیاتریسی نووسی- ئەوین ناچێتە ناو ڕەهەندەکانی زەمەن و خۆی پایەی داڕێژەری زەمەنە، کەچی هایدگەر دەڵێ هەموو ئەوینەکان بە پێی ڕێوڕەسمی چەمکەکانیان زیندانیی نێو زەمەنن، قسە زۆرە بۆ ئەوەی باس لە شیعر بکەین.

٩

## دیوانی کتێبی ئاو

٢٠٠٩

کتێبی ئاو سەرەتای دەرچوونە لە هەموو ئەو ڕەوتە شیعرییانەی کە من دیوانەکانی دیکەی شیعرم پێ وێنا کردوون، چونکە لەم دیوانەدا گۆڕان و جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە گەڵ باقی دیوانەکانی تر، لە ڕووی ئەوەی کە زمان دەچێتەوە سەر ئەسڵی خۆی، کە هاوزا بووە لە گەڵ مەمکی دایک و بە شیری سپی و پاڵاوتە پژاوە، مانا لە نێو سەرجەمی شیعرەکاندا دەچێتەوە ناو مەقامە باڵاکانی خۆی و لە وێوە وێنای سەیرورەتی ژیان دەکاو بە چەندین قۆناغی مەعنەویدا خۆی دەگۆڕێ و کاریگەرییەکانی خۆی نمایش دەکات، فۆرمی شیعرەکان دەچنەوە سەر مەغزاو بە پێی هەمان ئەو مەغزاو ناوەرۆکەوە خۆیان دەگونجێنن، بە شێوەیەک کە لە میانی ماناو ناوەرۆک و فۆرمدا، هەست بە هیچ وەستانێک ناکرێت. لە نێو دیوانی ئاودا خەیاڵ و میتافۆر گەورەترین مەملەکەتیان لە وشە دروست کردووەو شاعیریان غەرقی جوانییەکانی باڵا کردووە، لە کاتی خوێندنەوەیانا هەست دەکەیت کە تۆ بە شێکی لەو دیوان و مەملەکەتەدا، کە هەرگیز ناتوانی جێی بهێڵیت، لە دیوانە شیعری ئاودا هەرچوار ڕەگەزە سەرەکییەکەی وجود- ئاو، ئاگر ، هەوا، خۆڵ- پرۆسەی بەرێوەبردنی شیعریان گرتۆتە ئەستۆ. بۆ یەکەمین جارە شاعیر دەسەڵاتی شیعری لێ دەسەنرێتەوە دەبێت بە کارکتەرێکی کەم دەسەڵاتی نێو شعرەکان و گوێڕایەڵی ئەو چوار ڕەگەزە دەبێت، هەموو ئەوانە لە نێو یەکەیەکی ئێستەتیکیدا ئاوی مانەوەو جاویدانی دەخۆنەوە، بەمجۆرە دیوانە شیعری ئاو بە هەمان ئەو سیفاتانەوە دەچێتە ناو خەسڵەتەکانی شیعری پاڵاوتە، هەمان ئەو جۆرە شیعرانەی کە خەسڵەتی شیعرەکانی مالارمێ و گیوم -ئەبولونیر-یان پێ دەناسرێتەوە. لە نێو بزوتنەوەی شیعری کوردیدا کەم تا زۆرێک نموونە هەیە لەم جۆرە

شیعره، بەڵام بە داخەوە پەرەی نەسەندووە، بۆیە دەتوانم بڵێم دیوانی کتێبی ئاو دیوانێکی تەواوی شیعری پاڵاوتەیە لە نێو ئەدەبی کوردیدا، کە سەرجەمی شیعرەکان رەگەزو سیفاتە سەرەکییەکانی هەست و بزاوتی ناوەوەو رامان و شۆربوونەوەیان بۆناو قوڵایی وجود تێدایە، من لە بەشێک لە ئەزموونی شیعری خۆم باسی ئەوەم کردووەکە ئێستێشی لە گەڵدابێ، من باوەڕم بەوە هەیە کە خەیاڵ و ئەندێشە دوو لە کەرەستە و ڕەگەزە گرینگەکانی داڕشتنی تێکستێکی شیعری جوانن، بەڵام خەیاڵ و ئەندێشەیەکی شیعری بە هێز، کە هەڵگری مەوداکانی سەرسام کردن بن، هەڵگری سیحرو جوانی و شەوق و بەرهەمهێن بن، نەک ئەو خەیاڵ ئەندێشەیەی دەچنە ناو قاڵبی رۆژانەی هەموو مرۆڤێکەوە، خەیاڵ و ئەندێشەیەک لە چەشنی دەقە گەورەکەی دانتی- کۆمیدیای خودایی- یا لە چەشنی تێکستە شیعرییەکەی نالی- مەستورە- یاخود لە ئاستی دونکیخۆتەی سیرفانتیس بێت، ئەوانە ئەو خەیاڵ و ئەندێشەیەن، کە من باسیان دەکەم، بۆیە من لە هەمان سەرچاوەو لە بەیانی یەکەمی ئەزموونی شیعریم دا دەڵێم: لە نێو ئەو مەعبەدە پیرۆزەی مندا ، مەعبەدی شیعر، یانی نووسین بریتییە لە هەڵگرتنەوەی ئەو ڕۆحەی بە دوای وەدەست هێنانی جوانیدا، وەک گەوهەری عومر هەڵدەڕژێ، بەیانی شیعر بریتییە لە گەڕان بە دوای ئەو پارچە شکاوانەی لە جەستەی نووسەر ، شاعیر دەبێتەوە، لەو کاتانەی لە ژێر ستوون و پەنجەرەکانیدا سەیری ئاوابوونی خۆرو هەڵوەرینی گەڵاو دروست کردنی هێلانە دەکەم، بەمجۆرە هەموو شتێ لەم مەعبەدا قوربانی دەوێ، هەموو جوانییەک بە شێک لە داڕمانی جەستەی دەوێ، هەموو داهێنانێک هۆیەکە بۆ خاڵی بوون لەو ئەزموونانەی بۆ ساتێکی نووسین کۆیان دەکەیتەوە، جا ئەگەر خودان ئەندێشەو خەیاڵێکی وا قووڵ نەبین ، چۆن تێکستێکی نەمرو جاویدان بە خوێنەر دەبەخشین.

بەڵێ من لە دیوانی کتێبی ئاودا هەوڵم داوە هەمان ئەو فەرمۆلە یا هەمان ئەو ئایدیایە وێنا بکەم و شیعرەکانی پێ ڕەگاژۆ بکەم لە نێو سەرزەمینی ئەبەدیدا، لە ڕاستیدا دیوانی ئاو بەشێکی گرینگی لە مەعریفەی ئەدەبی مندا بە خەرج داوە، دەتوانم بڵێم دیوانی کتێبی ئاو کۆی هەموو ئەزموونی دیوانەکانی پێشوومە، تیایا خەیاڵ لە گەڵ ئاگر یەک دەگرێتەوە، مەجاز لە گەڵ بنەما ئیدراکیەکانی باڵا دەبێتە یەک و ئەندێشە تێکەڵی هەواو خۆڵ دەبێ بۆ ئەوەی سووڕی ژیانی شیعرەکانی ئەم دیوانە بگەیەننە چڵەپۆپە، لەم دیوانەدا ئاو دەبێتە سیمای مەعشووقی هەمیشە نادیار و سەخت، تێکەڵ بە ڕەنگە مەعنەویەکانی دەبێت، لە هەڵچوون و هەڵکشانی ئاو و لە شەپۆل و لە داڕژانیدا، سیما نادیارەکانی مەعشووق ئاشکرا دەبێت، بە دەنگی نەرم قسەی لە گەڵدا دەکرێت ، لە نێو هاژەیا هاواری تەنها ئاو وەک ئاو وایە دەبیسترێ، ئیدی شیعرەکان لە وێنەو مەجازی مەعشووقدا لە ئاوە بۆ گیا دەپەڕنەوە، لە گیاوە بۆ بەفر لە بەفرەوە بۆ شەوق و سیما تا لە دواجارا هەموو وجود تێکەڵ بە یەک دەبێت.

## ١٠
# دیوانی تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ
## ٢٠١٠

لە کتێبی دیدو دیدگادا نووسیومە: چی لەوە ناخۆشتر نییە، تۆ تەواوی هەوڵەکانی خۆت بخەیتە گەڕ، لە پێناوی گرتنی مەحاڵ و پاشان هەرخۆت، هەمان ئەو مەحاڵە ڕەهاکەیت و بیدەیەوە دەست قەدەر و هەمدیس بەدوایا ڕاکەیتەوە، ئەمە دەق لە پرۆسێسی سیزیف دەچێ، بەڵام بەدەر لە ناوەرۆکی گرنگی ئەفسانەی سیزیفدا، بۆیە ئەو ئەنجامانەی لە ڕەفتارێکی کەم ئەزموونی ئاوادا دەستمان دەکەوێ، چەند ئەنجامێکی کەم بایەخن، بەڵام هەوڵی لەو جۆرە شایانی پاراستنە، بۆیە دەبێ شوورەی ڕۆحییان بۆ هەڵێن و بە دڵ بیانپارێزین، نابێ کارێکی وابکەین، کە بە فوویەک بە فیڕۆیان بدەین، لێرەدا مەبەستم کاری کۆکردنەوەی بیرۆکەی شیعرە، ئەو بیروکەیەی کە لە ناو هەزاران کەلێن و ڕەوەزی سەختەندازو قووڵاییدا خۆیان حەشارداوە، شاعیرانی بە توانا، بەدوای وەدەست هێنانیاندا، خانەکانی زەین و بلێسەی ئەندێشەیان بۆ دادەگیرسێنن، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی قەڵەمەکانیان، دایانڕێژن و شاکاری پڕ فیگەری زیندوویان لێ بخوڵقێنن، کە هەر بەراستی هەمان ئەو خوڵقاندنەیە، شوناسی ئەو قەڵەمانە دیاریدەکات. ئەمە لە کارە هەرە سەخت و دژوارەکانی ، پرۆسێسی داڕشتنی شیعرە، دۆزینەوەی گەوهەرەکانی ناو دەریا و زێڕی ناو لیتە و بیرۆکەی ناو ئەستەمییەکان، کاری وەستا داهێنەرەکان و زێڕدۆزە بلیمەتەکان و شاعیرە بە تواناکانە، بەڵام هێشتا لە سەختی و نادیاری و نەبینراویدا، هیچیان ناگەنە قوولەپێی ئەو شاعیرانەی لە نەبووندا، بوونێکی بە ڕۆح و خوێن دەخوڵقێنن، کەواتە کاری شاعیر لە دۆزینەوەی بیرۆکەی شیعردا ، کاری داڕشتنی ئەفسانەیە، کاری خوڵقاندنە، بۆیە لە ئاستی مامەڵە کردن، لە گەڵ ئەم ئەفسانەیە و ئەم خوڵقاندنەدا، دەبێ ئاگاداری قەڵەم بین، جڵەوی ئەم

پرۆسێسە سەختە، بەلای بێناوەرۆکیدا نەبات، چونکە ڕوودانی لاخوارییی، لە دارِشتنی شیعردا، دەچێتە ئاستی گوناه، شاعیر نابێ بە نووسینەوەی گوناه تاوانبار بکرێ، چونکە شاعیران، لەتۆوێکی پاکدا، حیکمەتی ژیان دروست دەکەن. دووبارەی دەکەمەوە ئایا ئێمە لەنێو سەختداریتی نووسینی شیعر بەهەمان ئەو شێوەیەی من باسی دەکەم چۆن دەتوانین بالانسی بکەین لەگەڵ کاتو چەمکی کات، چونکە کاتی نووسینی دەقە شیعریەکانی کە سەرسامی بەرهەم دێنن هێند تیژپەڕە زۆرجاران قودرەتی ئەوەمان نییە بەم تیژپەڕیە ڕابگەین، بۆیە زۆر جاران ئەو هەموو مەعالیمە جوانیانەمان لەدەست دەچێو ئەو هەموو مەرجانە ڕەنگینانەی بیرۆکەی شیعرییو شەقو جوانی ئەو ڕستانەمان لەکیس دەچێو بۆ ئەبەد جارێکی دیکە نایدۆزینەوە، هەرکاتێک ئەم کاتە تیژپەڕەی شیعرمان بۆ ڕاو نەکرا، ئێدی بۆ ئەبەد ناوەرۆکی دەقەکانیشمان لەگەڵ خۆیان دەباو دووبارە بە تەنها دەمێنێنەوە، تەنهاییو دەستەپاچەیی لەبەرامبەر ئەم کاتە تیژپەڕانەی کە مەحاڵ پێمان دەبەخشێ. شیعرەکانی دیوانی تۆ هەمیشە تۆ  شەلاڵی عیشقی جاویدانین، شاعیر لەوێدا بە دوای رزگارکەرەکانی زمان دەگەڕێ بۆئەوەی بگات بە دوا ترۆپکی گوزارشت کردن و ئیدی لەو چەمکە هایدگەرییەی زمان ڕزگاری ببێت، بەوەی کە نەبێتە زیندانی گوزارشتەکانی، بۆیە لەو شیعرانەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ، کە شوێنی ڕەها لە نێو ئەو شیعرانەدا هەموو شوێنێکە ، ئاسمان و زەوی و دەریاو بیابان دەست نیشانی ئەو سنوورە ناکەن ، بەڵکو تا دوا توانست ڕەها لە نێو فەزای ئەو شیعرانەوە دوور و بە ئەزەل دەبنەوە ، بەمجۆرە ئەبەدو ئەزەل ، فەزاو سەدیم، ڕەها لە دیاردە هەرە باوەکانی ناو شیعری تۆ هەمیشە تۆیە، لەو دیوانە شیعرییەدا تۆ هیچ کەسێکی دیاریکراو نییە ، نە ڕەهای نادیارەو نە مەعشووقی دیارە ، بەڵکو ئەو هێزەیە کە تەواوی مرۆڤایەتی بەلای خۆیدا پەلکێش دەکات

و بەرەو دونیای بێئاگایی دەبات و شەلاڵی ڕەگەزەکانی شیعری دەکات، دونیا جوانەکانی شیعری بۆ ئاشکرا دەکات، مەعالیمەکانی ئێستەتیکی بۆ دادەمەزرێنێ، هەموو ئەوانە لە نێو دیوانی تۆ هەمیشە تۆدا قەبارەیەک لە کاریگەریێتی دەخەنە ئاراوەو خوێنەر لە گەڵ خۆیاندا دەبەن.

## ١١

## دیوانی درەختی درەوشانەوە

## ٢٠١١

بە پێچەوانەی ناوونیشانی درەوشانەوە، دیوانی درەختی درەوشانەوە هەڵگری سیماکانی نائومێدی و شکستە ڕۆحییەکانی ئینسانە، من بە درێژایی ئەزموونی شیعری خۆم ، هەڵگری خەمە ئینسانییەکان بوویم، هەمیشە ویستوومە گوزارشت لە بیرکردنەوەکان بکەم، گوزارشت لە جوانییەکانی مرۆڤی سەردەم بکەم، ویستوومە هێزو بەهای مرۆڤ لە گەڵ هێزو بەهای شیعر بالانس بکەم، بۆیە شیعر لای من پرۆسەیەکی سەختی بیرکردنەوەی شاعیرە، ئەوانەیش کە دەبن بە خاوەنی ئەزموونێکی شیعری، زۆر جاران لە دوورە ڕێی بیرکردنەوە و دارشتن و گوزارشت کردن تووشی لێکترازان و هەراسانی و وەیشوومەی دەروونی و ڕۆحی دێن.

نەک هەر ئەمە هەموو ئەوانەی کە وان، لە هەموو کەس زیاتر بە سەیری دیمەنەکانی دەروونی تاک و کۆمەڵ تووشی داوی نائومێدی دەبن، هەندێ جار وەستانی ئەبەدی، هەندێ جاریش تووشی گوزارشتی جیاواز دەبنەوە، دیوانی درەختی درەوشانەوە دوای بە چاپ گەیاندنی دە دیوانی شیعری، کە هەریەکەو لە بارێکی دەروونی منەوە نووسراون، دێت و هەموو ئەو سرووتانە دەبینێ کە پیایا تێپەریوە، کە لە شیعرەکانی ڕابردوودا گوزارشتیان لێکراوە، شیعر لەوێوە سەرەتایەکی دیکە بۆخۆی دادەڕێژێ، سەرەتایەک بەو مانایەی کە ئیدی هەمان بیرکردنەوەکانی پێش خۆی دووبارە نەکاتەوەو کەرەستەو ڕەگەزو مەعالیم و فۆرمی تازە بۆ خۆی بدۆزێتەوە، شاعیر هەمیشە لە نێو فۆرمەکانی مەعریفی و خەیاڵ و ئەندێشەو جیهانبینی تازەدا دەسووڕێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ لە ناو تەمتوومانی ڕۆژگاردا، سەرچاوەکانی شیعر بدۆزێتەوە و پێیانەوە خۆی بە دونیا بناسێنی و ڕۆحی نیگەران و قەلەقی خۆی پێ سارێژ بکات،

هەمان ئەو سەیرورەتە بەردەوامەی بیرکردنەوەی شاعیرە، وادەکات ئەزموونەکان لە ناو خولگەی تازەبوونەوەدا بسووڕێنەوەو جیهان ببینن. لە دیوانی درەختی درەوشانەوەدا ژیانی نووسین و ئەدەبیات، ژیانی تاک ، ژیانی مەوجودات بە هەموو بزرو نابزری خۆیانەوە، بە هەموو بوونەوەرە زیندوو و نازیندووەکانەوە، بە هەموو مەجەڕاتەکانییەوە، ئامادەیی هەیە، هەوڵێکە بۆ پارسەنگ کردنی زمان و زەمان، بۆ ووچان گرتنی ڕۆحی ئینسان، پرسیاری ئەوە دەکات کە ئاخۆ ئێمە چی بکەین باشە، بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی بتوانین لە سەر پێیەکانی خۆمان بوەستین نەکەوین؟ لەوێدا واتە لە نێو شیعرەکانی ئەم دیوانەدا، ئافرەت دەبێتە ئەو نوورە هەمیشەیی و ئەبەدییەی لە شێوەی کتێب دەردەکەوێ، کتێبێ کەبەشی سەرتاسەری مرۆڤایەتی دەکات، کە تیایا ماناکانی ژیان بخوێننەوەو بەردەوامی بە ژیان بدەن، ئافرەت دەبێتە کتێبی شەوق و نوور، دەبێتە شەرابی پێش هەموو شەرابەکان، کە ئاگاهی ببەخشێ بە مێشکی مرۆڤ، بۆیە لە شیعرەکاندا هەمیشە پرسیاری ئەوە هەیە، کە ئاخۆ ئەم کائینە لە کوێوە هاتووە، لە کام بزاوتی گوڵە گەنم هاتووە؟ ئاوا لە کێڵگەی ئەوینی ئینسان شین بووە؟ بەڵام هەموو ژمارەی پرسیارەکان تەواو دەبێ و هەرگیز وەڵام بۆ ئەوە تەواو نابێ، هەروەها لە ناو ئەم دیوانە شیعرییەدا پۆرترێتی ئینسان یا دیمەنی ئینسان دیمەنێکی پڕ لە سام و هەیبەتە ، ونبوونی ئەو دیمەنە کارەساتی دەروونی دروست دەکات، بۆیە وێنەی کتێب لەم دیوانەدا زاڵە، یادەوەری کتێبەکان دەگێڕمەوە، من بۆخۆم لە خوێندنەوەی ئەم دیوانەدا بۆنی کتێب هەموو کەونی من دادەگرێ، کە لەڕێی هەمان ئەو کتێبانەوە دونیام ناسیوە، باسی کتێبەکانی باوکم دەکەم ، باس لە ژمارەو ئاوازی ژیان دەکەم، کە فیتاگورس پێی وابوو دونیا ژمارەو ئاوازە، هەر لە شیعری زمان و زەمانەوە تا دەگاتە شیعری سفر، هەموو تیمای ژیان و مانەوەی ئینسان وێنا دەکەن، بەمجۆرە لە دیوانی درەختی درەوشانەوە شیعر

دەبێتە پارسەنگی ژیان، مەحمود نەجمەدین لەم ڕووەوە شتێکی جوانی نووسیوە کە دەڵێت: درەختی درەوشانەوە کە دیوانی کەریم دەشتییە و لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەو فیکری و ئەدەبی نمایە، دەمانباتەوە بۆ دونیای خەیاڵ، زمانی مەجاز بۆ نێو عەشقێکی ئاڵۆزمان دەبات، شیعری کەریم دەشتی خۆداماڵینە لە واقیع و ئیشکردنە لە وەهم و خەیاڵ، لەم دیوانەشدا شاعیر – تۆ – یەکی مەجازی هەیە بەرگی کەسایەتییەکی ناڕون و نادیاری پۆشیوە، شیعر قسە کردنە لەگەڵ ڕۆحێکی نادیار، ڕۆحێک لە نێوان بینین و نادیاریدا، زانا خەلیل لە بارەی شیعری ناسینەوەی زیو لە دیوانی درەختی درەوشانەوەدا دەڵێت:بە درێژایی و تا کۆتایی شیعرەکە ئیدی موخاتەبەی هەمان کارەکتەری دەستپێکە.. بۆیە کردنەوەی کۆدەکان و بوونی زانیاریی و تێگەیشتن لەوەی کە تۆ قومری سەربالّی یەهودییێکی ئۆرشەلیمی و تۆ دۆزەخیەکی لە کتێبی دانتی و بەهەشتێکی ونبووی لە میلتۆن، زۆر گرنگ دەبێ لە درووستبوونی چێژ لای وەرگر. ئاستی دووەمی ئەو شیعرە ئەوەیە کە تێیدا گرنگییەکی زۆر بە ئیقاع و موزیک دراوە، گریمان ئێمە هیچمان سەبارەت بە :( رووباری ئەنەدۆڵ، ورمێ، دمدم، رامبۆ، مۆدێرن، ئەمازۆن، فۆلگا، پۆشکین، کێلەشین، بۆدلێر، قوستەنتین، کتێبی دانتی، میلتۆن، ئۆرشەلیم، نازی و ..تاد) نەزانی، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکە هەست بە تیشک و گەرمییەک دەکەی لەو پەیوەندییەی کە لە ئاستی وشەسازی لە نێوانی وشەکان و لە ئاستی رستەسازییەوە، لەنێوانی ڕستەکانەوە روودەدەن، رۆلان بارت گوتەنی: دەقی چێژبەخش دەقێکە کە دڵخۆشمان دەکا و بەرهەمی دەبێ، دەقێکە کە بە سیماو خاسییەتەکانی ئاسانی خوێندنەوە پەیوەست و گرێدراوە.. ئەو شیعرە ئاسان دەخوێندرێتەوەو خوێنەرانێک دڵخۆش دەکا، ڕەنگە ئەو قسەیەی من لێرەدا پەیوەست بێ بەو بڕوایەی کە دەڵێ: لە بنەڕەتدا هەمیشەو بەردەوام ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، (ئەوە بۆ من چییە؟).بۆ من،

شیعری (ناسینەوەی زیو)ی دەشتی شاعیر، یەکێکە لەو شیعرانەی کە لە هەردوو ئاستی مەعریفی و موزیکدا، شیعرێکە لەناوەخۆیدا هەڵگری چێژو لەززەتێکی زۆرە و شیعرێکی ئامادەشە بۆ ئەوەی کە هەر خوێنەرێک بتوانێ چێژی لێ ببا، بە تایبەتیش ئەو وەرگرگەلەی کە توانای کردنەوەی کۆدەکان و زانیاریان سەبارەت بە ناو و دەستەواژەو سیمبۆل و لایەکانی تری تەکنیک و ناوەوەی شیعرەکەوە هەیە.لێرەوە راڤەکانی زانا خەلیلی شاعیر تەواو دەبێ، ماوەتەوە ئەوەبڵێم کە دیوانی درەختی درەوشانەوە، دیوانێکی سەربەخۆ و کامڵە لە ڕووی بابەت و ناوەرۆکەوە، زمانی ئەم دیوانە زمانی ئینسانەکانی  ژێر تەپ و تۆزی شارستانیەتی ئێستامانە ، زمانی هەموو ئاشقەکانە کە لە میانی پرسیارە ناخەکیەکانی خۆیانەوە مەعشووقەکانی خۆیان دەبەنە ئاستی پەیوارو ئاسمانەوە ، درەوشانەوە لەو ئاقیقە شکاوانەوە دێت کە هەمووی هەناسەی نائومێدی مرۆڤ لەم سەر زەویە.

## ٢
# دیوانی درختی خامۆشی
## ٢٠١١

دارسان بە نێو تیمای شیعر و زمان، بەرهەمهێنەری ئەقنومە جوانەکانە، ئەو ئەقنوومە جوانانەی شاعیر دەیانکات بە یوتوبیای خۆی و مۆتیفی ژیانیان لێ دروست دەکات، ئەدی شارەکەی فارابی و یوتوبیای توماس مور و کۆمارەکەی ئەفلاتونیش، هەر بەرهەمی بیرکردنە وەو لێکدانەوەی خەیاڵی شیعری نەبوون؟ شیعر سەرداری هەموو هونەرەکانە، هەموو بونیاتە زمانییەوانەکانی تەلاری نووسین لە شیعرەوە پەرپۆ دەبن و لە سێبەری بیرکردنەوەیەکی شیعریداهەراش دەبن و دەچنە نێو دونیای بینین و بەربینینەوە. کەواتە شیعر هونەری هەموو هونەرەکانە، لە دەریچەی شیعرەوە یاخود لە نێو بازنەی بیرکردنەوەی شیعرەو ئەندێشە و خەیاڵی خەللاق، بۆ پرۆژەکانی هونەرو ئەدەبیات دروست دەبێت، بەدرێژایی ئەزموونی شیعریم بەرهەمگەلێکی هێجگار زۆری شیعری دونیام خوێندەوە ، هەر لە شیعرە سەرەتاییەکانی گریکەوە تا دەگاتە رێنیسانس و مۆدێرن و پاش مۆدیرنیش، شاعیرانێکی زۆرم ناسی لەو شاعیرانەی وەک یتس و کیتس و بایرون و ریلکە و ئەبولونیر و بودلێرو رامبۆ و مالارمێ ئێلیوت و بوشکین و سان جونبیرس و بابلو نیروداو لورکا و شاعیرانی قووتابخانەو رێبازە ئەدەبییەکانی عەرەبی و فارسی بە تایبەت شاعیرانی کلاسیکی کوردی عەرەبی و فارسی وەک مەولەوی و نالی و مەحوی و حەریق حافزو سەعدی و جەلالەدین و موتەنەبی وجاحزو ئەبونەواس ، شاعیرانی سەردەمی لوتکەی شیعر کە عەرەب بە هی سەردەمی جاهیلیان لە قەڵەم داوە، ئەمە جگە لە بەرهەمگەلێکی هێجگار زۆری رۆمان و چیرۆکە ناودارەکانی دونیا، لە هەموو میللەتان، ئیدی مەعریفەی ئەدەبی لە نێو رێژنەی سنەوبەری سەری مرۆڤدا کەڵەکە دەبێت، دەبێ بە دیدو

دیگای شاعیر، دەبێ بە شوشەی جیهانبینی شاعیر و دونیای پێ دەبینێ، بەبێ خوێندنەوە دەمارەکانی شاعیر ووشک دەبن، بەمجۆرە بە درێژایی ئەو هەموو ماوەیەی کارکردن و وەرگرتن و بەخشینەوە، دوای بە چاپ گەیاندنی یانزە دیوان شیعر پڕژامەوە سەر بە چاپ گەیاندنی دیوانی درەختی خامۆشی، کە دەکرێ بە دووانە دیوان لە قەڵەم بدرێ، لە گەڵ دیوانی درەختی درەوشانەوەدا، هەرچەند تیمەو زمان و لێکدانەوەیان جیاوازییێکی زۆریان هەیە، دیوانی درەختی خامۆشی هەڵگری شوناسی ساتەوەختەکانی نووسینە، واتە هەڵگرەوەی پارچە ڕۆحە ڕژاوەکانی کەسێکی پڕ لە ئازارە، ئەو ئازارانەی مرۆڤ لە هەموو ساتەوەخێکی ڕۆژانەی ژیانیدا دەیچێژێ و هەستی پێدەکات، ئازارەکانی سەر زەوی مرۆڤایەتی، داڕشتنی جوانییە لە ناوچووەکان، ریزکردنی وێنەی مەعشووقەکان لە پەرتەوازەبووندا، نیشاندانی پرۆفایلی شارو برینەکانی مێژوو، کە زمان لە دیوانی درەختی خامۆشیدا، هەموو ئاستەکانی ئاڵۆزی دەگوازێتەوە بۆ موزیک، موزیکی ڕستەو وشەکان، موزیکی ناوەوەی ژیان بە هەموو شتەکانییەوە، موزیکی ئەو یادەوەریانەی با لە گەڵ خۆیانی دەبات و پەرش و بڵاوی دونیایان دەکات، واتە زمان دێتە ئەو ئاستانەی کە هەندێ جار لە نیوەی قەدی قەڵەمدا دەشکێن، خوێنی زمان دەبێتە میداد، شیعرەکانی درەختی خامۆشی باس لە وێنەی ئەوانە دەکات، کە لە نێو تەمتوومانی زەمەندا ئاستی زمان و زەمەنیان بەسەر یەکا پیادە دەبێ و لە چاو وون دەبن و لە ڕۆحا ئاسێ دەبن، دواجار لە تەختەی زاکیرەی مرۆڤدا ئاسەواریان نامینێ و شاعیر زیندوویان دەکاتەوە. دیوانی خامۆشی باس لە کێشەی گەورەی شاعیر دەکات، لە نێوان گەمەی ئاگرو کتێب و ئەوین، هەندێ جار شیعر لە ئاستی ئەو هەموو ڕووداوە خێرا و کۆمیدی تراژیدیانەوە بە تەنها دەمێنێتەوەو بە ناچار خەریکی کۆکردنەوەی قسە ڕژاوەکانی خۆی دەبێت، خەریکی بەیەکەوە گرێدانی

یادەوەرییەکانی خۆی دەبێت، لەو دیوانەدا شاعیر هاوار دەکات و دەڵێت ئیدی تەواو، ئێستا نۆرەی سەرهەڵگەڕانە بە کەلکەتا، بۆ ئەوەی هەر کەسە و خاچە ئەبەدییەکەی ئەستۆی خۆی وەرگرێتەوە، دیوانی درەختی خامۆشی باس لە خامۆش بوونی ئینسان دەکات، لەو سەردەمەی کە جەستەی پاکیزەکان و جەستە پیرۆزەکانی زەینی شاعیر مامەڵەی شتیان لە گەڵدا دەکرێت، بۆیە بە ناچار دەگەڕێتەوە سەر ئارەزووە سادەکان ، روو لە فەزا چۆلەکانی ژیان دەکات، تا پەیمانەی مەستی و سەفا هەڵدات و بچێتەوە ناو رەنگە شینەکانی ئاقیق و لە وێوە سەیری دونیا بکات، بۆ ئەبەد لە زیندانی زمانەوە بچێتە نێو زیندانی زەمەنەوە، کە ئەمەش سەرەتای ئاوابوونی ئەبەدی بەهای ئینسانی سەردەمە، ئەگەر شیعر لە دیوانی درەختی درەوشانەوەدا، باس لە نائومێدییەکانی مرۆڤ دەکات و لە سەردەمی درەوشانەوەی پەرەسەندنەکانی تەکنولوژیدا و نەهامەتییەکانی ڕۆحی مرۆڤ دەوروژێنێ، ئەوە لە درەختی خامۆشیدا درەوشانەوەی شوشەی هەمان ئەو ڕۆحە شکاوانەیە، لە زمانێکی موزیکی دا دادەڕێژێتەوە و سنووری نێوان زمان موزیک تەلاشی دەکات، ریتمی زمان دەباتەوە سەر ریتمی ئاواتە بەرزەکانی مرۆڤی سەردەم، من دیوانی درەختی خامۆشیم لە بەندو گرفت و لەمپەرە دەروونیانەوە نووسیوە کە ئێستەتیک و لێکدانەوە دەشارنەوەو ڕۆحی شاعیر هەڵدەمژن، دەبێ ئەوەیش بڵێم، من لە هەموو دیوانەکاندا، بە تایبەت لە دیوانی خامۆشی و دیوانەکانی داهاتووشمدا، ئەشق سەرمەشقی سەرهەڵگەڕانمە بەسەر بیدادی ئازارەکانمەوە، ئەشقە هەموو تەمەنی منی بردووە و بە شیعر پێم دەبەخشێتەوە، بۆیە ئەگەر دیققەت بکەیتە شیعرەکانی ئەو دیوانە جگە لە پرۆسەی شیعرییەتی دارشتنی جوانی، هیچ شتێکی دیکە نادۆزیتەوە، باس لەو ئەشقە نادیارەدەکەم کە نازانم لە گەڵ کام بادا هاتووەو بۆ کوێمان دەبات؟خوێنەری ئەم دیوانە هەست دەکات کە ڕۆحی من لە هەزاران هەزار شوێندا وەک ئاوێنەیەک شکاوە،

لەم دیوانەدا ئەخاب دەبینم، دەگەڕێتەوە دەریا، بیاتریس دەبینم دەگەڕێتەوە باوەشی دانتی، لەم دیوانەدا هەموو جەمسەرەکان دەچنەوە سەر یەک و دووبارە جیا دەبنەوە ، هەر ئەمەشە کۆتایی هەموو شیعرەکانی ئەم دیوانە.

۱۳
## دیوانی سکڵی ناو خۆڵەمێش
۲۰۱۲

دوا دیوانی شیعریم سکڵی ناو خۆڵەمێشە، کە هەڵگری شوناسی تەواوی ئەزموونی شیعریمە ، یەکێکە لەو دیوانانانەی ئەزموونی منی بردە قۆناغێکی دیکەی بیرکردنەوە لە دونیاو بوون و کەون و کائینات، لەم دیوانەدا دیدگای ساڵانی سەرەتای دەست پێکردنم دووبارە لە چەشنی شەبەنگێکی وجودی بۆ گەڕایەوە، کە هەمووی خوێندنەوەی کتێبەکانی کارل یاسبرز و ولیم جیمس و ئەلبیر کامۆ و سارتەرو سیمون دی بوفوار بوو، بەو واتایەی کە من زۆر شەیدای ئەدەیی ئەگسیستانسیالیزم بووم، من لە نێو دونیای ڕێبازەکاندا وەک عاشقێ وابووم بۆ ئەو کانییە مەعریفیە وجودیانەوە، بوون و نەبوونی سارتەر و هەڵگەڕاوەی کامۆ دوو کتێبی هەمیشەی بەرچاوم بوون، جگە لە کتێبەکانی وەک ئەفسانەی سیزیف و مەقسەڵە و غەریب و تاعون و دەستە چەپەڵەکان و گەلێکی دیکەی ئەدەبیاتی وجودی,
بە دووبارە کردنەوەی خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە عەشقی کۆنینەی وجودیەتی بیرکردنەوەی خۆم لێ زیندوو بۆوە و بە بنی دایەوە، پێموایە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی فەلسەفەی کۆمینیزم و سەرچاوە مارکسیەکانی مەعریفی و بە تایبەت خوێندنەوەی بەیانی کۆمونیزم و کتێبەکانی لەنین و ترۆتسکی و نووسەرە مارکسییەکان و ڕۆمانەکانی سەردەمی سوفیتات و شۆرشی ئوکتوبەری ۱۹۱۷، کە سەرەڕای خوێندنەویان و گرینگی بابەتەکانییان ، بەڵام ڕۆحی ئەو وجودییەتەی لە مندا زیندوو کردەوە، کە تاوەکو ئێستاش تاکە فەلسەفەیەک کە پرسیار بۆ پرسیاری لە بن نەهاتووی مرۆڤ خەڵق دەکات و لە زۆر کەلێن و لاپەڕەکانی ئەدەبیاتی خۆیدا جۆرێک لە دڵنەوایی بۆ مرۆڤی ڕۆشنبیرو بیرکەرەوە کۆدەکاتەوە، وجودییەت پرسیاری ئەزەلی ئینسانە ، لە هەمان کاتدا وەڵامی پڕ پرسیاری

ئەوە، هەلبەت بۆمن بە تەنها ئەوە بەس نەبوو، چونکە لە نێو کێلگەی ئەدەبیاتی وجودیدا، هەندێ شەوق پەرش و بڵاو دەبێتەوە کە دەچێتەوە سەر بابەتەکانی سیریالییەت و تەسەووف، هەمان ئەو شەوقانە بوو کە منی ڕاپێچایە ناو خوێندنەوەی سەرچاوەکانی سیریالییەت بە تایبەتی کتێبی بەخششە بنەڕەتییەکانی بزوتنەوەی سیریالییەت، چەمک و پرانسیبەکانی سیریالییەت، پاشان لە ناواخنی ئەو کتێب و نووسینانەی سیریالییەت، بە تایبەت کتێبەکەی ئەدۆنیس و ئەتروحەی فەنتازی عەلی شوکدا، ئاماژە و هێما بۆ سەرچاوە تەسەوفیەکان و پەیوەندی لە گەڵ سوفیزم دا دەکرا.
بۆیە بە ئارەزوویێکی زۆرەوە کەوتمە سەر خوێندنەوەی ئەدەبی تەسەووف، بە تایبەت شیعرەکانی حافزو جەلالەدین و جزیری و هەندێ لە شیعرەکانی مەحوی و کتێبە عەرەبییەکانی تەسەووف هی وەک محیدینی عەرەبی و رابیعەی عەدەوی و سوفیەکانی بەغدادی، هەروەها حەلاج و سوهرەوەردی زۆرانێکی تر، هەموو ئەوانە بۆمن کەش و هەوایەکی موگناتیسی هەزاران ڕەهەندیان دروست کرد، بیرکردنەوەی جیاوازییان دروست کرد، هەر لەم کەش و هەوایەدا بوو و لەم مەودایەدا بوو، کە شیعرەکانی سکڵی ناو خۆڵەمێشم دەنووسی، بێ ئەوەی بوەستم کەوتبوومە نێو سرووتی بۆچوونە عیرفانییەکانەوە، هەلبەت بەو مانا قووڵە نا کە هەیە بەڵکو لە سێبەرو ڕارەوەکانیدا شەلاڵی ئەشق جوانی و دیارو نادیاری بووبووم، هەر بۆیەش لە چاپی یەکەم دیوانی وەرگێردراوم بۆ سویدی کە دیوانی سکڵە، نووسەرو شاعیرێکی دیاری سویدی و - جۆن سویدنمارک - لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی: (کۆمەڵە شیعری سکڵی ناو خۆڵەمێشی کەریم دەشتی لەسەر بناغەی تەسەووفەوە وەستاوە)( لەگەڵ ئەوەیشیدا لێرە نوێخوازێکی بناغەیی هەیە، کە کتێبەکە لە لاسایکرن و شێوازی کۆن تێدەپەڕێنێ)( هەموویان بە یەکەوە – مەبەستی هەر ٩٢ کۆپلەیە – کۆرسێکی گۆرانی خەتابارکردن، ئەشقێکی گۆشەگیریی پێکدەهێنن) (

پارادۆکسەکان بە بەردەوام نمە دەکەنە ناو دیوانی سکڵی ناو خۆڵەمێش، تێیدا ئەشق وەک ئازادی و زیندانێک و هەم وەک زۆر دور و نزیک دەردەخرێ)، هەرەوەها دکتۆری بە ناوبانگی ئەدەبیاتی کلاسیک و سویدی – بو کۆستافسون – لە کتێبەکەدا کە رزکار شیخانی وەریگراوە، بۆ کوردی لە پێشەکی کتێبی وەرگێردراوی دووەمدا نووسیویەتی: شاعیرییەتی ئەو یەک تاکە کۆششی درێژخایەنە، بە هەستی بێ مانایی و بە تاڵی ڕۆحی لەم ژیانە مۆدێرنەدا، هەر بۆیە شیعرەکانی ئەو هێندە گرینگن بۆ مرۆڤی عەلمانی و مۆدێرنیتێت، کە تەنها لە فۆرمی نامۆیی و هەستی غوربەتدا لایەنی ڕۆحی دەناسێ، لە میستیزمدا هەمان گرفتی هەست، بەهای سەرەکی هەیە کە وادەکات لە گەڕان بە دوای ڕەهادا باری ژیانی مرۆڤی مۆدێرن ڕەنگ بداتەوە، – وێنەیەکی باش دەداتە بابەت لە ستایل نووسەرایەتی دەشتیدا، شاعیریەتی ئەو وەڵامی ئەو بانگە وجودیەیە تێیدا دیدی ئەو لە گیرۆدەیی مرۆڤ لە فەلسەفەی مۆدێرن نزیک دەبێتەوە، بۆنموونە لای مارتن هایدگەر نەبوونییە کە خەسڵت دەداتە مرۆڤ، ئەمەش خەسڵەتی مرۆڤبینی دەشتییە، مرۆڤ خاوەنی بوونی خۆی نییە بەڵکو هەمیشە دەبێ بە دوای بوونی خۆیدا بگەڕێ، بێ ئەوەی هیچ کاتێ پێی بگات).

ئەلێرەوە دووبارە دێمەوە سەر دیوانەکەو دەڵێم سکڵی ناو خۆڵەمێش دوا دیوانی شیعری ئێستاکەی منە، کە هاتە چاپکردن، لە ڕاستی دا تەواوی شیعرەکانی ئەم دیوانەم ، کە هەوڵی چڕ کردنەوەو خەست کردنەوەی بیرۆکەی شیعریم تیا داوە، هەوڵێکە بۆ بە باڵابردنی چەمکەکانی ئەوین و خۆشەویستی بە شێوەیەک کە بتوانم ، ئەو چەمکانە بگەیەنمە ئاستی بە باڵا کردنیان، دەخوازم بڵێم، شیعر لە توانای دایە کە سروتێ بخولقێنێ، هەڵگری هێزێکی زۆری ئەتراکتیف و پەیڕەو بێت، مرۆڤ بخاتە ناو پرۆسەی ئۆبلایجێشنێکی شیرین و لە هەمان کات حەسرەت بەخش، ئەو مرۆڤایەتی بە دەست جەبریەتی وەڕەسی و بێهودەیی

دەناڵێنن، بەڵام شیعری بە هێزو هاوچەرخ دەتوانێ بۆ چەند ساتێک پەنایەک بۆ خوێنەر دروست بکات، تیایا بکەوێتە ناو رامانێکی قووڵ.

بە کورتی پرۆسەی خوڵقاندنی شیعر بریتیە لە پرۆسەی بە هەند هەڵگرتنی هەستی ئینسان، ئەو شیعرانەی لە دەرەوەی هەستی مرۆیی کار دەکەن ، شیعر گەلێکن لە ناو ئەفێکتی تەکنولۆژیادا لە دایک دەبن، کە ڕەنگە لەگەڵ ئامێرەکان جیاوازیان نەبێ لە ڕووی کاریگەرێتی یەوە، بۆیە هێزی مانەوەو جاویدانییان نییە، من بە پێی ئەزمونی شیعری خۆم دوورکەوتوومەتەوە لەم جۆرە نووسینە بە ناو شیعریانەوە، من دەمەوێ جەدوایەک ، هەنجەتێک بۆ مانەوەی ئینسان دروست بکەم، ئەمەش کارێکی سەختە، پێویستی بە خوێندنەوەی قووڵ و ئەزمونێکی پڕ هەیە.

# بەشی دووەم
# کارکردن لە ناو ئەدەبی جیهانیدا

## ١٤

## کتێبی کتێب

### ١٩٩٩

کتێب ناونیشانی کتێبێکمە، کە لە ٩١ لاپەڕەدایە و لە ساڵی ١٩٩٩ لە سلێمانی لە دەزگای سەردەم چاپکراوە، یەکەمین کاری منە لە وەرگێڕان و لە بارەگای یەکیەتی نووسەرانی کوردستان لە سورداش تەواوم کردووە و لە ئێران دەستم پێکردووە، ئەو کاتەی کە کاری داڕشتنەوەو پێداچوونەوەم بۆ دەکرد، سەردەمێکی پڕ لە ژاوەژاوی دەروونی و سیاسی بوو لە کوردستان، کورد بە سەر خۆیا دابەش بوو بوو، شەڕێکی زۆری یەکتر کوژی ئەنجامدرابوو، کەس نەیدەزانی لە نێو ئەو شاخانە چی ڕوودەدات، تازە سەرەتای مفاوەزاتی یەکیەتی و میریی دەستی پێدەکرد، ئێمە کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیب بووین، لە نێو بارەگای نووسەران لە قەدپاڵی چیای سورداش بووین لە بەری مەرگە، پاشان بۆ ماوەیەک هەمان ئەو بارەگایە گواسترایەوە بۆ مەرگە، بیرم دێ ئەو کات سامی شۆرش و پەرۆش و موکری و حەمەدەمین بادینی و خەلیل دهۆکی و جەوهەر کرمانج و برادەرێکی دیکەی بادینیش لەوێ بوون، ئەو کاتە کتێبێکی کەممان لە بەردەستدابوو، بۆیە هەمان ئەو کتێبانەی کە دەستمان دەکەوت بە نۆبەت دەمانخوێندەوە، هەر لەوێ بوو ڕۆمانی – جسر علی نهر درینا– و دووبارە – الانسان المتمرد – ی کامۆ و بودلێرم خوێندەوە، سەردەمێکی سەیر بوو، لە لایەک موفاوەزاتی یەکیەتی بوو، لە لایەکی دیکە گەرمەی یەکتر بڕی و خۆ ئامادەکردنی لایەنەکانی دیکە بوو، بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوە لە گەڵ ڕژێم، لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو، سەرکردایەتی یەکیەتی هەندێ ئەدیبی ناردبووە شارەکان، بۆ قسەکردن لە گەڵ ئەدیب و نووسەرانی شار سەبارەت بەو وەزعەی کە هەبوو، لە هەمان کاتدا قالبی ڕانک و چۆغەی بە دیاری دەبەشییەوە سەر کەسێتییە نووسەرو ڕۆشنبیرەکانەوە، لە هەمان ئەو کاتەدا بوو، کە من کۆمەڵە چیرۆکی ناو ئەو کتێبەم دەنووسییەوە، بریتی بوو لە چوار نوفلیت یا چوار چیرۆکی درێژ، چیرۆکی کتێبی – نور موراد ساریخانوف– و پورە ڕاحەتی عەبدوللا قەهار و ئاسیەخان ی موختا ئائزوف و مەیدانی تەقەی ئەلس گانجار، کە بەڕاستی چوار چیرۆکی زۆر خۆشن، ئەو دەم کە من خەریکی نووسینەوەو داڕشتنی ئەو چیرۆکانە دەبووم، موحەمەد موکری چیرۆکنووس و ڕۆماننوسی ناوداری کورد لە دوای خوێندنەوە خەریکی کەوەکانی دەبوو، تازە لە ڕومانی هەرەس

بووبۆوه، ناوه ناوەش خەریکی ئەو باخچیله بچووکه دەبوو کە هەمانبوو و جگە لە تور هیچی تری تیا نەبوو، بیرمە ئێوارەیەک وردە ورد باران لە شاخەکان دەباری، کەوەکەی موکری بەرهەللا بوو، بە کورتی من لەم بارەیەوە لە کتێبی بەرەو منداڵی ئەوەم نووسیوە: دەمەدەمی عەسرانێکی درەنگ بوو، لە بنارێکی خەمگیندا منو چەند کەسانێکی وەک خۆم لە بارەگای بن شاخێکی دوور دوور بووین، ئەودەم زستان بوو، خەیاڵی ئێمە هەمیشە بۆ ئەوە دەچوو، کە ئیدی ئەم زستانە دەچینەوە شار و کەمێ دەحەسێینەوە، کوێرەوەری کۆتایی دێت، بەڵام بەداخەوە ئەو زستانە درێژەی کێشا تاوەکو ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەوێ دەمێ دڵۆپە گەشەو ڕوونەکانی بارانی چیا لە ناوەندی ئاسمان وەستابوون، من و موکری لە حەوشەکەی بارەگای نووسەران، خەریکی چاندنی تور بووین، موکری کەوی زۆر خۆشدەویست، هەروەک منداڵێکی ساوا لە باوەشی دەکرد و ئەم لاوئەولای پێدەکرد، بۆ ساتێک کەوەکەی دانایە سەر زەوی و تۆزێ بەیەکەوە خەریکی گەڵاتورەکان بووین، کە هەندێکیان تازەشین دەبوون، ئاوڕی دایەوە کەوەکە چەند مەترێ هەڵکشابووە بناری شاخەکە، موکری بەهەندی هەڵنەگرت ئەو پێی وابوو بەدوایا دەچێ ئیدی سوک و سانا دەیگرێتەوە، بەڵام نا، دیاربوو کەوەکە هەر دوور دەکەوتەوە، بە ناچاری موکری کە سۆلێکی لە پێدابوو بە دوایا داچوو، ئەو دەم باران وردە وردە دەهاتە خوارەوە، بەڵام موکری هەر بە بە دوایا چوو، رۆیی.. رۆیی، کە ئاوڕم بۆ لایان دایەوە، تایهو.. تایهو، کەو گەیشتبووە دۆلانەکە و ئاوا دەبوو، موکریش هەر بەدوایدا دەچوو، باران کردیە ڕاستی ئێوارەی غەرقی تەمێکی مەست دەکرد، منیش وامدەزانی موکری شارەزای کەوەکەیەو ئیدی ئێستا نائێستا دێتەوە، بەڵام نا موکری ون بوو، هەر بەدوای کەوەکەدا ڕایدەکرد، بەڵام ئاخ نەیدەتوانی بیگرێتەوە، سەعاتێکی پێچوو موکری هەر نەگەڕایەوە، دوو سەعاتی پێچوو موکری هەر نەگەڕایەوە، دونیا غەرقی تاریکی بوو، موکری هەرنەگەڕایەوە، من خۆم چوومەوە ژوورو خەریکی ئامادەکردنی سفرەی ئێوارە بووم، ئێمە لەو بارەگایەدا کتێبمان زۆر بەعەشقەوە دەخوێندەوەوەو ئێواران بەسەر سفرەوە گفتوگۆمان لەمەڕ دەکردن، کۆڕ گەرم دەبوو، باس دەهاتە سەر هەزاران بابەت خۆمان لە بیردەکرد، ئیدی لە چاوەڕوانی موکریدا مامەوە،جار ناجارەش سەرێکم بە سەر ئەو کتێبەی کە وەرمگێڕابوو دادەگرت، بەڵام نەمزانی بۆ موکری نەهاتەوە، دەمزانی کەوێکی سەرکێش ئەگەر پێی نایە تەلانو بەردوچیا بەزەحمەت بەرزەفت دەکرێو دەگیرێتەوە، بۆیە دڵنیا بووم کە دواکەوتنەکەی

هەرهی ئەویە، کە بەدوای کەوەکە رادەکا،ماوەییکی زۆری پێچوو، شەو تاریک داهاتبوو، باران گەرمی کردبوو ناوەناوە دەزوە بروسکێ چیاکانی دەبریقاندەوە، بە سەرسفرەوە دانیشتبووم خەریکی کتێبی بودلێر بووم، من زۆر لەمێژە بودلێر دەخوێنمەوە و غەرقی شیعرەکانی بوو بوویم.
 بەڵام موکری هەر نەگەڕایەوە، لەهیکەوە گوێم لە دەنگێ بوو، کە چوومە دەرەوە، لەدوورەوە موکریم وەک تارمایی دەهاتە بەرچاو، هەتا نزیکتر دەبۆوە هیلاکی زیاترم لێ بەدی دەکرد، پۆرترێتەکەی موکری لەودەم ئاوا بوو: پیاوێکی درێژو باریک ، دەمانچەییکی زەبەللاحی بە تەنکێشی شۆڕ بووبۆوە، کە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدابێ تەقەییکی هەر پێ نەکرد، دەستی وەک بازنە لێکردبوو، کەوێکی دەنووک سووری عاشق بە ئازادیو ڕاکردوو لەدەست موکری ملی دەرکێشابوو، دەنووکی لەبەر باران بریقەی دەدایەوە، زۆرم لا ناخۆش بوو کە کەوەکەی گرتبۆوە، چونکە دەزانم کەوەکە لە پێناوی چی ڕایکردو موکریش لەپێناوی چی بەم چیاوچۆلە کەوتبوو، هەلبەت هەردووکیان لەدەست دیلی، بەڵام ئاخ دیلەکانیش هەندێ جار یەکتر دیل دەکەن، وردە وردە لەبەرخۆ بیردەکاتەوە، ئای ئەوە چ هەواییکی خۆش بوو.. چ چیاییکی ڕەنگین.. چ هەناسەییکی بەتام.. بریا بۆ زەمانێکی دوور و درێژ هەر بەردەوام با..موکریش لەبەر بارانی ئەو بنار و لوتکانە هەتا سەر ئێسقانی ئاوی هەڵمژتبوو، ئێستا زۆر جاران ئەو پرسیارە دەکەم کە ئایا مرۆڤ لەتوانایدا هەیە لە پێناوی هەوەسەکانی خۆی، تا مووخی باوەڕی بە ئازادی بێو تێکی نەشکێنی؟! چی دەبوو موکری، ئاخ موکری لەو کەوە گەڕابای لە نێو ئەم ڕەوەزو شاخانەو لە ژێر تریفەی مانگەشەودا گۆرانیەکانی خۆی بچڕیبا؟ ئاخ موکری.. داخ موکری، ئەوە چ یادەوەرییێکە؟ بۆ نەتهێشت پێیەجوانو سوورەکانی ئەم کەوە بەسەر ئەو بەردو تاوێرانەوە بحەسێتەوە؟ئاخ موکری، داخ موکری، ئەوە بالۆرەی چ عەشقێکە؟ بۆ نەتهێشت ئەوکەوە لەژێر باراندا گۆرانی بۆ تەباری وون بووی خۆی بچڕێ؟ بۆ نەتهێشت گوڵەکەم بۆ نەتهێشت؟
 بەڵێ لەو زەرف و زەمانەدا بوو من کتێبی کتێبم تەواو کرد. چیرۆکەکانی ناو ئەو کتێبە هەمووی ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەوسای سەردەمی شورەوییە، نووسەرەکانی زۆر بە سەلیقەوە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە.

## ١٥
# کتێبی ڕەگەکان
## ٢٠٠١

ئەدەبیاتی شیعر وەک لە ئەلقەکانی رابردوودا باسم کردووە، سەرچاوەی هونەرەکانی دیکەشە، من بە درێژایی چەندین ساڵ، خەریکی نووسینی شیعر بوویمە، ئێستاشی لە گەڵ دابێ من بێ شیعر هەڵناکەم، ئەوەی بە ڕاستی و بە عەشقەوە چووبێتە ناو مەوداکانی شیعر، دەزانی ئەوە کارێکی دژوارە بەڵام هێزو جەمالیەت و لەززەت میحنەتی تیایە، چ لە ڕووی نووسین بێت و چ لە ڕووی خوێندنەوە بووبێت، هەمیشە بەدوایەوە بوویم، من لە بەر خاتری شیعر شێوەی ژیانی خۆم گۆڕیوە، لە پێناوی شیعر و شارەزا بوون لەو دونیایە، ستایلی ژیانی خۆم بەلایەکی ترا بردووە، ژیانی خۆشیم واز لێ هێناوە، لە پێناوی ئایدیاکانی شیعر دەربەدەریم دیوە، ماڵ و مەفتەنم جێ هێشتووە ، ئاوارەیم هەڵبژاردووە، چونکە من زۆر لە مێژە باوەڕم بەوە هەبووە، ئەوەی بچێتە ناو دونیای شیعر دەبێ قوربانی بە زۆر شت لە کیانی خۆی بدات، زۆر لە شتە زاتییەکانی خۆی بەلاوە نێ، دەبێ گۆشەگیریی و نەهامەتی قبوڵ بێت، دەبێ دەروونی خۆی والا بکات بۆ نەهامەتییەکانی ژیان، چونکە ئەدەبیات بە گشتی و شیعر بە تایبەتی هەڵوێستی مرۆڤە تەنهاکانە، هەڵوێستی ئاشقە تەنهاکانە، هەڵبژاردنی ژیانی مەعنەوییە، هەڵبژاردنی ژیانی بە تەنها مانەوەیە، ئەگینا مرۆڤ بۆچی هێندە عەودالی ئەوەیە کە نەفسییەتی خۆی بکات بە ماڵی خەیاڵ و ئەندێشە، من لە ڕێگەی شیعرەوە زانیومە من چیم، لە ڕێگەی شیعرەوە لە ماهیەتی خۆم و دەوروبەر و کەون گەیشتووم، لە ڕێگەی شیعرەوە زانیومە نهێنییەکان چین؟ هەر لە ڕێگەی شیعرەوە من ڕێڕەوی ژیانی خۆم هەڵبژاردووە، دونیای نەتەوەکانی دیکەم ناسیوەوەو ژیانی ئەو نەتەوانەم خوێندۆتەوە.

خۆ ئەگەر شیعر نەبا وەک چۆن لە دیوانی یەکەمم کە خاک و هەڵۆیە نەمدەنووسی: ئەی شیعر تۆ نەبای من مرۆیەکی سەقەت بووم، جوزامی مێژووو دەیخواردم، هەر شیعر وایکرد بۆ دۆزینەوەی بەرهەمە جوانەکانی دونیا شارو گوندو وڵاتی خۆم جێ بهێڵم، ڕوو لە هەندەران بکەم و لە هەندەران گەوهەری مرۆڤایەتی لە ئەدەبیات بدۆزمەوە و خەریکیان بم، کە ڕۆمانی رەگەکان یەکێ لەو گەوهەرانەیە.

من ناوبانگی ئەو ڕۆمانەم بیستبوو،، کارم لەسەر کردبوو، بەبیرم دێت کە دەستم بە وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە کرد، بە ئاستەم ژیان هەبوو، ئەگەر نەڵێم ئەو نەوەیەی ئێمە هەر نەیدیوە، لە وەزعێکی زۆر خراپی ژیان دابووم، لە ئەنجامی ژیانی نالەباری ئەو سەردەمە من گۆشەگیری شوێنە نادیارو شاراوەکان بووم، نەک هەر من بەڵکو تەواوی هاوڕێ و ناسیاوە ئەدیبەکانم، لە ژیانێکی کڵۆڵی دەستی داگیر کەراندا دەژیان، ئەم ڕۆمانە زیاتر لە هەزار لاپەڕە بوو، کە دەستم کرد بە وەرگێڕانی، ئەوسا زانیم من دەستم داوەتە کارێکی قورس، زانیم میلەتانێک هەبووینە، وەک ئێمە ژیانیان تاڵ و ناخۆش بووە، ژیانیان پڕ لە نەهامەتی و مەینەتی بووە، وەک ئێمە لە ماڵو مەزرای خۆیان دەرکراون، وەک ئێمە شەوقی ژیانیان لێ سەندراوەتەوە، وەک ئێمە منداڵیان زیندە بە چاڵ کراوە ، وەک ئێمە لە زێدی خۆیان ڕاونراون، ئەو کات زانیم کە میللەتانێکی زۆری ئەو سەر زەمینە تالاوی ژیانیان چەشتووە و بەڵام هەرگیز کۆڵیان نەداوە.
ڕۆمانی ڕەگەکان کە من کردوومە بە کوردی و لە وەرگیڕانی ئەو ڕومانەدا بیرمە فەرشەی نان کردندم وەک مێز بە کار هێناوە، مەلحەمەی نەتەوەیەکە تا دوا سنوورەکانی زوڵم و زۆرداری زوڵمیان لێکراوە، ئەوەی ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە، دەبێ دڵێکی هەبێ لە پۆلا، ئەگینا دەبێ تا دوایین وشەکانی ئەم ڕۆمانە خەریکی گریان بێت، لەوێ تێدەگات کە لە مێژوووی مرۆڤایەتی و لە سەر ئەم زەویەدا، ئینسان چەندە زوڵمی کردووە، بۆیە کە دەستم بە وەرگیڕانی ئەم ڕۆمانە کرد، زۆر گریام ، زۆریش گریاوم، هێشتا چارەگی ئەو ڕۆمانەم تەواو نەکردبوو، ژیانی ئەو سەردەمە تەنگی پێ هەڵچنیم و ناچار دەبوا وولات بە جێ بهێڵم، بۆیە ئەوراقی خۆم پێچایەوەو بۆ وولاتی ئێران بە ڕێکەوتم، لە سندان شیرینتر قوزەڵقورتە، وەک دەڵێن، هەمدیس لە وولاتی ئێران سەرەڕای ژیانی ئاوارەیی و نەبوونی و کوێرەوەری دەستم لەو ڕۆمانە بەر نەبوو و کارم لە سەر دەکرد، دوای چەند ساڵێ هەمدیس هاتمەوە کوردستان و لە شاخەکانەوە کارم لە سەر کردووە و لە بارەگای نووسەرانی شاخ تەواوم کرد، دەسنووسی ئەم ڕۆمانە هەر مایەوە ، تا دوای ڕاپەڕین، دووبارە گەڕامەوە سەری و سەر لە نوێ بە دەست نووسیمەوەو ئیشم تیا کردەوە، هەر هەموو ئەو هەزار لاپەڕەیەم زیاتر لە ٤ تا ٥ جار نووسیوەتەوە، ئەمجارەیان قۆناخی کۆتایی بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر مایەوە تا لە دروست بوونی دەزگای موکریانەوە ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا، کە داوایان لێ بکەم بۆمی چاپ بکەن ، بەڕاستی ئەگەر هەوڵی کاک سەرۆ قادر

نەبوایە وا بە ئاسانی چاپ نەدەبوو، بە هەر حاڵ بڕیاریان دا چاپی بکەن و چاپیان کرد، بە چاپکردنی ئەو ڕۆمانە زانیم یەکێ لە خەونە هەرە خۆش و ناخۆش و پڕ موعاناتی ئەم ڕۆمانەم هاتە دی و چاپ کراو بڵاو بۆوە، من باسی سەرکەوتوویی خۆم ناکەم لە وەرگێڕانی چونکە من وەرگێڕ نیم، تەنها مەبەستم ئەوە بوو کە نەوەکانی نەتەوەی خۆم لەوە ئاگادار بکەمەوە، کە ئێمەی کورد لە ڕەنجی ژیان و ماڵوێرانی بە تەنهانین، دەبێ ئەوانیش بزانن کە میللەتانێکی زۆر هەن وەکو ئێمەو دەبێ هاوسۆزیان بین و سوودیان لێ وەرگرین، لە بەرایی کتێبەکەش ئەوەم نووسیوە: ئەم ڕۆمانە مێژوووی بە حەسرەت نووسراوی میللەتێکە، کە ڕەنگی پێست لە هەموو مافێکی ئەم سەر زەمینەی بێ بەش کردن، بەڵام خەباتی یەکگرتووییان، هەموو ڕەنگەکانی چەوساندنەوەی سڕییەوە، تەنها ڕەنگێکی بۆ دروست کردن ، ئەویش ڕەنگی ئازادی و سەرفیرازییە. نووسەری ئەم ڕۆمانە ئەلیکس هالییە و هەوڵی داوە ڕەگ و ڕیشەی ئەسڵی خۆی ساغ کاتەوە و بە دەنیایان بناسێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش کارێکی زۆری ئەنجام داوە و ماندووبوونێکی زۆری چەشتوە، ڕۆمانەکە باس لە ئەشکەنجەو ئازاری ڕەش پێستەکانی ئەفریقیا دەکات، کە چۆن کۆلونیالەکان بە زۆرە ملێ لە وڵاتی خۆیاندا دەیاندزین دەیانبردن، لەوێدا ڕۆمان نووس تراژیدیای گواستنەوەیان باس دەکات، لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئەلیکس نووسیویەتی و دەڵێت: خۆ چاکە ئەگەر ئەم سەربردەیە- سەربووردەی خەڵکی ئێمە- لە کوێرەوەری میراتی ئەو مێژووانەی کە زۆرتر بە دەستی داگیرکەران نەخشێنراوە کەم بکاتەوە، منیش لە کاتی وەرگێڕاندا شیرازەو پەراوێزێکی زۆرم بۆ هێناوەتەوە، پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە کونتا کینتەیە ، بەخوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دەزانی کە ئەم نەتەوەیە، چ خەباتێکی لە پێناوی خۆ ڕزگارکردن کردووە.

## ١٦

## کتێبی دوا وەسوەسەی کریست

## ٢٠٠٦

لەم ڕۆمانەدا کازانتزاکی دەچێتە بواری عەشق و سووڕی ئەبەدیی ئاگر و تەک تەک ئێسقانەکانی لەشی خۆی وردوخاش دەکات و بە شێوەیەکی عیرفانی گەورە بەرەو خاچی خۆی دەچێ، بەمجۆرە لە سووڕی ئاگرەوە دەچێتە سووڕی جاویدانی و دەدرەوشێتەوە، ڕۆمانی دوا وەسوەسەی کریست یەکێکە لەو ڕۆمانانەی دونیا کە گەلێ گرفت و کێشەی ناوەتەوەو گەلێ جاریش بۆتە هۆی سووتانی هۆڵ و ساڵۆنی سینەماکان، لەبەر پێشاندانی فیلمی ئەم ڕۆمانە، من لە پێشەکی وەرگێڕانی ئەو کتێبە نووسیومە: ڕۆمانی دوا وەسوەسەی کریست، ژیننامەی ئەو مرۆڤە ئازایانەیە کە ویستوویانە بگەن بە مەداری عیرفان و عەشق و ئاگر،خودی کریست بە هەمان ئەو سێ مەدارەدا ڕەت بووەو لەم ڕێیەدا خەباتێکی دوورو درێژی کردووە،سەرەتا هەوڵی داوە خۆی لە هەموو کۆت و پێوەندێک ڕزگار بکات و لە دیلی پاک ببێتەوە، هەر بۆیەش خۆی لە هەموو پەیوەندییەکان ڕزگار دەکات و هەموو بەختەوەرییەک دەکاتە قوربانی بڕیارەکانی خۆی، پاشان باڵا دەستی خۆی پێشانی ئارەزووەکانی جەستە دەدات و خەفەیان دەکات، ئەوسا وەکو ئازاترین مرۆڤ، لە پێناوی ئەوەی مرۆڤایەتی لە هەموو ژەنگ و ژارێکی نەهامەتی پاک بکاتەوە، بڕیاری مەرگی خۆی دەدات و بۆ سەر خاچ هەڵدەکشێت و خۆی دەکاتە قوربانی مرۆڤایەتی. ئەمە ڕۆمانی دوا وەسوەسەی کریستە، هەلبەت من لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا بۆ تاکە مەبەستێ کارم کردووەو خۆم هیلاک کردووە، وەک چۆن لە هەمان پێشەکی دا نووسیومە، ئەوەیش ئەوەیە بڵێم میللەتانی دونیا ئاینیان بە کار هێناوە بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە دەست زوڵم و زۆرداری، بەڵام بە داخەوە لای ئێمە میللەتی خۆیان بە کار دەهێنن بۆ ڕزگارکردنی ئایین، هەلبەت پاڵەوانی ڕۆمانەکە خودی مەسیحە، لە هەمان کات باسێکی دوورو درێژی ژیانی مەسیحە هەر لە سەردەمی دارتاشییەوە تا سەر خاچ دەکەوێ، لەوێش کە تووشی ئەو وەسوەسەیە دەبێت و مەسیح پێمان دەڵێ ئەو وەسوەسەیە مرۆڤ لە لوتکەی خۆبەخت کردنەوە دەباتە قووڵایی پەشیمانییەوە.

خودی ڕۆمانەکە باس لە ناخەوەی مرۆڤ و کێشەکانی جەستەی مرۆڤ دەکات، هێزی ئارەزوو لە بەرامبەر ئایین، کێشەی نێوان مەملەکەتی زەوی

و مەلەکوتی ئاسمان، کورتەی ناوەرۆکی ئەو ڕۆمانە ئەوەیە: مەسیح خەباتێکی دوورو درێژ دەکات لە پێناوی ڕزگاریی مرۆڤ، لە پێناوی نەهێشتنی غەریزەی شەڕ لە ناخی مرۆڤ، بەڵام کاتێ کۆتایی بەوە دێت و بۆ سەر خاچی دەبەن ، لەو کاتەی کە لەسەر جولجولەیە و میخکۆب کراوە، دیسان شەڕی ناخی ئینسان بەرۆکی بەرنەداو تووشی ئەو وەسوەسەیەی کرد، کە ئاخۆ بۆ لەم ژیانە خۆشە خاچی بۆ خۆی هەڵبژارد؟ بەسەر خاچەوە تووشی وەسوەسەیەکی فێڵاوی هات و خۆی وا هاتە بەر چاو کە ڕێگەی مرۆڤی گرتۆتە بەرو ژن دەهێنێ منالی دەبێ و لە ناو خەڵک دەژیت خەڵک خۆشیان دەوێ و ئەویش خەڵکی خۆش دەوێ، پاشان دەبینێ منالەکانی گەورە بووین و خۆشی لەبەر دەگای ماڵ دانیشتووە، بیر لە شەوقی گەنجێتی دەکاتەوە، کە چەند خۆش بوو، ئاخر ئەو چی دابوو لە ڕێگەی ڕزگار کردنی مرۆڤایەتی، چەند خۆش بوو ئەگەر لە خاچ ڕزگاری بوایە، ئەوە هەمان دواوەسوەسە بوو، لە ڕاستیدا ئەو ڕۆمانە بە ڕۆحێکی سەخت و سەختەنداز نووسراوە، کازانتزاکی گومانێکی گەورەی بە دەسەڵاتێکی مەعریفیەوە، خستۆتە ناو کتێبە پیرۆزەکان وعەرشی گەلێ لە بۆچوونەکانی خستۆتە لەرزەوە، هەلبەت بە باک ڕاوەندێکی گەورەی مەعریفەی ئایینیەوە ئەو ڕۆمانەی نووسیوە ، هەربۆیەش گێچەڵێکی زۆری ناوەتەوە، خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە کارێکی پێویستە بۆ هەموو ئەوانەی لە نێو چەقبەستوویی بیروباوەڕی ناڕاستدا دەژین، من لە وەرگێڕانیدا زۆر بیرم لە هەندێ دیاردەو بزاوتی سیاسی ناو کور دەکردەوە کە چۆن نیشتیمان و خاکی خۆیان لە پێناو ئایین لەبیر کردووە، کەچی میللەتان هەمان ئەو ئایینە بۆ ڕزگارکردن و دروست کردنی دەوڵەتی خۆیان بە کار دەهێنن، دەوڵەتیان پێ دروست کردووە، کازانتزاکی لە بواری ڕۆماندا، کریستی دووبارە لە خاچدراو و ئازادی یا مەرگ ڕۆمانی ناوداری زۆربا و براکوژی گەلێ ڕۆمانی دیکەی هەیە، جگە لە ڕاپۆرت بۆ گریکۆ لە دوو کتێبدایە، هەروەها کتێبێکیشی هەیە لە بارەی تەسەووفەوە، کانزانتزاکی ڕۆمانی دیکەی زۆر هەن، بە تایبەت دەربارەی قددیسەکان هیوادارم منیش کارێکم کردبێ کە پێیەوە شتێ لە کازانتزاکی فێربین.

## ١٧
# کتێبی لورەی گورگ
## ٢٠٠٧

لورەوەی گورگ ڕۆمانی ڕۆماننوسی ناودار جاک لەندەنە، کە بە ڕۆمانی پاژنە ئاسنینەکان ناوی دەرکردووە، بیرمە لە کلاسی چوار یا پێنجی ئامادەیی بووم، کە ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە، پاڵەوانەکەشی مانولیاس بوو، جاک لەندەن لە ساڵی ١٨٧٦ لە دایک بووەو لە ساڵی ١٩١٦ کۆچی دوایی کردووە، هەر لە ئەمریکا لەدایک بووە و هەر لەوێش مردووە، جاک لەندەن لە خانەوادەیەکی ناوداری پیشەگەر بووە، هەر بە بەرەباب بەدوای زێڕ گەراون و زێریان بەرهەم هێناوە، هەروەها دەڵێن زۆر ناودار بووینە لە خوێندنەوەی غەیب و ڕوخسار.

جاک لەندەن بەرهەمێکی زۆری بە چاپ گەیاندووە لە هەموویان گرینگتر گورگی دەریایە، لە هەموو ڕۆمانەکانی دا هەوڵی داوە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشت و ئەو زوڵم و زۆردارییەی سەرمایەداری بەدەر بخات، ڕۆمانی لورەی گورگ یا هاواری دەشتاییەکانی لە ساڵی ١٩٠٣ نووسیوە، کورتەی ڕۆمانەکە ئەوەیە کە چۆن سەگێک لە نێو نازو نیعمەتی ڕۆژانەی خۆی لە ماڵ ئەرستوکراتیەکانەوە، دەبەن و بۆ کلوندویک و چۆن دەیگۆزنەوە، کە هەرێمێکی تژی لە کاروانچی ئەم سەرو ئەو سەری دونیا بووە، هەمیشە هەرای قاچاخچییەکانی زێڕی لێ بووە، هەمیشە غەرقی بەفرێکی زۆر بووە، لە هەمووی گرینگتر کانەکانی زێڕی لێ بووە، ئیدی هەمان ئەو سەگە کە ناوی باک بوو، دەخزێتە ژێر باری داشقەکانی ناو بەفرو سەرما، تا لە کۆتایی دا دوای ئەوەی دەبینێ خاوەنەکەی کوژراوە، دەچێ تۆڵەی دەکاتەوەو ئیدی دەچێتەوە ناو سروشتی جارانی خۆی، دەیداتە کێوان و تێکەڵی گەلەی گورگان دەبێتەوەو سروشتی گورگ وەردەگرێ، جاک لەندەن ڕۆمانەکە ی خۆی زۆر بە شەوق و ترکتیفەوە دەگێڕێتەوە،مەودای خوێنەر نادات وازی لێ بهێنێ، کاتی خۆی کە بۆ دووەم جار لە شاری پیرانشاری کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەو ڕۆمانەم بەفارسی خوێندەوە بڕیارم دا بیکەم بە کوردی، ئەوەبوو هەر لەو شارە وەرگێرانی ڕۆمانەکەم تەواو کرد، هەر بە چەکنووسی مایەوە، تا ئەو کاتەی هاتمەوە کوردستان و دوای ڕاپەڕین بە چاپم گەیاند، بۆیە دەتوانم بڵێم ڕۆمانی لورەی گورگ لە کارە سەرەتاییەکانی وەرگێڕانم بووە، لە سەرەتای فێربوونی فارسییەوە، من هەر لە دوای ئەم ڕۆمانە ڕۆمانی ئازادی یا مەرگم هەر

له ئێران کرد بە کوردی کە ڕۆمانێکی درێژی کازانتزاکییە و محەمەدی قازی بۆ فارسی وەرگێڕاوە، بەڵام داخی گرانم نوسخەی تەواوی ئەو وەرگێڕانەم لە گەڵ کۆمەڵێ کتێبی تر لە ناو شاخەکان تەفروتونا بوو، کەوتە بەر لافاو باران کە من لە شوێنێکم حەشاردابوون ، ئاسەوارییان نەما، تەنها نوسخەیەکی دەسنووسی ناکاملم مابوو ئیدی زەوقی ئەوەم نەما دووبارە بگەرێمەوە سەری بەراوردی بکەمەوە لەبەر ئەوەی یەکەم ڕۆمانێکی دوورو درێژ بوو زۆری لە گەڵ هیلاک بووم، دەشم زانی تازە ناتوانم وەک جاری پێشوو بە هەمان ئەو رەونەق و زمانەوە چاکی بکەمەوە، دووەمیش وەرگێرانی تری بۆ کرا، ئیدی زەرورەتی نەما.
بە هەر حاڵ دێمەوە سەر ڕۆمانی لورەی گورگ ، ئەو باروزروفەی کە ئەو ڕۆمانەم تیا وەرگێڕا باروزروفێکی سەختی ئاوارەییم بوو لە ئێران، لەڕێگەی ئەو برە پارەیەی کە بە موحازەرە دەستم دەکەوت لە مامۆستایەتیدا دەژیام، پارەیەکی هێجگار کەم بوو، بەشی خۆم و بەخێوکردنی خانەوادەی نەدەکردم ، ئەمە لە لایەک لە لایەکی دیکە ، وەزعێکی هێجگار ناخۆشی سیاسی هەبوو لە کوردستان، شەری نێوان حزبەکانی ڕۆژهەلات و باشور، هەروەها شەری نێوان پارتەکانی ناو سنووری کوردستانی باشور ڕۆحی مرۆڤی نووسەریان کوشتبوو، کاتێ کە بیرم لەو وەزعە نالەبارە دەکردەوە ، هەموو شتێکم لە بەر چاو دەکەوت، کاراکتەرانی میللەتێکی ژێردەستەی داگیرکەران، کە تا سەر ئێسقان نوقمی برین بوو بوون، کەچی سەرەرای ئەوانەش کەوتبوونە گیانی یەکترییەوە، ئەوانە نابێ لە حسێبی داهێنان هەبێت لە ناو دونیای ئەدیباتی سەر بە جوگرافیایەکی باوەرپێکراوی نێو دەوڵەتی ، بەلام سەبارەت بە میللەتێکی بەشخوراو و بێ کیان و بێ دەولەت قسەی تایبەتی خۆی هەیە، هەربۆیەش هەرچەند لە وەرگێرانی ئەم ڕۆمانە دەستم دادەگرت، هەستم دەکرد تاکی ئێمەی کورد بە قەد باک وەک سەگی ناو ڕۆمانەکە، دڵسۆزیمان نە بۆ خاکەکەمان هەیە نە بۆ یەکتری، بەڕاستی کارێکی دژوار و بیرکردنەوەیەکی دژوار بوو، بەلام من باوەری تەواوم بە خۆم هەبوو، بۆیە بڕوای تەواویشم بە نەتەوەکەم هەبوو، کە دەبێ ئەو حالەتە تێپەرێنێ، هەربۆیەش بەردەوام کارم کردو ئیشی خۆم ئەنجام دەدا، ئەوە باروزروفی من بوو لە کاتی ئیشکردن و وەرگێرانی ئەم ڕۆمانە، ئێرۆکەش کە بیر لەو ساتە وەختانە دەکەمەوە، کە چۆن بوو و خەڵکی ئاگاداری چین؟ دڵخۆش دەبم کە من تووشی بێ ئومێدی نەبووم، ئەوەی

بریارم لێ دابوو بە ئەنجامم گەیاندووە، وک چۆن لە مونجید هاتووە لە بەشی کۆتایی پەندێک هەیە دەڵێت: هیچ شتێ خۆشتر نییە لە ئەنجامدانی ئەرک، جا ئەو ئەرکە ئەوینی ئەنجامدانی کاری داهێنان بێت یا کاری بێگاری.

## ١٨

## كتێبی سەفەرێ بۆ رۆژهەلآت

### ٢٠٠٢

ئەدەبیاتی گەشت و سەفەر بەشێکی گرینگ لە کولتوری میللەتان پێکدەهێنێ، ئەدەبیاتێکە باس لە دونیای دەرەوەی نووسەر دەکات ، باس لەو شوێنانە دەکات، کە نووسەر سەفەری بۆکردوون و بە دوای ئەو شتە غەریب و سیحراویانەوە دەگەڕێ، کە لە نیشتیمانی خۆیدا نەیبینیوە، هەروەها باس لە کەسان و خەڵکانی ئەو ولآتە دەکات و سروشت ژیان و کولتوریان ئاشکرا دەکات، ئەمجۆرە ئەدەبە لە دونیادا زۆرە و هەر لە کۆنەوە هەبووە، ابن بەتوتە لە ٧٧٩ ی کۆچی و ابن خلدوون لە ٨٠٧ کۆچی سەفەریان کردووەو نووسیویانەتەوە، هەروەها سەفەری خەیاڵی ئەبو ئەلعەلا لە نامەی غوفران و دانتی لە کومیدیای خودایی و سان براندن ی ڕەبەن و راهیبی سەدەی شەشی زایینی کە خۆی و قەددیسەکانی هاوڕێی بە دوای بەهەشتی زەوی دا سەفەر دەکەن کتێبی – بەهەشتی زەوینی- نووسیوە ئەمە جگە لە سەفەرە ناودارەکەی مارکوپولو و ئەندرێ جیدو داروین و هەمنگوای، هەموو ئەوانە ئەدەبی سەفەریان نووسیوە کە تام و چێژێکی تایبەتی تیایە، لە ناو عەرەبیش ئەوانەی کە ئەدەبی سەفەریان نووسیوە هی وەک ئەنیس مەنسور و مستەفا مەحمود و ئەمین رەیحانی هەن، لە وانەش هیرمان هسە، ڕۆمانی سەفەرێ بۆ رۆژهەلآت، کە بە عەرەبییەکەی – رحله الی الشرق-ە کاتی خۆی لە شاری بەغدا ئەو ڕۆمانەم خوێندەوە، کە هی شاعیرو نووسەر و ڕۆماننووسی ئەلمانی هرمان هسەیە، هرمان هسە هەم شاعیر بوو هەم رەسامیش بوو، هەڵگری ئایدیای تایبەتی خۆی بوو، ئەو کاتەی ئەو ڕۆمانەم خوێندەوە، هەمان ئایدیای پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانەم هەبوو، کە ئەویش ئایدیای سەفەر کردن و بە دونیادا گەڕان بوو، لێتان ناشارمەوە من هەر لە منالییەوە ئەم هاجسە دژوارانەم هەبووە، ئەنگیزەی سەفەر ئەنگیزەی هەموو ئاشقەکان و شاعیرەکانی دونیایە، ئەوەی لە خۆراوایە دەیەوێ ڕۆژهەلآت ببینێ و ئەوەیش لە ڕۆژ هەلآتە دەیەوێ خۆرئاوا ببینێت، ، نازانم سەرچاوەی ئەو ئەنگیزەیە چی بوو، بەلآم دەزانم دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی خەونی بەهارانی تورژنیف، کە لە تەمەنی گەورەییمدا ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە، عەشقی بینینی هەموو ئەم وەسف و جوانکارییەی تورژنیف وای لێ کردم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانم هەموو ئەو جوانینە بە چاوی خۆم ببینم، ئەوە سروشتی مرۆڤە بەلآم ئەو سروشتە لای ئەدیب

و نووسەران هێجگار بە گورترە، هەلبەتە هەمان ئەو ئارەزوە ئاگرینە، سەرچاوەی گەلێ ڕۆمان و شیعری جیهانییە، بوشکینی شاعیرو یەسەنینی شاعیر هەموو هیواو ئاواتیان ئەوە بوو، کە وڵاتی فارس ببینن، شیعریان لەم بارەیەوە هەیەو نووسیوە، گوننارى شاعیرى سویدى هەموو شیعرەکانی لە سیمبۆڵ و ئاماژەکان هی ڕۆژهەڵات بووە، بەڵام ئەم دیاردەیە کەمتر لای ڕۆژهەڵاتییەکان کاری نووسین و هەڵکوڵینی لەسەر کراوە، ئەدەبیاتی سەفەر زۆر گرینگە ڕەنگە هۆیەکی گەورەی بە یەکەوە گرێدانی میللەتان بێت، ئەدەبیات و کولتورێکی زۆر لە ڕێگەی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە بەرهەم هێنراوە کە هەمووی لە ئەنجامی هەمان ئەو ئارەزووەوە هاتۆتە کایەوە، هەمان ڕۆمانی هرمان هسە ش لە ئەنجامی ئەو عەشقەی نووسەرەوە بەرهەم هاتووە و شوێن و پایەی خۆی لە ناو بەرهەمە زیندووەکانی دونیادا وەرگرتووە، من پێم وایە هۆیەکی دیکەی گرینگ هەیە بۆ هاتنە کایەوەی ئەم جۆرە ئەدەبە، ئەویش مەسەلەی پەرەسەندنی مەوداکانی تەکنەلۆژیایە، کە تەنگ بە ئینسانەکانی ئەم چاخەدا هەڵدەچنێ و جۆرێک لە غوربەتیان بۆ دروست دەکات، هەمان ئەو غوربەتەش وا لە مرۆی نووسەر دەکات کە بە دوای شوێنە کپ و دوور لە ژاوەژاوی شارستانێتی دا بگەڕێت بۆ ئەوەی ڕۆحی ماندووی بحەسێتەوە، ئەمەو جگە لە مەسەلەکانی دیکەی جیاوازی بیرکردنەوەو کاتی خۆی مەسەلە سیاسییەکان، بەڵام من خۆم وای بۆ دەچم کە سروشتی نووسەران سروشتێکی نیگەرنیی و نەحەوانەوەیە، کولن ولسن لە کتێبی سەفەرێ بەرەو سەرەتادا کە عەرەبییەکەی – رحله نحو البدایه- یە، بە جوانی باس لەو بیقەرارییەی مرۆی نووسەر دەکات، نووسەران بە گشتی ڕۆحێکی پرسیار ئامێزی وجودییانەیان هەیە و ئۆقرەی مانەوەیان نییە لە شوێنێکی دیاری کراودا، بۆیە هەمیشە بە دوای ئەلتەرناتیفی شوێن دا دەگەڕێن، ئەمەیان پەیوەست نییە بە جوانییەکانی شوێنی باشلارەوە، بە ڵکو پەیوەستە بە قەرارگایەکانی ڕۆحی نووسەرەوە، هەموو ئەو دارِشتە دورو درێژەی منیش لەم نووسینەدا ئەوەیە، کە ئەو پرسیارە بوروژێنم، ئەی بۆ من ئەوەندە شەیدای خوێندنەوەی ئەو جۆرە شیعرو چیرۆک و ڕۆمانانە بوویم ، کە باس لەو سەفەرانە دەکات، لەپای چییە ڕۆژنامە نووسێک هەموو ژیانی خۆی دەخاتە مەترسی ئەوەی کە دارستانەکانی ئەمازۆن ببینێ و پاشان بە دوو بەرگ بە ناوی شەش ساڵ لە ناو ژنە وەحشییەکانی ئەمازۆن دیدگای خۆی باس بکات، ئەمانە هەمووی ناوەوەی مرۆڤی نووسەرن، کە نیگەرانی قەلەقی خۆیان بەسەر

نووسیندا بسەپێنن، هەڵبەت ئورستکراتییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ڕۆمانەکانی خۆیاندا ئەدەبێکی وایان بەرهەم نەهێناوە، چونکە ئەو قەڵەقە ڕۆحییەیان نەبووە، بەڵکو لە ناو ژیانێکی دیکەی نووسەرایەتی دا ژیاون، چونکە ئەدەبی سەفەر ئەدەبێکی زۆر تایبەتمەندی نووسەرەکانێتی.

لێرەوە دێمە سەر کتێبی سەفەرێ بۆ ڕۆژهەڵاتی هیرمان هسە، کورتەی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە کە دەستەیەک لە مرۆڤەکان دەیانەوێ سەفەری خۆیان بۆ بینینی سەنتەری جوانی ڕۆژهەڵات دەست پێ بکەن و پێیان وایە کە سیمبۆلی سەرەکی جوانییەکانی ڕۆژهەڵات ، لە فاتیمەی ڕۆژهەڵات کورت دەبێتەوە، هەڵبەت لەو سەفەرەیان دیالۆگی فەلسەفی زۆر بەدیدەکرێت، کە هەر هەمووی لە ئارەزووی میسالی هرمان هسەدایە، هرمان ڕۆمانی دمیان و گورگی بیابان و نەرسیس ی نووسیوە،هەروەها ڕۆمانی ناوداری گەمەی کەلا شوشەکانی نووسیوە، واتە- لعبە الكريات الزجاجيە، لە م ڕۆمانەی دا خودی خۆی تیایا عاشقی بینینی فاتیمەی شای جوانان بووە،،سەفەرێکە خۆی کۆمەڵێ کەس بە ناوی کۆبەند، تیایا هەر یەکەو ئارەزوویکی هەیە تا لە ڕۆژهەڵات بیهێنێتەدی، خەیاڵێکی سوفیگەرانەو موغامەرەیەکی حەکیمانەیە کە بریتیە لە ٥ بەش، لیو لەگەڵ بریکماتن رۆلی سەرەکی لەو سەفەرە دەبینن و دیالۆگ بەرەو نادیار دەبەن، ڕۆمانەکە بەوە دەست پێدەکات: لەبەر ئەوەی ئەز بەشم بوو بەشداری لە ئەزموونێکی مەزندا بکەم، بەختم یار بوو کە بچمە ریزی هاوبەندەکەوەو بەشداری لە سەفەرێکی دەگمەن بکەم، کە ئەفسوونی ئەو سەفەرە شەهاب ئاسا دەدرەوشایەوە، پاشان لە نێو فەرامۆشیدا، هەتا لە نێو بەدناویشدا نقووم بوو، ئێستا بڕیارم داوە هەوڵی ئەوە بدەم کورتە وەسفێکی ئەو سەفەرە ناماقووڵە بکەم، تا لە کۆتایی ئەم کورتە ڕۆمانەدا دەڵێت: ئێمە لە بارەی مەخلووقاتەکانی شیعردا کە زیاتر زیندووترن لە خودی شاعیرەکان، وتووێژمان کرد،ئەم ڕۆمانە هەندێ جار لە نێو قووڵایی تەوژمی هۆش کار دەکات و هەندێ جاریش ڕاستەوخۆ و گێڕانەوەیە ، ناتوانم تەکنیکی ئەم ڕۆمانە لە خاڵێکدا بەرجەستە کەم چونکە کورتەی هەموو ئەزموونەکانە.

## ١٩

## كتێبی وەرزێک لە دۆزەخ

ڕامبۆی فەرەنسی شاعیرێکی زۆر بە ناو و دەنگە، لە ئەدەبی کوردیشا بە بەراورد لە گەڵ شاعیرانی وەک بۆدلیر و مالارمێ و گەورە شاعیرانی دیکە، بەشی شێری هەبووە، هێزو توانای ئەم شاعیرە زیاتر لە نێو بوون و ژیانی دا بەرهەم هاتووە، ئەو کە لە دایک بوو لە تەمەنی چواردە ساڵی یەکەم شیعری خۆی بە ناوی – وەرزەکە بەهار بوو – نووسی لە فەرەنسادا ناسراو دووهەم شیعری کە نووسی لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بوو، یەکسەر خەڵاتی وەرگرتووەو پێیان وابووە، کە باکراوەندێکی مێژوویی سەیری هەبووە، ژیانی ئارتەر ڕامبۆ پڕ لە سەرکێشی موغامەرات بووە، رامبو لە شارفیل لە دایک بووە، لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا شیعرە بە ناو بانگەکەی خۆی نووسیوە کە بە ناوی بەلەمی سەرخۆش بوو، ئەمە و جگە لە شیعرە بەناوبانگەکانی دیکەی وەک ئیشراقات و وەرزێ لە دۆزەخ، لە ، دوای ئەوەی فیرلین، کە دۆستی نزیکی ئەو بوو، قسە و باسێکی زۆر هەیە لە بارەیانەوە، دەچێتە بەندیخانەوە، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ڕامبو دەست پێدەکات، ڕامبو حەزی لە ژیانێکی ئازادو ڕەها بوو، حەزی بەوە بوو دوور دوور بڕوات ، هەربۆیەش دەستی بە سەرکێشییەکانی سەفەر کردن کرد، لە ساڵی ١٨٧٠ لە بەندیخانەی مازاس زیندانی دەکرێ، لە ١٨٧١ هیچ شتێکی نەبوو ناچار سەعاتەکەی دەستی دەفرۆشێ، لە ١٨٧٢ دەچێ بۆ بەلجیکاو بریتانیاو سویسرا،، لە ١٨٧٩ دەگەڕێتەوە فەرەنسا، هەر ئەو سەردەمە دەبێتە هاوڕێی فیرلین، دوای ئەوەی کە نێوانی لە گەڵ شاعیرە بارناسیەکەی فەرەنسی فیرلین تێکدەچێ و فیرلین تەقەی لێدەکات و هەنیشکی بریندار دەبێت، ئیدی زۆر بە خراپ وەسفی ئەو هەموو بوهیمییەتەی خۆی و ئەو شیعرانەی کە نووسی بووی دەکا و ڕقی لە رابردووی خۆی دەبێتەوە، بۆیە ناو لەو قۆناغە دەنێت قۆناغی نەفرەت لێکراو، شیعرەکانیشی بە خەربەشات و پۆخڵی وەسف دەکات، ڕامبو لە کتێبی ئیشراقات کۆمەڵێ شیعری بەخشانیی نووسیوە، کە هەر هەموو شیعرەکان گوزارشتە لە نەهێشتنی جیاوازی نێوان ژیان و هەلوەسەی شاعیر، لە ژیانی خۆیدا چۆتە حەبەشەو عەدەن و ئەفریقیاش، بە هەر حاڵ ڕامبو موغامەراتی زۆری هەبوو لەو کۆچ و سەفەرانە، کاتی خۆی من وەرزێ لە دۆزەخی ئەو شاعیرەم خوێندەوە، زۆرم شایی بە شیعرەکانی ئەو شاعیرە هات لەو کتێبەدا، بۆیە وردە وردە دەمکردن بە کوردی، کە ڕەمسیس یونان لە

فەرەنسییەوە کردبوونی بە عەرەبی ، تا وایلێهات هەر هەموو شیعرەکانیم وەرگێڕاو دەزگای سەردەمیش وەک کتێبی گیرفان بۆی چاپ کردم، لە پاشەکی کتێبەکەدا نووسیومە : ژیانی ئەو شاعیرە پڕ بووە لە سەرکێشی و کۆچ و رووداو، شیعرەکانیشی ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆی بوو، شیعر لای ئەو تۆماری تایبەتی خەونەکانی بووە، زمانی شیعری ئەو لە گەڵ حەواس تێکەڵ بە یەکدی بووە، رەمزییەت بەشێکی گرینگی شیعرەکانی بووە، شیعرەکە بە ناوونیشانی وەرزێک لە دۆزەخ دەست پێدەکات، لەو شیعرەدا باس لەوە دەکات کە ئەو زیاتر لە تواناو بڕستی خۆی بەرگەی ژیانی گرتووە، بەهاریش جگە لە پێکەنینی گەلۆرێکی قێزەوەن هیچی بۆنەهێنام.
پاشان شیعری دەمارێکی پیس و پۆخڵ و شەوی دۆزەخ و ورێنەو سترانی بەرزترین بورج و برسێتی و سپێدەو مالاوایی دێت، لە شیعری ورێنەی دووەمدا باس لە کیمیای وشە دەکات تیایا باس لەوەدەکات کە چۆن خەون بە جەنگ و جیهاد و سەفەری کەشف کردن دەبینێ، هەروەها ئەو کۆمارانەی مێژوویان نییە و ئەو شەڕە ئاینیانەی سەرکوتکراون و شۆڕشی نەریت و تەقالید و گواستنەوەکاری میللەت و قارەکان و دەڵێ باوەڕم بە هەموو سیحرە جوانەکان هەبوو، لە دوا دێڕی ئەو شیعرەدا دەڵێت: بە جۆرەها ڕومانسییەت بە دونیام گوت خوا حافیز.

٢٠

## کتێبی ئەدەب و فەلسەفە

**٢٠١٢**

من لە ئەزموونی شیعردا هەمیشە هەوڵم داوە، کە هەمان ئەو ئەزموونە بە سەرچاوەکانی خوێندنەوە دەوڵەمەند بکەم، دەسەڵاتی مەرجەعی خۆم هەبێ و بتوانم لە سێبەری ئەو دەسەڵاتەوە لە شیعر بگەم و دونیای شیعری خۆم بە نهێنییەکانی ژیان و جیهان ئاشنا بکەم ، بگەم بەو حاڵەتەی کە نووسینی شیعری بەهێز پێویستی پێیەتی. هیچ شتێ ئەوەندەی شیعر پێویستی بە گەڕانەوە نییە بۆ ئەم دەسەڵاتە، هەر بۆیەش ئەگەر سەیری شیعری کوردی بکەین ئەو ڕاستییەمان بۆ بە دیاردەکەوێ، کە زۆر لەو شیعرانەی بڵاو دەبنەوەو بڵاو بوونەتەوە ئەوەندە برِیان نەکردووەو برِیش ناکەن، چونکە لە بنەڕەتدا خاوەنەکانیان دوور کەوتوونەتەوە لە دونیای کتێب و خوێندنەوە، هەوڵیان نەداوە ئاسۆی شیعری خۆیان بە ئەندێشەی بە هێزو بە سەرچاوەی بیرکردنەوەی بەهێز پڕ بکەن، من لەمێژە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ کارێکی ئەوتۆ لەناو شیعردا بکرێ، کە هەمان ئەو شیعرانەی دەیاننووسین، هەڵگری شوناسی جیهانناسی جاویدانی بن و لە نیوەی ڕێگەدا نەکەون و وایان لێبێ کەس ئاوڕیان لێ نەداتەوە. کتێب سەرچاوەی هەموو بیرکردنەوەکانە، بۆیە بە درێژایی ئەو ئەزموونە من شتم خوێندۆتەوەو نووسیومە، بابەتی زۆرم لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاو کردۆتەوە، لە هەموو ژانرەکانی ئەدەبی، ئەو ڕۆژەی بیرم کردەوە کە هەموو ئەوانە کۆکەمەوەو لە کتێبێکدا چاپیان بکەم، تووشی ماندوو بوونێکی زۆر هاتم، یەکەم لەبەر ئەوەی من نەمتوانی بوو هەر لە سەرەتاوە ئەرشیفی نووسینەکانم بپارێزم، تا بە ئاسانی بگەڕێمەوە سەریان، دووەم هەموو ئەوانەی من نووسیبووم و بڵاوم کردبوونەوە لە سەردەمانێک بوو کە ئامێری کومپیوتەر نەبووە و دەبوایە هەموویان سەر لە نوێ بنووسمەوە، ئەوەشیان هەر زەحمەت بوو، بۆیە بۆماوەیەکی درێژ خەریکی کۆکردنەوەو ریزبەندیان بووم، تا لە دوا جاردا هەر ئەوەندەم پێکرا کە ئەو کتێبەی لێ بەرهەم بهێنم، بە داخەوە زۆر بابەتی ترم ماوە کۆیان کەمەوە هەندێکیان دیارن و هەندێکیشیان سەرچاوەکانیانم دەست ناکەوێ، هەر لە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی ئەدەب و فەلسەفەدا، کە بەسەر دوو کتێبدا دابەش بووە، بەشی یەکەمی بریتییە لەو بابەتە ئەدەبی مەعریفی و فەلسەفیانەی کە من بە پێویستم زانیوە بۆ خۆم و بۆ خوێنەری

کورد، که خۆی له قەرەی سی بابەتی گرینگ دەدا، له بارەی بونیاتگەری کێشەکان و گرفتی ئەو ڕێبازە، هەروەها ئێستەتیکا و هونەر لای هیگل و ئایندەی وەهمی سیگموند فرۆیدو بابەتی نوستالگیاو ئەدەبی نوستالگی، هەروەها بابەتی تیایە دەربارەی تودوروف و میرلوبوونتی و ئوسکار وایلد و جان جینه و هاملیت و کاسیرەر و بوریس فیان،ئەمەو جگە لەو مەلەفە تایبەتییانەی قوتابخانەی بڵاو کراوەی ساڵانە که تیایا کۆمەڵێک بابەتی گرینگ هەبە، دەربارەی نووسینەوەی مێژووو له فەرەنساو نووسەرانی وەک مارک باوک و لوسیان فافر و چۆنیەتی دابڕندنی خۆیان له سەلەفییەتی گێڕانەوەی مێژووو، پاشان هەمان ئەو بابەته باس له هەڵوەشانەوەی زمانی مێژوویی دەکات، که چۆن فەیلەسوفانی ئەو سەردەمە توانییان گوتاری مێژوویی له ڕووی زمانی گێڕانەوە ڕزگار بکەن، له هەمان ئەو کتێبەدا مەلەفێکی دیکەی گرینگ هەیە دەربارەی چاخی ڕۆشنبیریی وەک بزاوتێکی فەلسەفی، که له نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا ڕوویدا، تیا باس له گەلێ بابەتی وەک لوک و نیوتن و مالبرانس و دالامبیر و لافوازێ و ئادەم سمیت و لیبینتز و مونتیسکیو و مارکیز دی ساد و فولتیرو روسو و دیدرو و دولباک و کوندریسێ و کانت کراوە،ئەمەو جگە له چەند بابەتێکی گرینگی وەک مەرگی سوکرات و جیمس فریزەر و چیخەف و ئیلوارو چومسکی، هەموو ئەو بابەتانە له چەند مەلەفێکی تێرو تەسەل باسکراوە که بۆ خوێنەری کورد گرینگ و بایەخدارن، من پێم وایە ئەو بابەتانە بۆ بزاوتی ڕۆشنبیریی کوردی پێویستن و دەبێ هەبێ.

* کتێبی ئەدەب و فەلسەفەیە که یەکەم چاپی له لایەن ئەهلییەوە کراو دووەم چاپی له دەزگای نماوە بوو،له ساڵی ٢٠١٣ بڵاو کرایەوە.

## ٢١
## کتێبی دیدو دیگا
### ٢٠١٢

بۆ ماوەیەکی دورو درێژ هەر لە دوای چاپکردنی کتێبی ئەدەب فەلسەفە، من بابەتی ئەدەبی هەمەڕەنگم بڵا دەکردەوە ، کە هەموو ئەو بابەتانە پەیوەست بوون بە ئەدەب و شیعرو بابەتی رۆشنبیریی هاوچەرخ، جا بۆ ئەوەی وەکو جاری جاران، ئەو بابەتانەم ون نەبن، رۆژانە لای خۆم سێیفم دەکردن و لە کەمبیوتەرەکەدا هەڵم دەگرتن، ناوە ناوە دەچوومەوە سەریان و شەن و کەوێکم دەکردن و خەزنی گۆڕانەکانم دەکرد، سەردەمی ئێمە واتە بەر لە بیستو پێنج ساڵێک جگە لە ئالەتی تابیعە هیچی دیکە نەبوو ، هەشبوا بەر ئێمە نەدەکەوت، ئێمە بە دەست دەماننووسی هەر بە دەستیش بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکانمان دەماننارد، ئێستەیش جار جارە گفت و گۆ لە سەر ئەوە دەکرێ کە ئاخۆ بە دەست نووسین یا بە کەمبیوتەر کاریگەرییان هەیە لە مەڕ کاری شیعریی و داهێنان، یاخود مرۆڤ دەتوانی یەکسەر دەست بە شیعر نووسین بکات بە کەمبیوتەر، یا ئایا خوێندنەوە لە شاشەی کومبیوتەر لەززەتی خوێندنەوەی کتێبی هەیە، ئەمانە پرسیارن و هەریەکە وەڵامی خۆی هەیە، ئیدی وەک گوتم ئەو بابەتانە بوون، کە لە دوای راپەڕینەوە بە کەمبیوتەر دەمنووسین و بڵاوم دەکردنەوە، پاشان وام بە چاک زانی لە دوو توێی کتێبێکدا چاپیان بکەم، لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیومە: خوێنەری ئازیز، ئەم کتێبەی بەردەستتان دیاری منە بۆ ئێوە ، بریتییە لەو چەند ووتارە ئەدەبیانەو ئەو چەند دیمانەی کە لەو سێ چوار ساڵەی رابردوودا لە گەڵم دا کراوە، هەلبەت هەموویان نین لە ئێستادا هەر ئەوەندەم بۆ کۆ کرایەوە، ئەگینا زۆرن رەنگە لە ئایندەدا هەولێکی دیکەیان بۆ بدەم، من تەنها مەبەستم ئەوەیە کە سوودێک بە ئێوەی ئازیز بگەیەنم، خۆ ئەگەر بە دڵیشتان بوو ئەوە زۆر خۆشحاڵ دەبم، پێم وایە هەموو ئەوانەی کە ماوەیەکە خەریکی نووسینن، ئەزموونێکیان بۆ دروست دەبێ، کە گوزارشتی لێ بکەن و بیخەنە روو، هەر بۆیەش ئەم دیدو دیدگایەم پێشکەش بە ئێوەی بەریز دەکەم.کتێبی دیدو دیدگا دوو بەشە، بەشی یەکەمیان بریتییە لە دیدگای خۆم سەبارەت بە شیعرو لێکدانەوەی شیعریی دیاردە شیعرییەکان، کە گەلێ بابەتی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆ، لەوانە، بابەتێک دەربارەی ت س ئەلیوت و شیعری وێرانە خاک کە من پێم

باش بوو بنووسم زەوینی داشۆراو، تیایا بە کورتی باسم لەو چامە گرینگە کردووەو دەڵێم: هەر لەدوای بڵاوبوونەوەی چامە ناودارەکەی ئەلیوت، ئیدی هەربابا بوو وەردەگێڕدرایە زمانەکانی دیکە، ئەوە بوو لە ڕێگەی مەحمود زامدارەوە کرا بە کوردی پاشان عەتا قەرەداغیش دووبارە وەریگێڕایەوە، هەلبەت هیچ کارێ بێ کەم و کوڕی نابێت ، بە تایبەت لە بواری وەرگێڕاندا، نووسەرانی عەرەبیش، هەمان کاری وەرگێرانیان بۆ کردووە، سەبارەت بە ناونیشانی چامەکە لە وەرگێڕانێ بۆ وەرگێرنێ جیاوازی هەیە، منیش دوای خوێندنەوەی زۆربەی ئەو دەقە وەرگێڕدراوانە، ئەو ناونیشانەم لا پەسەندتر بوو، چونکە تەواوی چامەکە باس لە سەرزەمینێ دەکات کە چۆن چۆنی لەسەردەستی مرۆڤ و جەنگەکان تەواو لە کەڵک کەوتووەو هێزی بەرهەم هێنان و ژیانی تێدا نەماوەو لە هەموو بڕستێکدا داشۆراوە، من ئەم ووشەیەم بە مانای رەشکردنەوە و رەشبوونەوە بە کار هێناوە، کە پێم وایە لە زۆر شوێندا خەڵکی بە مانایەکی دیکەی جیا بە کاریان هێناوە، ئەم چامە شیعرییە لە ساڵی ١٩٢٢ دا نووسراوە، کە شەلاڵی سیمبۆل و ئاماژەکانی ئەفسانەو ئایینە ، تۆماس ستیرنز ئەلیوت لە چامە خەمگین و پڕ لە واوەیلاکەی دەشتی نەزۆکدا، یا وێرانە خاک، یا سەرزەمینی نەهامەتی دا،یا زەوی بژۆک، چەقێن، هەنجەتێک بۆمانەوەی مرۆڤ و بەردەوامبوونی لەم سەرزەویەدا دەهێڵێتەوە، بەوەی کە مرۆڤ بونەوەرێکە خودان ئەقلە و دەتوانی لەساتە پڕ نەهامەتییەکاندا، سەرەداوی تیشکە ژیانبەخشەکان بدۆزێتەوە، لەهەمان کاتدا ئەوەش دەخاتە روو، کە دەبێ شاعیری بە توانا هێزی ئەوەی هەبێ هەمان ئەو داکۆکی و بەرگرییە بگوازێتەوە بۆ ناو شیعرەکانی ، بەلام بە هەموو هێزو گوڕو کاریگەرییەکانی یەوە، لە بەشی یەکەمی ئەو چامەیەدا بە ناوی – ناشتنی مردوانەوەیە-کە سوود لە ئەفسانەی سیبیل ی یۆنای وەردەگرێت، کاتی خۆی لە خوا پاڕایەوە تەمەنی جاویدانی کات و خوداش دوعاکەی قەبوڵ کرد ، ئیدی رۆژ بە رۆژ بچوک دەبۆوە،ئەوەندە بێزار بوو بوو هەمیش هاواری مردنی دەکرد، ئەلیوت گوزارشت لە ئازاری بێ کۆتایی مرۆڤ دەکات ، باس لە نائومێدی ئەو رۆحە شەکەتانە دەکات ، کە بەردەوام لە راکردنان بەرەو ئەو کوانوەی ئاواتەکانیانی تیادا دەدرەوشێتەوە، بەلام مەخابن قەت نایگەنێ، هەلبەتە تەواوی ئەم بەشەی دەشتی نەهامەتی ئەلیوت، جۆربک لە شین و شەپۆڕی داهێنان ئامێزە، کە خوێنەر ناچار بە جۆرێک لە نائومێدی دەکات، بەلام لە فەزایەکی ئینسانی تژی وورد بوونەوەو لێکدانەوەدا، بەکورتی ئەوەی لەم بەشەدا هاتووە ، بریتییە لە( وێنا کردنی جیهان وەک

شوێنێکی بێ ئاوو و بێ گیا، یاخود جیهان وەهمێکی فریودەر،مرۆڤەکانی مردووی زیندووون و سەرگەردانن ، دیلی دەستی قەدەرن).
بەشی دووەمی ئەم کتێبە بریتییە لەو دیمانە ئەدەبییانەی کە رۆژنامەو گۆڤارەکان بۆمنیان سازداوە و دەزگای موکریان چاپی کردووە.

## بەشی سێیەم
## دیدو دیدگام دەربارەی شیعر

## بەیانی یەکەمی ئەزموونی شیعریم

سرووتەکانی نووسین

١

نووسین بۆ من ڕەزمی مانەوەیە، ڕەزمی ناوەوەی ژیانە، بۆیەش هەمیشە لە هەر شوێنێک بم بیر لەنووسین دەکەمەوە، چونکە دەزانم بێ نووسین ڕۆدەچم و دەتوێمەوە، بێ نووسین هەست بە هیچ ئاسەوارێکی خۆم ناکەم، تەنانەت ئەو کاتانەی کە نانووسم هەست بە بوونی تەواوی خۆم ناکەم، ڕەنگە هەبن ئەوە بە حەقیقەتێک نەزانن، بەڵام ئەوان خۆیان وان و هێشتاکە شارەزای ئەم لۆگۆسە نەبووینە، کاری نووسین پەڕینەوەیە بۆ جیهانێک جگە لە خودی نووسەری ڕاستەقینە کەسی دیکەی تێدانییە، جیهانێک زێتر لە شەوق وسیحر دەچێ، لە فەریکی ئەو گوڵەگەنمە دەچێ کە شیری ژیانی تێدا دەجمێ ودەکەوێتە سەماوە، بۆیە نووسین لە دیدو بۆچوونی من ئەنجامدانی فەرزەکانی ئایینێکە، لە هی ئایینێکی دیکە ناچێ، کە ئەمە درامای نووسین بێ دەبێ نووسەر بە چ درودێکەوە بچێتە نێو ئەوپەرستگا پیرۆزەوە، چۆن لەبەردەم ئاگری نێویەوە بنوشتێتەوە؟ ئەمەیان نهێنییەکە تەنیا ئەوکەسانە پەی پێ دەبەن کە لە ناوەوەی پەرستگەکانی خۆیان سرووتی داهێنان بەرێوەدەبەن.

٢

کاتێک قەڵەم دەگرمە دەست ودەچمە ئاوایی شیعر، تەکانێکی بەهێز دەدەمە بەر خۆم وخوێنێکی هێجگار زۆری جەستەم دەخەمە خرۆش، بۆ ئەوەی بتوانم بەرگەی ئەو هەموو پۆلیە ئاگرانە بگرم کە لە نادیارەوە دەبارێتە سەر ڕۆحم، زۆر جار لەخۆم دەپرسم و بەنێو کتێبەکانەوە دەگەڕێم، دەچمە قوڵایی هەمووکێشەکان، هەر بۆ ئەوەی بزانم ئاخۆ ئەم هەموو ئاگرە لە کوێوە دێ وهێندە بە لەززەت هەڵدەپڕژێتە سەر ئەتڵەسی نووسەرەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێهودەن، مەحاڵە دەرک بەو سەرچاوانە بکەین کە ئاگری نووسین بەرپا دەکەن، چونکە دڵنیام بە دۆزینەوەی ئەم سەرچاوانە هەرچی بەهاو ئیستەتیکای نووسین هەن وردو خاش دەبن و هیچ بەهایێک بۆ نووسین نامێنێتەوە، ئەلێرەوەیە پرۆسێسی نووسین بۆمن چۆنیەتی پێشوازی کردنە لەم ئاگرانە، یاخود پرۆسێسی دووبارە خەڵق کردنەوەی پرۆمیتۆس وکاری ئاگردزینە لە خوداوەندەکان، کە ئەمەشیان قوربانیدان وچونەژێر باری قەدەرە.

٣

ئەوکاتەی قەڵەمم گرتە دەست وخۆم ئامادەکرد، ئەوە هێشتا نەچوومەتە نێو ئەو میحرابە موقەددەسەی کەنووسەر تیایا هەموو جوانییەکانی ڕۆحی خۆی بۆ دەقێکی جاویدانی لەدەست دەدا، لە پێناوی ئەم جوانییانەی کە لەنێو دەرگاو پەنجەرەو کەوانەی ئەم میحرابەدا خۆیان حەشار داوەو هاواری قەڵەمی نووسەر دەکەن زگاریان کات لەونادیاری و نهێنیانەوە، هەر بۆیەش لەگەڵ یەکەم ساتی تێکەڵ بوونم بەو زەمەنە نادیارو ئەو جوانییە نادیارانەو ئەو فەزایە بخورییە، هەموو وجودی خۆم ون دەکەم و بەناچاری دەبێ خۆم لەنووسینی شیعر خەڵق کەمەوە، کەواتە نووسین هەمدیس بۆ من ئەنجامدانی سرووتەکانی قەقنەسە لەسووتان و دووبارە زیندوو بوونەوەی لەخۆڵەمێشەکەی خۆیدا، کتومت نووسینی شیعر سرووتێکی ئەفسانەیی سیحر ئامێزە، ئەلێرەوەیە کێشە سەختەکەی شیعر دێتە ئاراوە، ئیدی ئەو لافاوە دەست پێدەکاو هەڵدەچێ کە ئامان و بوار بەهەموو نووسەرێ نادات، نووسەر دەکەوێتە ژێر سرووتی شمشێرەکەی دیموکلیس هاکا بە جوانییەکان کۆتایی پێدێت.

٤

ئەلێرەوەو لەهەمان ئەو فەزایە تراژیدی و لەزززەتبارەوە من قەڵەم بە کاغەزدا دەهێنم و بێ باکانە، یەکەیەکەی دەمارەکان و تەڵە تەڵە ئیحساساتەکانی خۆم پێشکەش بە جەللادەکانی جوانی دەکەم، ئەو جەللادە شەرمنانەی کە بە ئاستەم دیارن و دیارنین، بەمجۆرە شیعر نووسین لەلای من لەدەستدانی بە ئەنقەستی هەموو ڕۆح و بۆن و بەرامەی خودە، ئەو خودەی کە بەم کارەوە خاڵی دەبێت لەهەموو ئەوشتانەی کە بەر لەهاتنە نێو ئەو دروودگاە پڕی بوو لەجووڵەو خرۆش، پڕی بوو لەو هۆکارانەی ژیانیان بەهیواوە لەئامێز گرتبوو، ئەو دروودگاەی لەدوورەوە فێردەوسێکی هێجگار غەریبو جێ مەبەست بوو، یاخود یۆتۆپیایەک بوو بۆ (من)ی شیعر، بەڵام کە دەچێتە ناویەوە بەڕاستی گۆڕستانێکی گەورەی جەستەی (من)ی شاعیرە. بەمجۆرە بەدرێژایی ساڵانی نووسینی شیعر هەمیشە چوونم بۆ نووسین، چوون بووە بۆ نێو ئەو یۆتۆپیایەو هاتنەوەشم هەمیشە گەڕانەوە بووە لەو گۆڕستانە، لەمیانی یۆتۆپیاو گۆڕاستاندا من ئەزموونی نووسینی شیعری خۆم پەرەپێداوەو هەمیشە سیزیف لەناخمدا دەستی بەرەگی بەردەوامیم گرتووە.

٥

ستوونەکانی ئەو دروودگاەو هەڵوەرین بەنێو هەیوانەکانی؟ دروودگای شیعر نووسینی من، لە هی هیچ کەسێ ناچێ، تەنانەت دەتوانم ئەوە بڵێم و دەشتوانن لەشیعرەکانمدا ئەوە بدۆزنەوە کە من شاعیرێکم

خودانی دروودگایێکی وام نموونەی قبووڵ نییە، نە لەدەرو دیوارەکانی دەرەوەی، نە لەشێوەو سیمای کۆشک و تەلاری، نە لەتاق و پەنجەرەکانییەوە، دروودگای شیعر نووسینی من، نە کەس دیویەتی و نەکەسیش دەیبینێ، پێتان سەیر نەبێ کە من بۆ خۆم دروودگای وام هەڵبژاردووە، لەشوشەی شکاوی مرۆڤایەتی دروستم کردووەو بەکریستاڵی داڕژاوی فرمێسکی مرۆڤایەتی ئاوم داوەو بەپارچە پارچە بوونی جەستەی خۆم ئاڵ و واڵام کردووە، بۆیە ئەوەی قبوڵیەتی خودی خۆی یا خودی شاعیر خۆی بکاتە قوربانی، دەتوانێ دروودگاییێک ئاوەها بۆ خۆی بونیات بنێ و لەنووسینی شیعردا تێیدا فەنابێت، حەللاج ئاسا لەکاتێ ڕشتنی خوێنیدا بۆ ئەوەی خەڵک پێی نەڵێن ترساوە و ڕەنگی زەرد بووە، بە دەستەکانی خۆی خوێنی جەستەی خۆی لە ڕوخساری هەڵسویوە، ئاوەها دەبێ بە خوێنی خۆی ڕوخساری خۆی سوور بکات. ئەمە دروودگای نووسینی منە..

٦

کاتێک لە پرۆسەی نووسینی شیعردا لەژێر ستوونەکانی ئەو دروودگا دەوەستم، خۆم تاقە کەسێکم سەلیبی خۆم لە دەستەو بیر لە پاڵەوانەکانی مێژووو دەکەمەوە (نیتشە) کە بە کوشتنی خواکان کۆتایی مێژوووی ڕاگەیاند، مەسیح کە بە چوونە ژێرباری سەلیبەوە، ترۆپکی هەموو قوربانییەکانی دارشت، کەواتە داهێنانیش بوارێکی دیکەیە بۆ دروستبوونی پاڵەوان، ئەوەی شیعریش دەنووسێ دەبێ سڵ لە چارەنووسێکی ئاوا نەکاتەوە، هەربۆیەش جاروبار سەر بەرز دەکەمەوەو لە بەرزی ئەو ستوونانە دەگەڕێم کە نایابینم، ڕەنگە سەریان لە حەوت تەبەقەی ئاسماندا بێ، ڕەنگیشە سەریان هەر لەلای خوادا بێ، کەواتە من لەژێر سێبەرێکدا دروودگام تەی کردووە، کە لە هێزو قودرەتی مرۆڤ نەبێ بەباڵایدا هەڵگەڕێ، بەڵام دەبێ پێیدا هەڵگەڕێ جا یا سەردەکەوێ یاخود دەبێ بکەوێتە بنەوە، من لەژێر ئەو ستوونانەوە بەدوای ڕۆحی بەردەوام بوونی شیعرێک دگەڕێم جاویدان بێت.

٧

کاتێکیش دەچمە بەر ئەو پەنجەرانەی کە لەنێو ئەو دروودگایەدایە، هەموو ڕووداوەکان دەبینم، تراژیدیاکانی ئەم سەرزەمینە، ئاگری سووتانی ڕۆما و پڕووشکی فڕنەکانی هیتلەر و کارەساتەکانی تزار و تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی، گەلێ گەلێ لەو تراژیدیایانە دەبینم، کە هەرگیز کۆتاییان نایەت، بۆیە هەندێ جار لەبەرامبەر ئەوانەوە هەر لەبەر ئەم پەنجەرانەوە، قەڵەمم وشک دەکاتو ناتوانێ بگاتە ئاستێک لە داهێنان، باسکردن تێیدا گەورەتر بێ لە حەقیقەتی ئەو ڕووداوانە، هەندێ جاریش

هەر لە بەر ئەو پەنجەرانەوە، فریشتەکانی جوانیو ئۆپێراو سەماکان و فڕینی مەلە جوانەکانو مەلەی کچانی بەهەشتو دیالۆژی عاشقەکان دەبینم، ئیدی قەڵەم دەبێتە ئەو ئاسمانەی کە لە باران ناکەوێ، لەبەر ئەو پەنجەرانەوە هەندێ جار شیعرەکانم ئاوی جاویدانی مەلحەمییەت دەخۆنەوە و هەندێ جاریش زەربەی تۆماری خێرا لێدەدەن، ژیانی نووسین لە بەرابەر ئەو پەنجەرانەوە بە ڕاستی سەختو نهێنئامێزە بۆ شاعیر.

٨

لەنێو ئەو درووودگا پیرۆزەی مندا، ژیانی نووسین بریتییە لە هەڵگرتنەوەی ئەو ڕۆحەی کە بەدوای وەدەسهێنانی جوانیدا، وەک گەوهەری عومر هەڵدەڕژێ، ژیانی نووسین بریتییە لە گەڕان بەدوای ئەو پارچە شکاوانەی لە جەستەی نووسەردا دەبێتەوە، لەو کاتانەی لەژێر ستوونو پەنجەرەکانیدا سەیری ئاوابوونی خۆرو هەڵوەرینی گەڵاو دروستکردنی هێلانە دەکات، بەم جۆرەی هەموو شتێ لەو درووودگایەدا قوربانی دەوێ، هەموو جوانییەک بەشێک لە دارمانی جەستەی دەوێو هەموو داهێنانێک هۆیەکە بۆ خاڵی بوون لە لەو ئەزموونانەی کە بۆ ساتێکی نووسین کۆیان دەکەیتەوە، ئەم درووودگایەی من ڕێگە بە هەموو کەسێکی دەدات، بەڵام هەرگیز زامنی داهێنانیان بۆ ناکات.

٩

من هەر لەهەوەڵەوە تەک تەک خشتم لەمەزارە دوورەکانی ڕۆحەوە بۆ ئەو درووودگایە هێناوە، ئاوی جاویدانیم بۆ لە جۆگەلە لەنادیارەکانی بەهەشتەوە ڕاکێشاوەو قورەشمی جوانیشم لەسەرچاوەکانی ئاگری دۆزەخەوە بۆ هێناوە، تەنانەت بەنووسینی چەندین و چەندین شیعر نەمتوانی سیمای دەرگایەکی بچووک بۆ ئەو درووودگاە لەبەر چاوم بەرجەستە بکەم، بەڵکو عومرێکی درێژم بردە سەر، تا لەچەند قەسیدەیەکا تروسکەی ئەو درووودگایەم وەک نوورێکی خودایی بۆ بەدیارکەوت، شەوانە لەبەر ڕۆناهی ئەو ترووسکانەوە دەچوومەوە ئاگردانەکەی زەردەشت، وردە وردە ئەو درووودگایەم بۆ مشتوماڵ دەبوو، گەڵی سات و وەختان مەستانە دەچوومە بەر ئەو قاپیەی لەژێر ترووسکایی ئەو درووودگایەدا بەدیاردەکەوت، سەیری ناوەوەی ئەو دنیایەم دەکرد، هەر هەمووی سیحرو خورافات بوو، ئەفسانە بوو، گێرمەو کێشەی خواکان بوو، ون بوونی ئۆلیس و گومانی هاملێت بوو، دنیایەک بوو تا ئەو ساتەشی لەگەڵدابێ، من لەسیحری ئەو درووودگایەدا نەگەیشتووم، هەر ڕۆژە و نهێنییەکم بۆ ئاشکرا دەبێ و هەرساتە لەبەرابەریا چڵە نەرگزێکی شیعرەکانم ئاوی ژیان دەخۆنەوە.

١٠

ڕۆژە باراناوییەکانی نێو درووودگا، ئەو ساتانەن لەنووسینی شیعردا لەژێر کڵاوڕۆژنەی گومەزی ئەو درووودگایەدا، سەیری دەرەوەی ئەو درووودگایە دەکەم، چونکە درووودگاکەی من کاستالیای هێرمان هیسەو ژوورە گۆشە گیراوەکەی مارسیل پرۆستە، تەنانەت هەندێ جار گوێم لە قوتابییەکانی درووودگا دەبێ، کە چۆن چۆنی دوعا بۆ ئەو سەفەرەم دەکەن، سەفەرێک کە لەمیعراجی دانتی ئەلیژیری دەچێ، دەرەوەی ئەو درووودگایە بۆ من جەنجاڵێکە لە شیعر، هەن دەنگیان زۆر بەرزە و بەقایم قسە دەکەن، بەڵام هەرگیز لێیان حاڵی نابن، لێرە بۆنی ئەو شیعرانەی دەرەوە لەویزەی کۆمەڵە هەنگێک دەچێ بەناو یەکا بسووڕێنەوە، هەندێکی دیکە دەبیستم کە نایانەوێ بچنە نێو ئەو گەڕەلاوژیە و نەرم نەرم کەوتوونەتە سەر جەستەی شیعرەکانی خۆیان و بەهێمنی گەوهەرەکانی شیعر بەسەریەکەوە دادەڕێژن، ئەوانە بانگ دەکەمە درووودگاکەی خۆم و زۆران جار بەیەکەوە لەنووسینی شیعر و وەدەست هێنانی داهێنان سەفەر دەکەین.

١١

(نالی و مەحوی) فەرجیلی (دانتی)ین بۆ هەمیشە و بێ وچان ڕابەرایەتیم دەکەن لەو میعراجە سەختەی نێو درووودگاکەی خۆم وەک دوو ئیمامی گەورە و نوورانی نهێنییەکانی نێو درووودگام بۆ بەرمەلا دەکەن، ئەمە چەند نهێنییەکی زۆر بچووکی چۆنیەتی نووسینی منە لەشیعرو تەنیا چەند ساتێکی ئاشکرای نێو ئەو درووودگایە پیرۆزەیە.

بەیانی دووەمی ئەزموونی شیعریم
سەرەتاو ئێستای خەمگینی تازەبوونەوە

١

تازەبوونەوە ڕۆحێکی دیکەنییە وەبەر جەستەی مرۆڤێک یا درەختێک یا هەر نیهادێکی دیکەدا بکرێت، بەڵکو لەرزینێکی پڕ لەجۆش و خرۆشی بیرکردنەوە و داڕمانی بونیادەکانی ئەونیهادانەیە، کەبۆ یاساو ڕێسای زەمەنێک کاریان کردووە و ئێستاکێ بڕستی ڕوو بە ڕووبوونەوەیان لەگەڵ بویەر ومەرجەکانی هاوچەرخ نەماوە و دەبێ بە دوای بابەتیگەلێک بگەڕێن، کەمەودای دووبارە ژیانەوەیان پێ ببەخشێ، یاخود بەمانایێکی دیکە تازەبوونەوە هاوکاتە لەگەڵ لەکار کەوتنی دیدگا و جیهانبینییەک کە توانای ژیانیان نەماوە لە ناو پرۆسێسی بیرکردنەوەی تازەدا. ئەوە لەکاتێکدا کاری بۆدەکرێ ئەگەر بمانەوێ لەگەڵ درهاوێشتەکانی پەرەسەندنی تەکنەلۆژی وهێرشی بەربڵاوی گلوبالیزەیشن بژین، خود لانی کەم بمانەوێ بەرگەی اریگەرییەکانی بگرین، بە ئۆپۆزیتی ئەم ستەیە ناتوانین چرکەیەک لە نێو شاشەی تازەگەرێتی دا نمایشی دەق بکەین، کەمەبەستی ئێمە لەم تازەنۆشییە جەستەی دەقە یا بەگشتی تێکستە ئەدەبییەکانە

٢

هەفتاکان کانگەی بەڵاو کانگەی سەرهەڵدانی فەوزایێکی ئێستەتیکی ئەو بەڵایە بوو، بۆیە دەڵێم بەڵا، چونکە ئەودەم هەمان ئەو بەڵایە خەرەندێک بوو دەبوایە ئەدەبی کوردی بەخۆ هەڵدانە ناویەوە پرۆسێسی خۆکوژی نمایش بکات، کەیسی سیاسی لەلایەک کە لە ناو چارەنووسێکی نادیاردا هەنگاوی دەهاوێشت وهێشتاکەش لەناومنداڵێتی خۆیدا دەژیا، هێزی بڕیاردان ودابڕانی نەبوو، لەلایێکی دیکەدا کۆمەڵگەی کوردی لە نێو ئەوپەڕی دواکەوتوویی دەژیاو لەهەموو ڕویێکەوە نەشارەزایی و دوورە پەرێزی لەژێدەرە بەرهەمهێنەرەکانی مەعریفی وفیکری پەنگاوەی دابۆوە، بەتایبەت ڕەوتێکی زمانەوانی وا هەڵیدەسوڕاند، کە هیچ پەیوەندییێکی نە بە زمانی داڕشتنەوە هەبوو نە بە زمانی دیالۆگەوە، بەمجۆرە گوتاری سیاسی وگوتاری سۆسیۆلۆژی و گوتاری زمان، سێ بەربەست و سێ زیڕۆی بێ بونیادی هەوڵەکانی تازەگەریی بوون، بۆیە نەیانتوانی بەدرێژایی ئەزمونی دە ساڵ ببن بە پڕۆژەییێکی زیندوو کە داهاتوو و ئێستای لەسەر بونیاد بنێین.

٣

ئەوەی ئاشکراو بەڵگە نەویستە ئەوەیە، تێکستی پەیوەست بە داهێنانی

تاک، که بەری ڕەنجی بیرکردنەوە و داهێنانی تاکە کەسییە، بەتەنها ناتوانێ پرۆسەی دروستکردنی کەلتور بەڕێوە ببات، ئەگەر هاتوو کاری تیوربەندی و تیوریزەکردنی لەگەڵدا نەبێت، ئەوە بیروڕایەکی کوشندەیە کە تێکەز لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئێمە پێویستیمان بە پرۆسێسی تیوریزەکردن نییە، هەر ئەوەشە وایکردوە زۆربەی داهێنەرەکان لە هەموو بوارەکانی تێکستدا، دوورە پەرێزبوەستن، لەمەڕ مەسەلەکانی خستنە ڕووی بیروبۆچونەکانییان، بۆیە گۆشەی ئەم جۆرە نووسینانە لە نێوپانتایی ئەدەبی کوردیدا خاڵیە و ڕەنگە ڕۆژانێک دابێت نەوەکانی داهاتوو پرسیاری ئەوە بکەن، بۆچی نەوەکانی پێش ئەوان لەمڕووەوە کەمتەرخەمبووینە؟ بۆیە ئەلێرەوە دەڵێم بەداخەوە شاعیرەکان جگە لە شیعر و چیرۆکنووسەکان جگە لە چیرۆک، شتێکی دیکەیان نەداوەتە دەست، کە ڕەنگە ئەمەش ئەوە بسەلمێنێ، ئەوان بە سوتفە چووبنەتە سەر ئەم دوو ژانرە ئەدەبییەوە، ڕەنگە هەمدیس ئەوە بسەلمێنێ کە هۆی نەبوونی شاکاری زۆر هەر ئەو دورە پەرێزییە بێت، لە کاری بەرهەمهێنانی تیوربەندیدا.

٤

بە درێژایی چەندین دەیەساڵ شیعریی کوردی نەیتوانیوە کاریگەرێتی خۆی ئەکتیف بکات، بەو مانایەی کە برێکی کەم بەتەنها ناتوانێ بە ئەکتیفکردنی کاریگەرێتی شیعری کوردیی بگرێتە ئەستۆ، داهێنانی شیعری کارێکی تاکخوازە، بەڵام کارایی ئەم کاریگەرێتییە پەیوەستە بە چەندێکی زۆرەوە، شیعری کلاسیکی کوردی بە درێژایی چوار سەدساڵ و بەبوونی چەندین شاعیری گەورەی وەک جزیری و ئەحمەدی خانی ونالی و مەحوی و وەفایی وحاجی قادرو مەولەوی و نەوەی دووەمیان، ئەنجا توانییان کاریگەری خۆیان زاڵ بکەن وجاویدانی ببەخشن بە تێکستەکانی خۆیان، هەرواش نەوەی سێهەمی دوای ئەوان کەتوانییان لەکاری نوێ کردنەوەدا جۆرێک بەشوێن پێی ڕەوتی چۆنییەتی کارکردنی ئەواندا بڕۆن. هەربۆیەش ئەو تۆزە داهێنانەی کە بۆ ماوەی ئەو سی ساڵەی دواییە هەیە، ڕەنگە لە نێو تەپوتۆزی ئەو بێهودەییەوە کاریگەرێتی نەمێنێ و لەبیر بچن. دەخوازم بڵێم شیعری ئەم سی ساڵی دوای هەفتاکان نەیتوانیوە بەردەوام لە بەر دیدوبۆچونی خوێنەرانێکی زۆر بێت وەک شیعری کلاسیک کە تاوەکو ئێستاش شوێنێکی زۆری لە زەینی خوێنەر دروست کردوە وهەمیشە دەخوێندرێنەوە

٥

ئەمەی رابردوو نائومیدمان ناکات، چونکە داهاتوو کاری ئارکیولۆژی خۆی دەکات، ڕەنگە ئەوە پەنجا ساڵ بێت شیعر کەوتبێتە ژێر

باری وەلامدانەوەی هەندێ پێداویستی رۆحی و کۆمەلایەتی و سیاسیەوە، کە ئەمە هەلەییکی گەورەیە دەرهەق بە شیعر، چونکە شیعر بە دوای خولقاندنی فەزای جوانی ومەعریفەی ون وفەلسەفەی کاریگەریتی دا دەگەرێ و ئالۆزیەکانی دەنوسێتەوە کە پەیوەستن بە هەراسانکردنی رۆحی مرۆڤی هاوچەرخ، هەرگیز رێنیشاندەر نەبووە.
ئەم حالەتە بەهەمان ئاراستە و بە هەمان شێوە بەردەوام بوو، بەلام لە ناوەراستی هەشتاکان شێوەی بیروبۆچوون ولێکدانەوەی شاعیران خوێنێکی تازەی هەلسوراندە ناو جەستەی شیعری کوردی وبابەتەکان بەرەو مەعالیمی تازە چوو، بەلام بەداخەوە لەوێش هەمدیس نەچووە ناو قوماشی تۆمارکردن، ئەگەر چی فۆرمی جیا جیاو قسە و جیهانبینی زۆری لەگەل خۆیدا هەلگرتبوو، کە دەکرێ لەچەندخالێکی گرینگ گەلالەی بکەین
- سەرهەلدانی کۆ دەنگی لە رووی چوون بەرەو هەرێمە شاردراوەکانی شیعر.
-بەجێهێشتنی قۆناخی لالانەوەو شین وشەپۆر.
-سەرهەلدانی دیالۆگێکی رۆژانەی گەرم وگور لە مەر مەسەلە گرینگەکانی شیعر.
- پەیوەستدانی هەموو ژانرە ئەدەبی و هونەریەکان بە تەوژمی تازە کردنەوە.
-سەرهەلدانی ترس لە بلاوکردنەوەی شیعر بە شێوەییک کە شاعیران لەبەر خوێندنەوەی زیرەکانەی ئەوانی دی، زۆر بەوریایی وئاگا لە خۆبوونەوە شیعریان بلاو دەکردەوە.
- هاتنەکایەوەی رەخنەی تازە کە بابەت و بۆچوونەکان و هەلگری جیاوازی بوون.
- شاعیرەکان کەوتنە ئەوەی کە جیهانبینی تایبەت بەخۆیان هەبێ.
- لەهەمووی گرینگتر دارمانی میتۆدی سەلەفیەت بوو لە گوتاری شیعر.

٦

هەر لەدوای کۆتایی هاتنی هەشتاکانەوە و تۆخبوونی قۆناخی رزگاری نەتەوەیی، وەک چۆن لەسەرەتای سالانی هەفتاوە کە قۆناخی ووچانی سیاسی و وەستانی کاتیی تفەنگ بوو، شیعری کوردی کەوتە سەر ئاوازی حەماسەت و درود و لالانەوە و پیا هەلگوتن، دووبارە شیعری کوردی تازە کەوتە سەر ئاوازی مۆد و پۆرتریتی رابردوو و لاسایی وگەمەی سەقەتی زمان و رەتابەتەوە، زۆربەی شاعیرەکان خۆیان گۆشەگیر کرد و نەوەی

تازە دەستی بە نمایشی گەنجانەی خۆی کرد، بێ ئەوەی زەحمەتیەک بدەنە بەر خۆو هەوڵێک بدەن بۆ بەهێزکردنی ئەزمونی تازەی خۆیان، لەمەشدا تێکرای میدیاکان و ڕۆژنامەکان ڕۆڵێکی نێگەتیفیان بینی لە کوژاندنەوەی سەرهەڵدانی شیعرێکی بەهێزی هیومانیزمی، کەهاوشان بێ لەگەڵ تەواوی پەرە سەندنەکانی ئەوقۆناخە، بۆیە هەمدیس ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی بەر لەوەی گەورە بێ پیربوو، بەمجۆرە لە نێو ئەم قۆناخە شیعریەدا دەنگی جیا جیا و دوور لەیەکگەیشتن سەریهەڵدا، نەوەیێک لەسەرەتای زەحمەتی و خۆ ڕۆشنبیرکردن وبەشداری کردنێکی ئەکتیف لە قۆناخی خەباتی چەکداریدا، لەگەڵ نەوەیێک کە بەرهەمی شکست وتێکشکانی شۆڕش و نائومێدیەکانی نەتەوە و ڕووو بە ڕووو بوونەوە لەگەڵ دڕندەترین دیکتاتۆری سەردەم وهەڵگری شوناسێکی ڕۆشنبیری وکتێب، لە گەڵ نەوەیێک کەبەرهەمی ئەودوونەوەیە بووە، نەوەیێکی کەمئەزموون و گەرم، کەچی گەورەترین کتێبخانەو بڵاوکراوەو میدیای لە بەردەستا بوو، هەرسێ ئەم نەوەیە لە ناو ڕەوتێکی خاوی دوور لە گەرموگوڕی ساڵانی پێشوو لە جولەدان، بێ ئەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆ لە بوارەکانی تۆمارکردنی شاکار و داهێنانی بە پێز لە ئارادابێ، جگە لە هەوڵی چەندانێک نەبێ، کە ئەوانیش لە ناو هەراوزەنای ئەم ڕەوتە سڕبووەدا، خەریکە دەخنکێن یا ئەوەتا بە ناچار پەناگیر دەبن.

٧

-ئایا لە نێو کۆمەڵگەییێکی دواکەوتودا داهێنەری گەورە دروست دەبێ؟ تا ئێمە باس لە تازەبوونەوەو تازەگەرایی بکەین ؟

-ئایا ئێمە دەتوانین باس لە پرۆژەی مودێرنیزم و پۆست مۆدیرنیزم ومۆدێرنێتە بکەین، لە سەر زەمینێک تا تەوقی سەری نوقمی حەکایەتە گەورەکانی پیرۆزی و قودسییەت بووە ؟

-ئایا هاتنە کایەوەی شاکاری گەورە گەورە بەندە بە پەرەسەندنی باری سوسیولوژی وئابووری وسیاسی وسەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی و هەبوونی کولتورێکی لە پێشینەی لێوانلێو لە داهێنان وشاکار، یاخود داهێنان بەندە بە هەوڵی تاکە کەسی وبەس یا هەبوونی کولتور و هەوڵی تاکە کەسی بەیەکەوەبەندن؟

-ئایا پێشکەوتن وسەرهەڵگەڕانی بزاوتی شیعریی پەیوەستە بە فرێدانی هەمیشەیی پرسیار، یا بە شێوەیێکی دیکەئایا شیعری کوردی بەدرێژایی ساڵانی هەفتاکانەوەبەرهەمهێنەری پرسیار بووە ؟

ئەمانە هەمووی کۆمەڵە پرسیارێکن دەبێ وەڵامیان بدرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لە چوار دەیەی ڕابردووە تاوەکوئێستا هیچ کارێک لە سەر

خودی ئەم پرسیارانە نەکراوە، هەربۆیەش تا ئێستا هیچ کلتورێکی ڕەخنەییمان لە بەردەستدا نییە، تا ئەوانەی دواییش کاری لە سەر بکەن.

٨

لە بنەڕتدا شیعر هەڵگری دیدگاییکی پێچەوانە و جیاوازخوازیە لەگەڵ جیهاندا، واتە هاوکێشەکانی خۆی لەسەر پیلەکردن لەگەڵ جیهان و ژیان دادەڕێژێ، هەرکاتێ شیعر لەگەڵ بویەر وجیهاندا کۆک و تەبا بێت، ئەوە مەرگی جیهانبینی شاعیر ئاشکرا دەبێ، بۆیە شیعر هەمیشە لەململانێ و کێشە و پرسە لە گەڵ دەوروبەر، هەمیشە هەوڵ دەدات خوێنەر بەو ئاقارانەدا پەلکێش بکات، کە تژی گومان ونیگەرانییە، لەراستی دا شیعر جگە لە خوڵقێنەری گومان هیچی دیکەنییە، گومانێک کە بەرهەمهێنەری سەرسامی و پرسیار بێ، لە خودی مرۆڤ وگەردون و شاراوەکان و وەدۆزی هەمان ئەو گینگڵانە بێ، کە بەدرێژایی بوون ڕۆحی مرۆڤیان هەراسان کردووە، هەرگیز شاعیر ناتوانێ بە بێ جیاوازبوون لە گەڵ جیهاندا شیعر بنوسێ، ئەگەر هەوڵی ئەوە نەدا کە شیعر بە ناو شەبەنگی هەزار ڕەنگی دژە ڕێسای جیهاندا نەبات، چونکە لە وێ دەتوانێ قسە لەگەڵ نهێنیەکانی خۆی بکات، دەتوانێ تیما مرۆییەکانی شیعر بدۆزێتەوە، ئەگینا شیعری کوردی هەر لەو سێبەرە تۆخەی خۆی دەمێنێتەوە و ناتوانێ شاکارێ رەنگرێژ بکات.

٩

ئەگەر چی لەم چەند ساڵەی دواییدا-١٩٩٠-٢٠١٠ - دەنگی جیاجیای شیعری کوردی سەری هەڵداوە، هەریەک لە ئاوی میتۆدێکی شیعری دەخۆنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازییە دیسان بەبێ خوڵقاندنی کاریگەرێتی گشتگیر هاتوە، زیاتر گەمە کردنە لە فۆرمی جیاجیای زماندا، کە پێویستیان بە شارەزاییکی زۆری ناو زمان وفیکر و مەعریفەو ئێستەتیکاوە هەیە، کە کەمتر بەر چاو دەکەوێ، ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تێڕامان ودامان، لەو ناوەرۆکەی کە دەیانەوێ بیکەنە تێزی شیعری خۆیان، لە گەڵ ئەوەش لەم بیست ساڵەی دواییدا، ئەوانەی کە هەوڵیانداوە شیعری باش و خودان کاریگەرێتی گشتگیر بڵاوکەنەوە، بە پشت بەستن بەزمانێکی پتەو وخوێندنەوەی فیکر و مەعریفەییکی زۆرەوە، توانیویانە هەڵگری قەدەرێک لەو پێداویستیانەی شیعر بن و لە ناو ڕەوتی شیعر بە دیارکەون.

١٠

شیعر و درود ڕەگەزی هاوبەشیان هەیە، بەوەی کە هەردووکیان پەیگیری شتێکن شاراوەو نادیار، هی یەکەمیان تیماو بیرۆکەیە و لە وشەو ڕستەدا بەرجەستە دەبێ، هی دووەمیشیان لە سیمای خودادا، هی یەکەم ئەندێشەی

قوڵی شاعیر حوکمی دەکاو هی دووەمیش باوەڕی بەتینی عابید، پەیامی شیعر گەڕانە بەدوای ئایدیایێک کە خوڵقێنەری شاکار و داهێنانە، وا لە شاعیر دەکات بۆ تا هەتا جاویدان بێت، پەیامی درودیش گەڕانە بە دوای خودایەک خوڵقێنەری چارەنووسی بەختەوەرییە لە ئێستاو دوای مەرگ، بەمجۆرە نەمریی ڕەگەزی بەهێزو هاوبەشی نێوان شیعر و درودە و قسە کردنە لەگەڵ غەیبدا، واتە غەیبانییەت خەسڵەتی هەرە دیاری شیعر و درودە، هەلبەت غەیبانییەتی شیعر نادیاری و ئاڵۆزی ونی سەرچاوەو خەیاڵ و ئەندێشەو تێرامانە، نەک غەیبانییەت بە چەکە ئاسمانییەکەی.

١١

شیعر بەخشندەی ئاگاهییە، بێ بوونی شیعر لە نێو کپی ووەستانێکی ئەبەدیدا ژیان بەسەردەچێ، ئێمە پێویستیمان بە ژانرێکە بەرهەم هێنەری زیندوکەرەوەی دەمارەکانی ڕۆح ودڵ وهزر بێ، کەشیعریش لەتواناو بڕستی دا هەبێ ئەمکارە خوداییە بکات  دەبێ شکۆمەندی راگرین، هەربۆیەش شیعر هەڵگری جۆرێک لەقودسییەت وپیرۆزییە کەلەقودسییەت وپیرۆزی خوداوەندی دەچێت، جا ئەوانەی کە پەییان بەم پیرۆزییە بردبێ، نوسینی شیعر لای ئەوان کارێکی ئەستەمودژوارە، بەبێ ئەزمونێکی بەتین توخنی شیعر ناکەون، چونکە باش دەزانن لەکاتی کاربەرداری نوسینەوەی سرووتی پیرۆزی خەڵقکردن شوکرانە بژێری تیماکان دەکەن.

١٢

شیعر هیچ زەمەنێکی دیاریکراوی نییە، ئەوەی کە شیعری زاڵ کردووە بە سەر زەمەندا، ئەوەیە شیعر خۆی خوڵقێنەری زەمەنی خۆیەتی لە ڕێگەی داهێناندا، دەخوازم بڵێم شیعر ڕەهەندی دەرەوەی زەمەنە، کە هەموو ئێستا و داهاتوو لەناو وشەدا کۆدەکاتەوە، بۆ دەربازبوون بۆ ناو دەرەوەی زەمەن و دەسگیر کردنی ڕەهایی چونکە شیعر دەبێ بوونەوەرێکی ئازاد بێ.

١٣

شیعر پێویستی بە فیکرو مەعریفەی ڕەها هەیە، بەڵام شیعر فیکر ومەعریفە نانوسێتەوە، بەڵکو وردوخاشیان دەکات و دەیانکات بە سووتوی تێڕامان و گوزارشت کردن لە هەراسانی ڕۆح و جاویدانی.

١٤

شیعری باش هەموو پێناسەکان بەتاڵ دەکاتەوە و هیچ چەمکێکیان بۆ ناهێڵێت.

١٥

فۆرم و ڕیتم و زمان و ناوەرۆک لە ناو هەڵڕژانێکی ئەبەدی شیعریدا، ئاوەها بەیەکەوە بەندن، هیچ هێزێ نییە بتوانێ لەبەر یەکیان

هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەر شیعر بە ئومێدی جاویدانی داڕێژرابێ.

١٦

شیعر لە دەرەوەی تەکنیکی مێژووویی، مێژوووی تایبەت بە خۆی دروست دەکات، مێژووویێک تژی لەشەڕە قورسەکانی مانا، ئەو مانایانەی هەمیشە و بێ وچان مرۆڤ لە قاڵبە مت بووەکانی خۆی ڕەها دەکات ودیخاتەوە ناو فۆرمە جیاجیاکانی ئازادی، ئەو ئازادییەی هەموو فەزاکان لە بەردەم گوزارشتی مرۆڤایەتی دەکاتەوە و ڕێگە شاراوەکانی داهێنانی گەورە لە بەردەم شاعیرەکان دەکاتەوە، خوێنەر بەرەو دونیاییێکی جوانتر و کراوەتر دەبەن، بەمجۆرە —مانا-ڕەهایی — ئازادی — دەبن بەسێ ئەقنومی مێژوووی شیعر و قوداسی داهێنان پڕ لە سرووتی مانەوەی هەتا هەتایی دەکەن.

١٧

گۆڕان گرینگترین ئەکسیری شیعرە، شاعیر دەبێ بەردەوام لە پێناوی ڕۆح بەخشین بە جیهانبینی خۆی لەگۆڕان دابێ، گۆڕانێک بەرەو لوتکە، گۆڕان لە ستایل و مانا و فۆرم و وشە و ڕامان و داڕشتن، بەمجۆرە شاعیر دەتوانێ فەزاکانی داهێنانی شاکار کەشف بکات، شاعیری وەستاو بە تەنیا خاوەنی ئەو ساتەیە کە تیایا دەژیت و نابێتە خاوەنی جاویدانی.

١٨

کاری شیعر تێپەڕاندنی ستایلە تەپیوەکانە، ئەوستایلانەی بە درێژایی چەندین دەیە ساڵە بوونەتە مۆتەکەی سەر سینەی شیعری کوردی، نەهێزی ئەوەیان هەیە وەهمێک دروست بکەن لە حەقیقەت بەهێزتر بێت، نە وەهمی ئەوەیان هەیە هێزێک دروست بکەن بۆشیعر توانای دینامیکیەتی هەبێ، ئەوانە ئەو ستایلانەن کە وەستاون، چونکە نە لە ڕووی زمان هێزی دامەزرندنیان هەیە، نە لە ڕووی ئەندێشە و تێرامان و ئەبستیم.

## بەشی چوارەم

## کارکردن لەناو مانادا

## هونەرمەندی تراژیک وەک مرۆڤی ناوازە

دەخوازم ئەوە بڵێم کە مرۆڤی ناوازە خاوەنی جەوهەرێکی تراژیکە، بەو پێیەی هەڵگری جیهانبینییەکی جیاوازە، هەمان ئەو جیاوازییە جەبریە یە مەینەتییەکانی بۆ بەرجەستە دەکات، جەوهەری کاری هونەریش، ئارەزوێکی ئەزەلییە بۆ بە دواداچوون و بیرکردنەوە لەو جەبرکاریە و بەشێکی هەرە تۆخە لە ناوەرۆکی مرۆیی هونەرمەندا، کە لە ستایل و رەنگ و وەشاندا پێچەوانە دەبێتەوە ، واتە ناوەرۆکی هونەریی هونەرمەند، یەکسانە بە تەواوی ناوەرۆکی کۆمەڵەوە، بەو مانایەی هێزی جاویدانی تاکی هونەرمەند، دەتوانی بەقەد هێزی کۆمەڵ کاریگەر بێت ، وەک چۆن هاملێت کارەکە دەخاتە ناو گەورەیی و هێزی لە بن نەهاتووی تاک و پێی وایە خۆشەویستی ئەو بۆ ئوفیلیا، یەکسانە بە خۆشەویستی هەموو مرۆڤایەتی، ئاوایش کاری هونەری کارێکی زاتیەو لە هەمان کاتدا یەکسانە بە هێزی تەواوی کۆمەڵگەی بەشەری ، ئەلێرەوەیە هونەرمەند قەرەنی جەمیل مێژووی خۆی دادەرێژێ و پۆرترێتی کەسێتی خۆی ئەزەل بەند دەکات، ئێمەی نێوەندەکە لە رێگەی هونەری هونەرمەندەوە شارەزای کەسێتی ئەو دەبین، نەک لە رێگەی خەسڵەتە مرۆییەکانییەوە، بەدەر لەوە رێگەیەکی دیکەمان پێ ناکەوێ، تا لە سیماو روخسارو ئەدگاری نزیک بینەوەو شۆڕبینەوە بۆناو رۆحی هەزار چەشنەی هونەرمەند قەرەنی جەمیل.

* بەمجۆرە هونەر جەوهەرێکی مرۆییە نەک جوهەرێکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەش کۆی هەموو مرۆیەکانە، هیچ هونەرێک نییە جەوهەرێکی گەلەکۆیی هەبێت، یا پەیوەست بێ بە سەرەتاو کۆتایی ، یا بە بۆچوونی مێژوویی یا رەوتە زنجیرەییەکانی پەرەسەندنی هونەری بیرکردنەوەی کۆمەڵ، بەڵکو لە دایک بووی ساتە وەختی جوڵەی دەست و پەنجەی داهێنانە زاتییەکانە ، مروڤی ناوازە کە من پێم گرینگترە لەو مرۆڤەی کە نیتشە هەوڵی دارشتن و دروست کردنی داوەو لە دونیای خەیاڵی خۆیا مشت و ماڵی کردووە ، تا وەکو سوپەرمانێ ئاودیوی ئەقڵی رامانسازەکانی بکات ، ئەو مرۆڤەیە کە گوزارشت لە توانایی خۆی دەکات نەک لە توانایی فرینی خۆی، یا لە توانای فرینی خولقێنەرەکەی، گوزارشت لە هێزی زەینی خۆی دەکات، گوزارشت لە حەتمیەتی خۆسەلماندنی خۆی دەکات، نەک لە هێزی دەست و پەنجەی نرخێنەرەکەی، هەلبەت ئەوانەن کە تەواو پەیوەستن بە ژیان، بۆ ئەوەی دەرک بە رواڵەتەکانی ژیان بکەن نەک ژیان خۆی ، دەرک بە دەرهاوێشتەکانی بکەین نەک بە سەوابتی خۆی ، قەرەنی جەمیل لە نێو ئەو دارشتە هونەرییەوە کار دەکات بۆ گەیشتن بە دارشتەی مرۆڤی

ناوازە لە هونەرەکەی خۆیدا، کە هونەری هەموو تاکێکی بیرکەرەوەیە نەک بەرخۆرەکان، هونەری ناوازە، لە ڕێگەی خەبات و گێرمەو کێشەی مرۆیی، لە ڕێگەی توانەوەی خود دێتە کایەوە، چونکە هەمیشە تەماشای ئەو ژیانە دەکات، وەک ئەوەی کە بۆ یەکەمین جارە دەرکی پێ دەکاو دەیبینێ و کۆمەڵگە هەستی پێ ناکات، قەرەنی لە هونەردا ئەزموونەکان پەڕە دەکات و هەڵیان دەوەشێنێتەوە، دەیانباتەوە سەر کرۆکی خۆیان ، ئەو ئەزموونانەی فرشە ئاوی ژیانیان لێ دەخواتەوە، جا ئەگەر کارە زەینییەکان واتە ئایدیای ئەو تاوەکو ئێستا بە هەزاران سەختی و دشواری دەورە دراوبێ، ئەوە ئەو باکی خۆی لە نێو ڕاڕەوە دوورەکان پاراستووە، واتە خودی خۆی بە شەرنەقەیەکی ئاوریشمی هونەری پاراستووە، بە هێمای ئەو باکەوەیە کار دەکات و نەمریی کارەکانی خۆی بە دەست دەهێنێ، بۆیە هێزێک نییە زەفەری پێ ببات،بەو مانایەی پەشیمانی بکاتەوە لە ستایل و تیماکانی خۆیەوە، ئەو هێزە هێزی هونەری ڕاستەقینەی ئینسانی ناوازەیە، هێزی ئەو ئینسانە سوپەرمانە نییە بۆ بەدەست هێنانی مەعریفەیەکی باڵای گۆشەگیری کە لە ڕامانی ئەشکەوتەکانەوە بێت ، ئەو ئینسانە ناوازە کە لە هونەرمەند قەرەنی جەمیل دا خەست دەبێتەوە، بەنێو دونیای مۆدێرنەوە ئەو پاشخانە مەعریفییە بۆ خۆی دروست دەکات، کە زیاتر لە چەند دەیەیە کاری بۆ دەکات و تابلۆکانی پێ ئاودەدا و جیهانبینی خۆی تێدا بە خەرج داوە .

* ئەو هەمیشە شوێنی یەکەمی بیرکردنەوەی خۆی بۆ هەستەکان تەرخان کردووە ، ئەو هەست و نەستانەی زادەی واقیعیەتی ژیانی هەنەری ئەون، هەر ئەوەشە چەمکی مرۆڤی ناوازەی لە نێو فینومینولۆژیای ئەودا دروست کردووە، واتە ئیدراکی هەستەکی بۆ هونەری خۆی بەلاوە گرینگتر بووە لە تەواوی ئیدراکی ئەقلییەوە ، کە هونەرمەند لە هونەرەکەی جیا دەکاتەوەو بە ئاقارێکی دیکەی بیرکردنەوەی دەبات، لای ئەو هێزی هەست ، هونە دەکاتە هاوتای مرۆی ناوازە ورۆحی نەمریی پێ دەبەخشێ و بە شێوەک جیلوە دەکات کە هەموو ڕەهەندەکانی زەمەن تێکەڵ بە یەک بێت، لە تابلۆیەکی هەرە زیندوودا،ئەو مکوڕییە لە گەڕانەوەی ئەبەدی بۆ ئەوزیندوێتیە هونەرییە کە وای کردووە قەرەنی جەمیل ، هێزی مانەوەی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتبێ، لە هەوڵی هونەرێکی جاویدانە بێ، هەر ئەوەشە هەنەرێکی ناوازە دەخوڵقێنێ، مرۆڤی ناوازە یا باشتر سەبارەت بە قەرەنی جەمیلی هونەرمەندی ناوازە ، بە دوای ئەو هاوارە دەگەڕێت کە لە تەواوی ئەوانی دیکە جیای بکاتەوە،هاوارێک قسە لەگەڵ ڕەنگدا بکات و بیکاتە هەویری بیرکردنەوەی خۆی، نەک بە چەمکی دژایەتی کردنی ئەوانی دیکە، بەڵکو بە چەمکی زیاتر

ناسینی ئەوانی دیکە، چونکە ئەو باوەڕی بەوە نییە کە ئەوانی دیکە دۆزەخ بن، بەڵکو پێی وایە هونەر رەتی ئەو بیروبۆچوونە دەکاتەوە، بەڵکو هونەر ئاماژەیە بۆ هەڵوەشاندنەوە و دووبارە دروست کردنەوەی هەموو ئەوانی دیکە، لە بۆتەی هونەرێکی ناوازەو چەمکێکی دیکەی مرۆڤی ناوازەیە .

* هەمان ئەو بیرۆکەیە بە درێژایی پەنجا ساڵە سەرجەمی تێکستی هونەر و ژیانی ئەوی داگرتووە، هەر لە سەرەتای دەست پێکردنییەوە تاوەکو ئەمرۆکەشی لە گەڵدابێت، قەرەنی جەمیل تەواوی شێوازەکانی ناسیوە، بۆ خوڵقاندنی هەستی ناوازەیی و دروست کردنی هونەرێکی ناوازە توێکاری بەو بناغەیەکی پتەوە دەزانێ، زانستەکانی هەڵکوڵینی مەعریفی و هونەری شارەزایە، مێژووی پەنجەکانی خۆی بە ئاوی ژیان و هونەری رۆح نووسیوەتەوە، رەنگە فرشەی بێ ئەمانی شایەتی ئەو قسانەم بن، بەڵام هاواری ئەو لە گەڵ هاواری ئۆرفیوس یەکتر دەگرنەوە لە سەدای موزیکی سەر ئاوەکاندا، دوای شکستی کەمان، بۆ ئەو دوای شکست و رمانی تیمای هونەری لە نێو چاوانی هونەرەکانی دەوروبەری ئەودا، ئەو وێڵە بە دوای دۆزینەوەی ئەوەی کە هەستەکانی بە دوایا دەگەڕێن، ئەو هەستەی کە هاوزای منداڵێتی و گەنجێتی و ئێستای تەمەنی هونەرییەتی، من زۆر جار هەست دەکەم نووسین دەربارەی هونەرێکی ئاوا و هونەرمەندێکی ئۆرفیەکاری ئاوا کارێکی ئەستەم و دشوارە، چونکە رێگەیەک نییە بۆ گوزارشت کردن لە دەرگاکانی نهێنی کارکردنی ئەو هونەرمەندە، هەرگیز قایل نابێت، ئەو پێکهاتەیەکی وجودییە لەم رووەوە، ئەلێرەوەیە من دوچاری کۆمەڵێک پرسیار دەبم، ئاخۆ هونەرمەندێک کە بە درێژایی چوار دەیە قسەی لە گەڵ فرشە کردووەو فرشە لە ئاست دەنگ و ئاهەنگ و ریتمی هونەری ئەوا خۆی رێکخستووە، بەو مانایەی هەموو نهێنییەکانی ئەو ستیلەی کردووە بە ئاماژەی دارشتنی هونەرێکی ناوازە، بێ ئەوەی ئاوڕ لە بینەر بداتەوە، بەلکو هەوڵی داوە بینەر هێزی ئاوڕدانەوەی هەبێت، یا گەورەترین قەدەر لە سەرسامی بینەر دروست بکات، هەوڵی داوە لە رێگەی وەشانی ئەو فرشەیەیە هەموو بلێسە بێ رەونەقەکان بخاتە بەردەم پرسیاری پەیامی هونەری گوزارشتکار نەک هونەری چارەسازکار، واتە هونەری مانا گەورەکان نەک هونەری سانا کارەکان، ئاخۆ دەبێ چەند لاپەڕەی ترمان پێ بوێ، تا یەک تۆز لە دونیای ئەودا نزیک بکەوینەوە، ئەو هونەرمەندە رێگەیەکی گرتۆتە بەر رێگا نییە، لە هەمان کاتدا جێگا نییە، بەڵکو هەندەسەی جوانییەکانی دەرەوەی ئەو رێگاو جێگایانەن، واتە ئەندازەی دەرک کردنی هەستین، میتافۆری هەنەری گەورەن، لە کاتێکار

سەختترین کاری هونەرمەندی شێوەکار کە ڕەنگ و وەشان کەرەستەی سەرەکی ئەون ، ئەودێ میتافۆر لە هونەری شێوەکاری وەک ڕێبازێکی هونەری ناوازە دەخوڵقێنێ، واتە تاکە هونەرمەندە کار لە ناو بەلاغەتی ڕەنگ دەکات، ئەوەش تەنها لەو مرۆیە ناوازانە دەوەشێتەوە کە کاری سیمیۆلۆژی دەکەن بە کارێکی گرینگی دەربرینی هەستی بەلاغی هونەریی، کە من ناوم ناوە هەستی مرۆڤی ناوازە ، کە وا لە بینەر بکات بڵێ هەموو پێکهاتەیەکی ئەقڵانی بەشێکی بچووکە لە ئیستیعارەو میتافۆر و هەندەسەی هەست .* بە شێوەیەکی تر قەرەنی جەمیل هەموو هێزی هونەری خۆی تەرخان کردووە بۆ دروست کردنی هونەرێک بۆ نیشاندانی جوانییەکانی مەرکانەیێ یا جوانییەکانی مرۆڤ یا جوانییەکانی ژیان، نەک نیشاندانی مەرکانە یا مرۆڤ یا ژیان خۆی ، کە ئەمرۆی هونەری کوردیی شێوەکاری ڕاڕەوەکانی ساردوسڕ کردووە بەم جۆرە نیشاندان و وێنەو نمایشانەوە، دەخوازم بڵێم قەرەنی جەمیل وێنا دەکات نەک وێنە، سیماڕێژی بەلاغەتی ڕەنگ و دەنگی هونەر دەکات تا سیماکانی هونەری ناوازەو مرۆڤ نەخش بکات ، ئەو پێی وایە مەرکانە یا مرۆڤ یا ژیان شتێکە و جوانییەکانی شاراوەی ئەوانە شتێکی دیکەیە ، ئەوەیان هاوکێشەیەکی سەختە لە هونەردا،پرۆسێسێکە پێویستی بە کەرستەی جوانناسییەوە هەیە، بۆیە هونەری ئەو لە دەرەوەی چەمکە باوەکانە، ئەو جیاوازی دەکات لە میانی دەنگ و کاریگەرێتی دەنگ، لە میانی مرۆڤ و نواندنی ڕوخسارەکانی خۆی ، دوا جار لە میانی واقیع سێبەرەکانی واقیع، ئەمانە هەمووی وادەکات بڵێین هونەری ئەو هونەرمەندە هەمان ئەو هونەرە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە سەرێکی لە نێو یۆتیپی بوونە و سەرێکی لە نێو ئەفسانەی ئە بوونەدا، کە هەردووکیان ڕواڵەت و خەسڵەتەکانی تراژیدیای بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتان، هەموویان بەوە بێدار دەکاتەوە کە پرسی وجودیەت لە خودی مرۆڤ گرینگترە، لە پرسی ژیان خۆی، واتە دەبێ تابلۆیەکی هونەری لە بوونی خۆیدا بێت نەک لە دەرەوەی بوونی خۆیا، بەمجۆرە قەرەنی جەمیل لە هونەرەکەی خۆیدا مرۆڤێکی ناوازەی تراژیکە، نەک مرۆڤێکی سادەی تراژیدی، واتە ئەو لە بوونی خۆیەوە کاری هونەر خۆی دەکات و بە دوای جەوهەری بوون دا دەگەڕێ، نەک لە میانی هۆکارە دەرەکییەکان، ئەوەشیان ڕێک بە پێچەوانەی ڕەوتی سەرهەڵدانی هونەری ڕێنیسانسە کە ویسترا هونەرەکان لە دەرەوەی بوونی هونەرمەند بن، ئاسمان سەقفی بیرکردنەوەی سەردەم بیت، بەڵام قەرەنی جەمیل ئەو پەڕینە هونەرییەی لە پەیبردنی هەستەکی ڕەت کردۆتەوەو پێی وایە ئەو دەرچوونە لە

ڕەوتی بوونی خودێتی، مێژووی هونەری لە مانا گەورەکان سەندۆتەوەو داویەتی بە واقیعە سادەکان، ئەو وای باوەڕە  دەبێ هەموو واقیعە سادەکان بکەین بە قوربانی مانا گەورەکانی هونەر، قەرەنی تێکستێکی هونەری جیاوازی بۆ خۆی دروست کردووە، جیاوازییەکانی بریتییە لە جۆری بیرکردنەوەی، لە جۆری ڕەنگدانەوەی ئەو بیرکردنەوەیە، لە هونەرەکەی خۆیدا، هەمان ئەو ڕوانگە میتا ئەگزیستانسیلیزمەی وایکردوە، کە هونەرەکەی هونەری جەمسەر نشین بێت، واتە هونەرێ هەڵگری پێناسەی شکان نەبێت بەڵکو هەڵگری هێزی لەولەبییەت بێت، دینامیکییەتی هونەری قەرەنی جەمیل لە هێزی ئەو فەلسەفەوە دێت کە پەیوەست نییە بە مێژووی پێناسەی هونەر، بەڵکو پەیوەستە بە مێژووی حەلاجییەتی هونەر .

## نامەیەک بو داستانی کچم

کچەکەم:

ئەزانم ئەو نامەیەم وەکو هەموو نامەکانی دونیا،ئەو نامانەی بۆکروزی دڵی شاعیریان لێدێ، ئەبێتە دڵۆپە شەونمێ و ئەتکێتە ناو دەریا گەورەکەی ژیان و ڕەنگە لە نێو شەپۆلە شێتەکانیدا ون ببێ، ئەویش لەناو یادەوەیدا بدرەوشێتەوەو وەکو تروسکەیەک لە شەوی تاری ژیاندا ببریسکێتەوە، من بۆ خۆم دڵنیام کە هەر وشەیەکی بە سەختی و دژواری و سامی ئەو دەریایەوە نووسراوە،بەڵام باش ئەزانم کە دەریای ژیان لە هەموو دەریاکان گەورەترە، ئەزانم زۆرن ئەوانەی لەوە ناگەن کە شاعیران ئەوانەی جەوهەری ڕاستەقینەی دونیا ئەناسن و لە نامووسی کەینوونەی مرۆڤایەتی ئەگەن، لە چنینی هەر وشەیەکدا چەندین هەزار لێکدانەوەیان تانوپۆ کردوە و هەتا ئەم کەونەش بسووڕێ ئەوا نهێنییەکان بەرجەستە ئەکەن و هەمیشە بیری لێ ئەکەنەوە ، چەندین هەزار ئازاریان چەشتووە سەبارەت بە داڕشتنی هەمان ئەم وشەوە؟ بەڵام هەمدیس کچەکەم، کچە جوانەکەم، هەموو وشەکانی دونیا لە نەزەری مندا ناگەن بە خالیقی بزەیەک، کە من هێندە تۆم لا بەرزو پیرۆز بێت، تازە کەس نییە ئەو متمانەیەی من بە خۆشەویستی، داغ بکات، کەسێکی دیکە جگە لە تۆ بۆمن هەیە ئەو هەموو جوانییە بە بوون و مانی وشەکانی من ببەخشێ؟جگە لە خۆشەویستی؟ یا ئەو هەموو ڕاستییە بۆمن ئاشکرا بکات کە بۆچی هەموو ڕۆژێ خۆرەتاو ئەپڕژێتە ناو ئەم ژیانە جەنجاڵەو تیشکەکانی ئەبەشێتەوە، کچەکەم من هەموو ژیانم لە پێناوی دۆزینەوەی یەک وشەی ڕاست تەرخان کرد ، تەنها یەک وشەی ڕاست، ئەویش خۆشەویستی بوو .

کچەکەم داستان

تۆ ئەزانی بە دەست هێنان و دۆزینەوەی خۆشەویستی کارێکی چەند سەخت و دژوارە ؟ ئەزانی ئەگەر خۆشەویستی نەبێت دڵی کەون و دڵی مرۆڤ چەند تاریکە؟ خۆ خوێن بەردەوامی بە دڵی ژیان نابەخشێت، بەڵکو ئەوە خۆشەویستییە مەستی ئەکاو وای لێدەکات بەرگەی مانەوە لە سەر زەمین بگرێت و بەردەوامی بدات بە ژیان، ئەگەر خۆشەویستی هەبێت ئاوی دەریاکان شیرین ئەبن و بەرزایی چیاکان نەوی ئەبن و خەرەندە قووڵەکانی ڕقی ناو دڵی مرۆڤ پڕ لە جوانی ئەبن و وەکو پەڕی نەرگس سپی ئەچنەوە، ئەوە خۆشەویستییە وا ئەکات مێروولەکان بەو بچووکی خۆیانەوە بە درێژایی زستانی تووش لە ناو دڵی زەویدا شوێنی خۆیان رابخەن و چاوەڕوانی بەهار بکەن، ئەوە خۆشەویستییە وا ئەکات

دڵەکان پاک ببنەوەو بچنەوە سەر گەوهەری پێکەوە ژیانێکی خۆش، بۆیە من تەواوی ژیانم لە پێناوی ، هەر لەو پێناوەدا ژیانم لە خۆم تۆراند ، ئاوارەو سەرگەردان بووم، وڵاتان گەڕام و سووڕام، ئازیزانم بە جێ هێشت ، هەر بۆ ئەوەی هەمان خۆشەویستی ئەو بوونە بە دەست بهێنم، تۆ ئەزانی کە مرۆڤ خۆشەویستی ئەوانی دیکە بە دەست بهێنی یانی چی؟؟ ئەوەیان کارێکی چەند زەحمەت و تەمەنخوازە کچەکەم، من هەر بە خۆشەویستی بوو چوومە ناو دەستەواژە راستەقینەکانی شیعر، هەر بۆ خۆشەویستی بوو هەزاران لاپەڕەی سپیم ڕەشکردەوە بەڵام هەرگیز نەگەیشتمە سنووره زۆر دوورو دوورەکانی خۆشەویستی، ئەوەی بیەوێت بگاتە دوا کەناری خۆشەویستی ئەبێ لە چیاکان بەرزتربێت و لە دەریاکان قووڵترو لە خۆرەتاو گەرمتر بێت، ئەبێ بەناو تاشەبەردەکاندا باز بداو لەناو دڕکدا لیرەی خۆشەویستی و میهر کۆکاتەوەو لە کوپەی دڵیا خەزنی کات، ئەگینا هەر بەوەندە ڕائەگات کە بە لێوارەکاندا ڕەت ببێ، هەر ئەوەندە هەستی پێئەکات کە تووشی چەند مووچڕکەیەک بێت، بۆیە ئەبێت هەمیشەو بەردەوام دڵەکانمان پڕ لە خۆشەویستی بکەین، خۆ ئەگەر خۆشەویستی فەرمانڕەوای دڵ بێت، ئەوە سەر زەمین ئەبێتە ئەو بەهەشتەی کە لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە بۆی ئەگەڕێین و نایدۆزینەوە، ئەگەر خۆشەویستی هەبێت خۆرەتاو بەسە تا لە بەستەڵەکی ژیان گەرم ببینەوە، باران بەسە تا لە قات وقڕی ژیان ڕزگاریمان بێت، شنەباکان بەسن تا لە دۆزەخی ژیان فێنکمان بێتەوە، دارستانەکان بەسن بۆ ئەوەی هەناسەی دڵنیایی تیا بدەین،من هەموو ئەو ڕاستیانەی خۆشەویستیم لە ڕێگەی شیعرەوە ناسی نهێنییەکانی خۆشەویستیم دۆزییەوە، شەوەهای شەو بەدیار وشەیەکەوە سپێدەم کردۆتەوە، تا گەیشتوومەتە ئەوەی کە تۆوی خۆشەویستی تیا بچێنم، ڕۆژانێکی هێجگار زۆر بە دوای ئەو بیرۆکانە گەڕاوم کە هەڵگری بەیداخی خۆشەویستی بووینە،ساڵ و مانگانێکی زۆر سەفەری سەختی زەینیم کردووە، تا قومێ خۆشەویستی لە کانی ژیان بخۆمەوە،غەریبی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوام کردووە، تەمەنی خۆم کردۆتە قوربانی تا بۆ چەند ساتێ لەژێر سێبەری مانگی درەوشاوەدا بحەسێمەوە،هەزاران هەزار جار گریاوم تا گەیشتوومەتە گراوی خۆشەویستی، ئەی چۆن؟ ئەگەر خۆشەویستی وا زەحمەت نەبوا، بۆچی ژیان ئاوەها غەددار ئەبوو وئاوا خەڵکی دەستیان ئەچێتە خوێنی یەکترەوەو منداڵ بێ باوک ئەکرێ و سینەی ژنان بەر گوللە ئەدرێ و گەردەنی مرۆڤ بەپەتەوە ئەکرێ، ئەوە هەمووی ئەو ڕق و قینەیە کە لە نەبوونی خۆشەویستییەوە سەرهەڵئەدا، ڕق و قین ئاخر ڕق

وقین گەورەترین دوشمنی ئینسانە، نەکەی هەرگیز جێگەی دەزوولەیەک لە ڕق لەناو دڵتا بێتەوە،هەوڵ بدە هەمیشە خۆشەویستی تیادا چەکەرە بکات بۆ ئەوەی دوا ڕۆژی خۆت، وەکو ئاسکێکی سەوز بێتە باوەشتەوە.

## ڕۆمانی فرانگشتاین لەبەغدا

بۆ یەکەمین جار لە مێژوو ناوی فیکتور فرانگشتاین لە ڕۆمانی نووسەری بریتانی ماری شیللی لە ساڵی ١٨١٨ هاتووە، وەک قوتابییەکی زیرەکی بواری نەشتەرگەریی پزیشکی، هەمان ئەو قوتابییە هەولی ئەوەی داوە کە ڕۆح بخاتە بەر مادە و لە ئەنجامی ئەزموونکردنێکی زۆرەوە جۆرە کائینێکی مرۆیی زۆر زەبەللاح دروست ئەبێ، هەمان ئەو بوونەوەرە زەبەلاحە کاری تاوان ئەنجام ئەداو داوا لە فرانگشتاین ئەکات کە ئەو هەست بە تەنهایی ئەکات ئەبێ ژنێکی وەک خۆی بۆ دروست بکات، ئەویش لە دەمی دروستکردنی ئافرەتەکە بوو بیری کردەوە کە نەبادا ژنەکەش وەک ئەو کاری تاوان ئەنجام بدات، بۆیە لەبەر چاوی زەبەلاحەکە کارەکەی خۆی تەواو ناکاو هەڵیئەوەشێنێتەوە ، کائینە زەبەلاحەکەش وای بە خەبالا دێت کە ئەویش ئەکوژێت، فرانگشتاین ئەترسێ و لە دەستی ڕائەکات، تاکۆتایی ڕۆمانەکە فرانکشتاین لە داخا خۆی ئەکوژێت، لە ڕێگەی خۆسووتاندنەوە، هەمان ڕۆمانی فرانگشتاین لە بەغدا هەوڵی کارێکی ئاوا ئەدات بە جیاوازی ئامانج و بیرۆکەوە. من وا هەست ئەکەم بزوتنەوەی ژانری ڕۆمان بە بەراورد اە گەڵ ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، لە ناو نووسەرانی عەرەبی عیراقی بە تایبەت گەنجەکانیان، ڕەوتێکی تازەو بەرەوپێشەوچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بۆنموونە لەو ساڵانەی دواییدا هەندێ ڕۆمانی باش نووسران، لە هەمان کاتدا ناوبانگێکی باشیان بۆخۆیان پەیدا کرد، بە تایبەت ڕۆمانەکانی عەلی بەدر، لەم دواییەش ڕۆمانی – فرانگشتاین لە بەغدا کە توانی خەڵاتی بۆکەری عەرەبی بەدەست بهێنێ، بەڵام لە رووی سەرهەڵدانی دیاردەی شیعری تا ئێستا ئەدەبی عیراقی نەیتوانیوە تەجاوزی شیعری هەشتاکان و نەوەدەکان بکات، ئەگەرچی هەندێ گەنجی باش سەریان هەڵداوە و دەقەکانییان مژدەبەخشن بەلام نەیانتوانیوە ببن بە دیاردە و ناوبانگ پەیدا بکەن، ئەحمەد سەعداوی ڕۆماننووس و شاعیرێکی عیراقییە لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٣ یە تاوەکو ئێستا دیوانی جەژنی گۆرانیە خراپەکانی – شیعر – ی لە ساڵی ٢٠٠١ لە مەدرید بڵاو کردۆتەوە، هەروەها ڕۆمانی – شارێکی جوانی لە ٢٠٠٤ لە بەغدا بلاوکردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ خەڵاتی ڕۆمانی عەرەبی لە دوبەی بردۆتەوە، هەروەها ڕۆمانی –ئەو خەون ئەبینێ و یاری ئەکات و ئەمرێ – لە دیمەشق بڵاوکردۆتەوەو خەڵاتی های فیستەفالی بەدەست هێناوە لە ٢٠١٠ ، ڕۆمانی فرانگشتاین لە بەغدا چاپی چوارەمی لە بەغدا لە ٢٠١٤ چاپ کراوە,

نووسەری رۆمانی فرانگشتاین لە بەغدا ڕۆمانێکی دیکەشی هەیە بە ناوی شاری جوان کە لە ویشدا خەڵاتی وەرگرتووە و لە ڕۆمانی دوایشا واتە ڕۆمانی فرانگشتاین لە بەغدا خەڵاتی بوکەری عەرەبی وەرگرتووە. ئەم ڕومانە شایانی خوێندنەوەیە، هادی عەتاگ کە فرۆشیارێکی دانیشتووی گەڕەکی بەتاوینە لە شاری بەغدا خوو بەوە ئەگرێ کە هەموو ئەو پارچە پارچەی جەستەی ئەو مرۆڤانە کۆکاتەوە کە لە تەقینەوەکانی شاری بەغدادا دەستی ئەکەوێ، ئەو تەقینەوانەی کە لەسەر دەستی تیرۆریستەکانی ناو شاری بەغدا ئەنجام ئەدرێن، تەواو لە زستانی ٢٠٠٥ دا ، هادی عەتاگ ئەزموونێک ئەنجام ئەدات کە کەمتر بیستراوە جگە لەو ئەزموونەی فیکتور فرانگشتاین ، ئەویش ئەوەیە کە هادی عەتاگ هەڵدەستێ بە دورینەوەو بەیەک وەنووساندنەوەی ئەو پارچە جەستانەی لە تەقینەوەکان دەستی کەوتوون بۆ ئەوەی بوونەوەرێکی مرۆیی سەیریان لێ دروست بکات، سەیرەکە لەوەدایە هەمان ئەو کائینە مرۆییەی کە دروستی ئەکات رائەپەڕێ و دەست ئەکات بە کوشتنی ئەو تاوانبارانەی کە تەقینەوەکانیان ئەنجام داوەو تۆڵەی هەموو ئەو پارچە جەستانە ئەکاتەوە کە ئەوی لێ دروست بووە، هەلبەت هادی عەتاگ ی پاڵەوانی رۆمانەکە هەموو ئەو شتانە بە حەکایەت بۆ خەڵک ئەگێڕێتەوە کە خۆی کارەکتەرێکی نامونتەمی کولن ولسنییە و ژیان لای ئەو بریتییە لە بەسەربردنێکی وجودیانە، خەڵکەکە پێی باوەڕ ناکەن بەڵام لە راستی دا حەقیقەت بووە، بە هەرحاڵ ئەم ڕۆمانە زۆرشت لە بارەی بەغداو ژیانی بەغداو تەفینەوەکان و ڕووداوەکانی بەغدا باس دەکات هەر لە پیرێژنە عەررافەکەوە و تا ئەگاتە کۆتایی کە بەسەر ١٩ بەشەوەیە و دیارترین ناوی ئەو کائنە خورافیە بریتیە لە – ئەوەی کە-ناوی چییە – یا ئەوەی کە ناویم لەبیرکردووە – زوربەی ڕووداوەکان وەک حەکایەت لە قاوەخانەی عەزیز میسرییە، ڕۆمانەکە هەندێ جار ئەکەوێتە سەر تەوژمی هۆش و ستایلی ڕۆمانەکانی مودێرن و ستایلی فەرجینا وولف وەر ئەگرێ و لە هەندێ شوێندا ئەبێتە ریالیستێکی تەواو و هەندێ جاریش ئەچێتە ناو رىالیستی میژوویی، ئەگەرچی ڕۆمانەکە جگە لەوەی بروفایلێکی سیاسییە بەڵام خاڵی نییە لە دیمەنە ئێستەتیکیەکان و خەیاڵ و فانتازیا.

## ریلکه

تەواو لەبیرمە کە من لە پۆلی ٣ ی ناوەندە بووم ، سەرەتای ساڵ بوو، شیعرێکی ئەو شاعیرە ئەلمانییەم بە زمانی عەرەبی خوێندەوە ، بەڵام بە داخەوە نازانم لە ڕۆژنامە بوو یا لە کتێبخانەی گشتی لە هەولێر بوو، هەلبەت ئەو کاتە نەوەی ئێمە تازە تووشی زمانی عەرەبی ئەبوون و هیچییان لێ نەئەزانی، بەڵام لەبەر ئەوەی من تەواو پڕژابووم سەر خوێندنەوەی کتێبە ئەدەبییەکان و شیعری عەرەبی، بۆیە هەرچۆنی بێت باشتر بووم لە ئەوانی دیکە، ناوی شیعرەکە – کۆتایی هاتنی پاییز بوو- کە ئەو کاتە زۆرم بەدڵ بوو و لەززەتم لێ وەرئەگرت، ئەو شاعیرە ئەڵمانییە ناوی – راینەر ماریا ریلکە – بوو ، کە یەکێکە لە شاعیرە بە تواناکانی ئەڵمان، دوای ساڵانێکی دوورو درێژ چەند شیعرێکی دیکەی ئەو شاعیرەم خوێندەوە ، پاشان بە تەواوی دڵم کەوتە سەر شیعرەکانی ئەو شاعیرە تا کتێبێکم لە ساڵی ١٩٧٩ دەسکەوت کە شیعرە وەرگێردراوەکانی هەمان ئەو شاعیرە بە توانایە بوون، یەکێ لە وەرگێرە میسرییەکان کاری لەسەر کردبوو، هەلبەت هەمیشە ئەو کتێبەم ئەخوێندەوە ، تا دواجار هەندێ شیعرم لەو کتێبە کرد بە کوردی و لە هەشتاکاندا لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوم کردنەوە، دوای چەندین ساڵ کتێبێکی تری ئەو شاعیرەم دەسکەوت کە – سلێمان حاجی عەلی – راستەوخۆ لە ئەلمانییەوە وەریگێڕاوەتە زمانی عەرەبی و زۆربەی شیعرە ناودارەکانی ئەو شاعیرەی تێدایە، هەمدیس شیعرەکانیم خوێندەوە، هەلبەت بە دیدو دیدگاییکی دیکەی شیعری و بە ئەزموونێکی دیکەی ئەدەبی، بەڵام هەمدیس شەوق و ڕەونەقی خۆیان بەسەرمندا بڵاو کردەوەو هەمان جوانییەکەی جارانی هەر جاویدانی بوو، هەربۆیەش لێرەدا ئەمەوێ باسێکی ئەو شاعیرە مەزنە بکەم کە ڕەوتی ژیان و بیرکردنەوەی شایانی بەسەرکردنەوەو زانینە، ئەم کتێبەی بەردەستم بریتییە لە سەد دانە شیعری هەڵبژێردراو کە بە زمانی ئینگلیزی و ئەلمانی بڵاو بۆتەوە ، وەرگێر پاشکۆیەکی بۆ کتێبەکەووسیوە و پێشکەشی بە رۆحی ماندووی ریلکە کردووە، نووسیویەتی – ئەم کتێبە پێشکەشە بە راینەر ماریا ریلکە کە هیچ خۆشییەکی لەم سەر زەمینەدا نەبینی ، بۆ رۆحی باڵگرتووی ئەو - ریلکە لە دایک بووی ساڵی ١٨٧٥ لە پراگ و لە شاڵی ١٨٨٤ دا دایک و باوکی لەیەک جیا ئەبنەوە ، واتە ئەو تەمەنی ٩ ساڵان بووە، لە ساڵی ١٨٩٥ لە پراگ دەستی بە خوێندن کردووە، لە ١٨٩٩ ئەچێتە رووسیا، لە ساڵی ١٩٠١ هاوسەرگیری لە گەڵ کلارا ی نەحات ئەکات و کچێکی

لێ ئەبێت دوای ئەوەی کە لە خێزانی یەکەمی ئەترازێ، لە ساڵی ١٩٠٢ کۆمەڵە شیعری – کتێبی وێنەکان – بڵاو ئەکاتەوە کە دەنگ و سەدایەکی زۆری ئەبێت. لە ساڵی ١٩٠٤ دا کتێبێک بە ناوی – میتۆدی خۆشەویستی – بڵاو ئەکاتەوە ، لە ساڵی ١٩٠٥ کۆمەڵە شیعری – کتێبی سەعاتەکان – بڵاو ئەکاتەوەو بەم دیوانە شیعرییە سنوورەکانی جوگرافیای خۆی ئەبەزێنێ- لە ستڵی ١٩٠٧ دا کۆمەڵە شیعرێکی دیکە بە ناوی – شیعری تازە – بڵاو ئەکاتەوە کە هەڵگری شوناسێکی تازەی شیعری خۆی بوو. . لە ساڵی ١٩٠٨ دووبارە کۆمەڵێ شیعر بە ناوی – بەشێکی دی لە شیعری تازە بڵاو ئەکاتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩١٢ – شینێ بۆ دیونیسیس بڵاو ئەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٢٢ وەرچەرخانێ لە ستایلی شیعر نووسینی ریلکە رووئەدات و – دیوانی گۆرانیەک بۆ ئۆرفیوس ئەنووسێ، ریلکە جیهان بینییەکی تایبەتی هەبوو لە شیعردا و ئەو پێی وابوو شیعر بریتی نییە لە شعور لێکدانەوەی خەیاڵی بە ڵکو شیعر بریتییە لە ئەزموونی شاعیر و بریتییە لە خیبرەو کارامەیی شاعیر، چونکە شاعیر ئەبێت ئەزموونێکی زۆری هەبێت لە بواری شیعر نووسین و شارەزایی، جا ئەو خۆی هەر لە منالییەوە خەریکی شیعرو ئەدەبیات بووە، رۆحێکی هیومانیزمی گەورە لە شیعرەکانی ریلکەدا هەیە و لە هەمان کاتدا غوربەتێکی قووڵ سەراپای بیرکردنەوەی شاعیری داگیر کردووە، هەمیشە هەوڵی داوە ئەو نیگەرانییەی مرۆڤ بکات بە شێوەی شیعرەکانی و شەکلیان پێ ببەخشێ، لە هەمان کاتدا شیعرەکانی خۆی خستۆتە نێ ئامانجی داکۆکی کردن لە ئازادی لە مرۆڤ، جا لەبەر ئەوەی ریلکە لە شیعرەکانیدا هەڵگری شوناسی وجوودیانە بووە، بۆیە هایگەر لە بارەیەوە ئەڵێت – من لە چاو ریلکە شیچم بۆ وجوودییەت نەکردووە، باسترناک ئەیگووت – من لە ناو شیعرەکانی ریلکەدا مەلە ئەکەم – دواجار ریلکە بەبێ ماڵ و بە بێ نیشتمان ژیا.

## قسەو گوفتاری عاشقان

عەشق و خۆشەویستی خەسڵەتی بنەڕەتی و ئەسڵی مرۆڤە، کە هەر لە لەدایک بوونییەوە تێکەڵی خوێنی ئەبێت، تاوای لێدێت ئەبێتە بەشێک لە کیانی ئەو مرۆڤە، لەبەرابەریشیا هەرماسی ڕق و قین هەوڵی ئەوە ئەدات، کە جێگە بەو عەشق و خۆشەویستییە لەق بکات و خۆی ببێتە باڵادەست لە نێو بوونی ئەو مرۆڤەدا، هەربۆیەش هێندێ کەس هێزی لە ناوبردنی ئەو لایەنە پۆخڵەیان نییە و هەر زوو خۆیان ڕادەستی ئەو لایەنە قێزەوەنە ئەکەن و تاوەکو ئەمرن ، ئەگەر هەوڵی ئەوە نەدن وێرانی ئەو بوونەوەرە ترسناکە بکەن، ئەوە لە ناخیانا ئەبێتە مۆتەکەو تووشی گرفتارییەکانی ژیانییان ئەکات ، بەڵام ئەگەر ئەو هێزەی ژیان کە ئەشق و خۆشەویستییە، بوو بە دەسەڵاتی ئەو مرۆڤە ، ئەوە هەموو کردارو ڕەفتارەکانی ڕاستە ڕێ ئەبن، لە ژیانێکی پڕ لە هیواو بێ گرفتاریدا تەمەن بە ڕێ ئەکەن و هەمیشە بەو پەڕی دڵنیاییەوە ئەژین، مەسەلەی ئەشق مەسەلەیەکی گرینگی مرۆڤایەتییە، ئەگەر دیققەتێکی ئەدەبیات و بەسەرهاتەکانی داستان و ئەفسانەکان بدەین، بە تایبەت ژانرە سەرەکییەکانی ئەدەبیات کە شیعرو چیرۆک و ڕۆمانە ، ئەوەمان بۆ بە دیار ئەکەوێت کە عەشق بابەتێکی هەرە بەهێزی ناوەرۆکی ئەو ژانرانە بووە، بۆیە نووسین و کتێب گەلێکی زۆر لە بارەی ئەشق و مەسەلەکانی ئەشق نووسراونەتەوە، یەکێ لەو کتێبە گرینگانەی کە باسی مەسەلەکانی ئەشق ئەکات کتێبی – قسەی عاشق – ی نووسەری ناودار رولان بارت ە ، کە تیایا کۆمەڵێک بابەت و فیگەری هێناوەتەوە لە بارەی ئەشق و سەرهەڵدان و مێژوو و کاریگەرییەکانی ئەشق، بەڵام لە ڕوانگەیەکی مۆدێرنی بەهاداردا، ئەم کتێبە فارسییە لە وەرگێڕانی – پەیامی یەزدانجو – ە و لە تاران چاپ کراوە، رولان بارت لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی ئەڵێت – زرورەتی نەخشاندنی ئەو کتێبە، ئەبێ لەو ئەندێشەوە سەرهەڵگرێ، کە ئەمڕۆکە قسەی عاشقەکان قسەی تەنهاییەکی زۆرو لەرادەبەدەرە، ڕەنگە ئەو قسەیە لە سەر زمانی هەزاران هەزار کەسەوە هەڵرژێت، بەڵام کەس مانەوەی ئەم قسەیەی نەگرتۆتە ئەستۆی خۆیەوە ، ئەوەیش قسەیەکە زمانەکانی دەوروبەرمان یەکسەر دایانرشتووەو دایانناوە، قسەیێ کە ئەو زمانانە بە هەندیان هەڵنەگرتووە، خواریان هەژمار کردووەو بە فشەیان وەرگرتووە، لە لاپەڕەکانی دوای ئەو پێشەکییە رولان بارت باس لە چۆنییەتی نووسین و دروست بوونی ئەو کتێبە ئەکات لە بارەی عەشقەوە و ئەڵێت: هەمووشتێ بەسەر ئەو ئەسڵەوە بونیات نراوە کە نابێ عاشق بە مرۆڤێکی تەواو دڵتەنگ

و بەدحاڵ وکەم و کاس دابنێین، عاشق ئەو کەسەیە کە ناواقیعییەت بە دەنگی ئەوەوە ئەبیستین، هەڵبژاردنی ڕەوشێک یا نمایشێک کە چاوی لە نمونەکان پۆشیوە، پشتی بە کرداری زمانێک، نەک زۆر زمان، بەستووە، ئەوەیان لە حاڵی قسەکردنی عاشق لە گەڵ خۆیدا و ئاشقانەش لە گەڵ ئەوانی دیکە – واتە مەعشووق – کە هەرگیز قسە ناکات بەڵکو ڕووبەروو ئەبێتەوە. رولان بارت بۆ قسەکردن لە مەڕ قسەی عاشق کۆمەڵێ دەستەواژە بە کار ئەهێنێ لەوانە – فیگۆر – بە واتاو چەمکی ڕاکردن بۆ ئەملاو ئەولا، ئەڵێت عاشق ناتوانێ ڕزگاری بێت لە شەڕی چاودێری ئەوانی دیکەوە، قسەکانی ئەو واتە عاشق تەنها لە کوڵان و جۆش و خرۆشدا بوونییان هەیە، عاشق لە جۆرێک وەرزشی شێتانەدا پەل ئەکوتێ، وەک وەرزشکارێ خۆی وەقفی ئەم وەرزشە ئەکات، فیگۆر وەک فروید ئەڵێت بە مانای وەهمی قسەکردنە ڕستەیەکی بێ سروتە، وشەیەکی دیکە کە رولان بارت بۆ سازدانی ئەو کتێبە بە کاری ئەهێنێ – ریکخستنە – واتە نەزمە، ئەڵێت فیگۆرەکان بە بێ هیچ ریکخستەیێ دێنە بەر عاشق، نەزمی ئەو فیگۆرانە فەلسەفەی ئەشقە، کەواتە هەر بەمجۆرەیە کە عاشق قسە ئەکات و قسە ئەکات، لە درێژەی کتێبەکەدا رولان بارت باس لە گەلێ بابەتی گرینک ئەکات و نمونەی زۆر لە داستانەکانی عاشقان ئەهێنێتەوە، باس لە مەسەلەکانی نائامادەیی زمان ئەکات، کە ئەو مەعشووقی بۆ ئەم مەبەستە بە غایب داناوە و باس لەوە ئەکات کە عاشق پەرستیاری مەعشووقە، باس لە فارتەرو دیستوویسکی و نیچە و روبسبیرو گەلێ نووسەری دیکە ئەکات و بەم بابەتانەوەیان گرێ ئەدات، دیسان ئەگەڕێتەوە سەر ئازارو ناشوێنی و چاوەڕوانی و تراژیک و دڵ و گەلێ بابەتی دیکە سەبارەت بە عاشق، دواجار رولان بارت ئەڵێت: هەموو ئەندێشەیەک و هەموو هەست پێ کردنێک و هەموو پەیوەندییەک کە عاشق هەیەتی، ئەوە لە جەستەی مەعشوقەوە سەرهەڵئەدات، هەروەها عاشق گوێ ڕایەڵی مەعشووقی خۆیەتی، عاشق ناتوانێ چیرۆکی عەشقی خۆی بنووسێتەوە، زۆر جار عاشق خۆی بە مەحکووم کراو ئەزانێ و هەست ئەکات لە مەعشووق دا فەنا ئەبێت، بۆ عاشق هەموو بینینێکی مەعشووق جەژنێکە، بۆیە زۆر جاران عاشق هەست ئەکات شێتە یا خەریکە شێت ئەبێت. کتێبی گوفتاری عاشق شایانی زیاتر لە خوێندنەوەیەکە چونکە رولان بارت بە نووسینی ئەم کتێبە تەواوی فەلسەفەی نووسینی خۆی جێئەهێڵێ و ئەچێتەوە سەر باسێک کە کەمتر لە نووسینەکانی دیکەی خۆیدا بەلایدا چووە، ئەو باسی لە نووسین و زمان و ئەفسانە کردووە، باسی لە

حاڵەتەكانی نووسین كردووە، بەڵام لەم كتێبەدا باسی عەشق و عاشق ئەكات و بۆ هەر بابەتێك نموونەی بە كۆمەڵێك نووسەر هێناوەتەوە، ئەم كتێبە بریتیە لە ١٣٩ لاپەڕەی مام ناوەندی ، ئەو دەستەواژەو وشانەی كە ئەو هەڵیبژاردوون بۆ باسكردنی عەشق و عاشق و مەعشووق بریتین لە سەرە بابەتی وەك: شڵەژان، چاوەڕوانی، شاردنەوە، دڵسووتان، پەیبردن، جەستە و نووسین، ئاوارەیی و باوەش، نەفی كردن شێتی و نارەحەتی، بێدەنگی و شەو و گریان و دۆراندنی دڵ و بێداری و خۆكوژی و میهرەبانی، لە گەڵ باسكردنی گەلێ بابەتی دیكە. هەلبەت رولان بارت بۆ نووسینی ئەم كتێبە سوودی لە گەلێ لە نووسەرە ناودارکانی جیهان و فەیلەسووفان وەرگرتووە، لەوانە كتێبی ئازارەكانی فارتەری گوتێ و ئەندێشەی میتافیزیكی سبینۆزاو ستاندال و خوانی ئەفلاتون و فرۆید و جورج باتای لە كتێبی چاوی سنەوبەر عاشقی درۆزن ی بەلزاك برایانی كارامازوف شیعری ئاشقانەی عەرەبەكان و گەلێ نووسەری دیكە.

## ناوەرۆک


بەشی یەکەم - ئەزموونی نووسینی شیعرەکانم ١٩٨٠ - ٢٠١٥ ل٧

بەشی دووەم کارکردن لە ناو ئەدەبی جیهانیدا ل ٦٥

بەشی سێیەم - دیدو دیدگام دەربارەی شیعر ل ٨٧